# دەرمانی عیشق



دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی

زنجیرەی رۆشنبیری

*

**خاوەنی ئیمتیاز: شەوکەت شێخ یەزدین**

**سەرنووسەر: بەدران ئەحمەد حەبیب**

* * *

ناوونیشان: دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس، گەڕەکی خانزاد، هەولێر

# دەرمانی عیشق

کۆکردنەوە و داڕشتنەوەی

Birthe Kirknas

وەرگێڕانی لە دانیمارکییەوە

**محەمەد فەریق حەسەن**



کتێب: دەرمانی عیشق
کۆکردنەوە و داڕشتنەوەی: Birthe Kirknas
وەرگێڕانی لە دانیمارکییەوە: محەمەد فەریق حەسەن
بڵاوکراوەی ئاراس- ژمارە: ٤٢٥
دەرهێنانی هونەریی ناوەوە: ئاراس ئەکرەم
هەڵەگری: جەلال ئەلیاس
سەرپەرشتیی چاپ: ئاوڕەحمانی حاجی مەحموود
چاپی یەکەم، هەولێر- ٢٠٠٦
لە کتێبخانەی گشتیی هەولێر ژمارە (٢١٢)ی ساڵی ٢٠٠٥ی دراوەتێ

## سەرەتایەک بۆ بیست و دوو ئەفسانە و حیکایەت

هەتا بەچاوی خۆم نەمدی بڕوام بەو وتەیەی (د. محسن جاسم الموسوی..) نەکرد، کە نووسیبووی: «لە ئەوروپا دوای ئینجیل نۆرە دێتەسەر کتێبی هەزار و یەکشەوە» لەم دەروازەیەوە دەمەوێ جەخت لەسەر حیکایەت بەهەموو جۆرەکانییەوە بکەم، کە لێرە بازاڕێکی گەرمی هەیە و بەردەوام چاپ دەکرێتەوە.

لێرە لە بازاڕەکاندا، لە پاڵ کاڵای هەمەجۆردا کتێبیش دادەنرێ و بەشێکی بەرچاویش لەو کتێبانە حیکایەتن، لە بەرگی نایابدا و بەکاغەزی گرانبەها و وێنەی ڕەنگاوڕەنگ چاپکراون. ئەم گرنگی پێدانەش دەبێتە هۆی دەوڵەمەند بوونی کلتووری نیشتمانی.

لێرە تیپی شانۆیی هەن، بەهاوینان کار و پیشەیان ئەوەیە لە هەوای کراوەدا، ئەم حیکایەتانە وەک خۆیان، لە بەرگی شانۆییدا پێشکەش بەبینەرانی پارک و سەیرانگەکان بکەن. خەڵکی گەڕیدە و سەیرانکەریش بەشەوق و زەوقەوە، بێدەنگ گوێ دەگرن و چێژی لێدوەردەگرن، بەتایبەتی حیکایەتەکانی هان کریستیان ئەندەرسن.

هەر کەسێ بگری دەیان حکایەت و ئەفسانەی لەبەرە. کاتێ منداڵ بووە دایک و باوکی بۆیان گێڕاوەتەوە. ئێستا ئەمانیش بۆ نەوەکانی خۆیان دەگێڕنەوە. لێرەشەوە هەستی نیشتمانی لەلای منداڵ دروست دەبێ. لێرە لە باخچەی ساوایانەوە گێڕانەوەی ئەفسانە دەست پێدەکات.

لە قوتابخانەشدا هۆیەکە بۆ گەشەپێدانی خەیاڵی داهێنەرانە و منداڵ دەخاتە سەر ڕێگەی بیرکردنەوە. ئەوەش لەولاوە بوەستێ کە بابەتێکی لەبارە بۆ فێربوونی زمان.

هەندێ لە نووسەرانی ئەوروپا پەڕیونەتەوە خۆرهەڵات و لەوێش عەجیب



دەستانێکیان هەبووە لە کۆکردنەوە و ساخکردنەوە و وەرگێڕانیاندا بۆ سەر زمانەکانی خۆیان. ئەمەشیان بەنیازی دەوڵەمەندکردنی کلتووری خۆیان کردووە. «بیرتە کیرکنێس»ی کۆکەرەوەی ئەم کۆمەڵە حیکایەتە نموونەیەکە لەو نووسەرانە.

بیرتە، ئەم کۆمەڵە حیکایەتەی ناوناوە (Hadithi) کە وشەیەکی سواحیلی- یەو هەموو جۆرە حیکایەتێک لەمیللییەوە بۆ حیکایەتی گیانداران تا دەگاتە خورافە و ئەفسانە دەگرێتەوە. دوای چاپکردنی بەدانیمارکی ئەمجا بەپشتیوانیی یۆنسکۆ بەسواحیلی لە تانزانیا چاپکراوە. بەڵام من ناوی (دەرمانی عیشق)م لێناوە کە یەکێکە لەحیکایەتەکان.

ژمارەی حیکایەتەکانیش (31) دانەبوون. من (22) دانەیانم گۆڕیوە.

کەواتە تاکو ئێستا ئەم کۆمەڵە حیکایەتە بەسێ زمان بڵاوکراوەتەوە:

دانیمارکی، سواحیلی و کوردی.

نایەتە یادم پێشتر ئەفسانەکانی ئەفریقا کرابن بەکوردی. ئومێد دەکەم ئەمە هەنگاوێک بێت بۆ چوونە نێو جیهانی سەیر و سەمەرە و کلتووری تابلێیی دەوڵەمەندی ئەفریقاوە.

دەکرێ ئەم بەرهەمە بەنموونەی حیکایەت و ئەفسانەکانی ئەفریقا دابنێین. چونکە لە تانزانیادا کە زمانی نیشتمانی سواحیلییە، پتر لە (120) گروپی ئیتنی بەکلتووری جیاوازیانەوە دەژین. ئەمانە خاوەنی زمان و تایبەتمەندیی خۆیانن و نەوەدونۆ لەسەدی دانیشتوانەکەی پێکدێنن و یەک لەسەدیشی بریتییە لە هیندی، ئەوروپایی و عارەب.

وەک ئایین، 45 لەسەدی دانیشتوانی مەسیحین و 35 لەسەدی موسڵمانن و ئەوەیشی مایەوە تێکەڵن لە هیند و گەلێ بڕوای ئایینی دیکە.

## پێشەکی

ئەم چیرۆکانەی بەردەستت، هەڵبژاردەیەکی کەمن لەو ژمارە زۆرەی بیستوومن و لەماوەی چەند جارێک مانەوەمدا لە تانزانیا (Tanzania) کومکردوونەتەوە.

چیرۆکەکان لە ناوچە جیاجیاکانی وڵاتەکە کۆکراونەتەوە. گێڕانەوەیان بەزمانێکی ناوچەیی یاخود سواحیلی (Swahili) بووە، کە زمانی نیشتمانییە.

ئەم بابەتانە دەماودەم هاتوون. بۆیە منیش هەوڵم لەگەڵداون لەکاتی تۆمارکردنیاندا مۆرکی تایبەت بەخۆیان بپارێزم. نەمویستووە ئامادەیان بکەم یان بەشێوەیەک ناوەڕۆکیان بگونجێنم پەیڕەوی ئەدەبێکی ستاندارد بکات.

ئەم کۆکردنەوەیە بەساڵانێکی زۆر و لەکاتی جیاجیادا ئەنجامدراوە. من لە کاتی ئەم پرۆسەیەدا، لەگەڵ ژمارەیەکی زۆر دۆستی تانزانیاییدا کارم کردووە. وەک بڵێی بەلامەوە گرنگ بووە ئەم هەقایەتانە بپارێزم، کە بەڕادەیەکی زۆر ڕەنگدانەوەی ڕاستەقینەی داب و نەریت و ڕێوڕەسمی ئەفریقاییەکانە.

زۆر سوپاسگوزاری هەموو ئەو حیکایەتخوانانەم کە بەخشندە و دڵئاوا کتێبخانەکانی ناخی خۆیانیان لەگەڵدا بەشکردم.

ئیتنۆگرافکار (جۆن ویمبا- ڕەشید) لە مۆزەخانەی نیشتمانیی دار و سەلام، کە زۆر بەهیمەت و سروش بەخش بوو.

لە دەڤەری دەریاچەی ڤیکتۆریا-ش (Joachim M. Noqko)، بۆ



بیرتە، کۆکەرەوە و ساخکەرەوەی ئەم برە حیکایەتە، بۆ ئەوەی مۆرکی ئەو کۆمەڵگەیە، بەداب و نەریت و پۆشاک و خواردن و سرووتیانەوە بپارێزێ، هاتووە هەندێ وشەی وەرنەگێڕاوەتە سەر دانیمارکی، وەک (Hadithi)ی ناونیشانی بەرهەمەکە، کە پێشتر ئاماژەم پێدا. ناوی چەک و چۆڵی سەرەتایی تایبەت بەئەفریقا وەک (پانگا)، یان چێشتی (ئوگالی) و پۆشاکی (خانگا)و... هتد. لێ خوێنەر بەسەلیقەی خۆی لێیان تێدەگات و پێویستییان بەڕوونکردنەوە نییە.

تانزانیا کەوتۆتە کەناری خۆرهەڵاتی ئەفریقاوە. ڕووبەرەکەی (945,100) کیلۆمەتر دووجایە و بەپێی دوا سەرژمێر، حەشیمەتەکەی (30,608,769) کەسە و هەر کیلۆمەتر دووجایەک (32) کەسی بەردەکەوێ.

داروسەلام-ی پایتەختی ساڵی (1860) بۆ حەسانەوەی سوڵتانی زانزیبار (Zanzbar) بنیات نراوە.

لەم حیکایەتانەدا پەخشان و شیعر و پەند بەناو یەکدا چوون. هەر هەقایەتێک ڕووداوێک دەگێڕێتەوە کە مەبەستی ئامۆژگارییە و دەرس وەرگرتن.

بەڵام لە قاڵبی حیکایەتدا نەک ڕاستەوخۆ. حیکایەتەکانیش تا بڵێی سەرنج ڕاکێشن و ئارەزووی خوێندنەوە لە لای خوێنەر دەجووڵێنن.

تەواو لەباریشن بۆ ئەوەی ببنە کەرەستەی خاو بۆ نووسینی شانۆ و بەرهەمی تەلەفزیۆنی بۆ منداڵان.

محەمەد فەریق حەسەن
کۆپنهاگن

پێوەندیی بەستن لەگەڵ حیکایەتخوانەکاندا یارمەتیدەرم بوو. هەر خۆیشی لەکاتی وەرگێڕانی حیکایەتەکاندا لەزمانی ناوچەییەوە بۆ سواحیلی یاخود بۆ ئینگلیزی زەحمەتی دەکێشاو بڕیاری گرنگ و یەکلایی کەرەوەی دەدا.

لە هەمان دەڤەر (داڤید ماکس) لە وەرگێڕاندا یارمەتی دەدام.

لە دانیمارک، لە لایەن (عەلی حەیدەر ساڵح و حەسەن مبامبا)وە، کە هەردووکیان خەڵکی زانزیبارن (Zanzibar) هاوکاریی کراوم.

لە ماوەی بەجێگەیاندنی کارەکەدا، وێنەگر و کۆمەڵناس (Jesper Kir-knas) چ لە دانیمارک و چ لە تانزانیا، گرنگترین هاوکار و یارمەتیدەرم بووە.

لەسەرەتاوە ئامانجی سەرەکیم ئەوەبوو، ئەم هەقایەتانە لە شێوەی کتێبدا بگەڕێنەوە بۆ تانزانیا. ئەم ئاواتەشم یۆنسکۆ هێنایەدی و پشتگیریی لە وەرگێڕانە سواحیلییەکەی کرد.

کلتووری سواحیلی لە ئۆقیانووسی هیندیدا:

یەکەمین نووسینێک باس لە گەشت و گەڕانی کەنارەکانی خۆرهەڵاتی ئەفریقا بکات، بۆ نزیکەی (٥٠٠ پ.ز) و مێژوونووسی یۆنانی هیرۆدۆت دەگەڕێتەوە.

بازرگانێکی دیکەی یۆنانی بەناوی (پیریپلوس)، ساڵانێکی زۆر لە نێوان هیندستان و نیمچە دورگەی عەرەب و ئەفریقادا کەشتیرانی کردووە.

سەد ساڵ پاش لە دایک بوونی عیسا، هەموو ئەو شوێنانەی لە کەناری خۆرهەڵاتی ئەفریقادا سەری لێداون وەسف کردووە و بەئازانیا (Azania) ناوی بردوون.

زۆر لەو شارانەی ئەو ناوی هێناون و سەری لێداون، ئەمڕۆ نەماون و لەبەین چوون. بەڵام بەباس و وەسف کردنەکانیدا دەردەکەوێ، لەوانەیە



مەبەستی کەنارەکانی کینیاو تانزانیا بێ.

کاتێ (ڤاسکۆ دی گاما)، ساڵی 1497–1498 لەگەشتەکەیدا بەرە و هیندستان بەڕێگەی سەر لوتکەی هیوادا، بەدەوری زانزیباردا سووڕاوەتەوە. لەو دەمەدا (مۆگادیشۆ، لامو، مۆمباسا، کیلوا، سۆفالا) شار گەلێکی ئاوەدان بوون و بەپێوەندیی بازرگانی، بەهەموو خۆرهەڵاتی ناڤین و هیندستان و چین-ەوە بەسترابوونەوە. هەر لەمیانەی بازرگانیشەوە بووە کلتوورەکان ئاڵ و گۆڕ بوون و لەسەر تەختی کەشتییە بازرگانییەکان زۆر هەقایەت هاتوونەتە گێڕانەوە.

لەو سەدەیەدا کە (سوندباد)ی دەریاوان بەسواری کەشتییەکەیەوە، لە ڕێگەی سووڕانەوەی ئەستێرەکانەوە توانی ڕێبەریی بکات و بگاتە ئۆقیانووسی هیند، سواحیلی گەشەی سەند و چووە پێشەوە. لە ماوەی پێوەندیی چەند سەد ساڵەیدا، تاکو ئێستاش، بەدرێژایی هەموو کەناری خۆرهەڵاتی ئەفریقا و هەموو (دورگەکانی کۆمۆر، مادە گەشکار، کینیا، ئۆگاندا، تانزانیا، زائیر و زامبیا) گفتوگۆی پێ دەکرێ.

*Birthe Kirknas*

## بەسەرهاتی سابیتاو واندێما

سابیتاو واندێما دەچوونەوە سەر هەمان بنەماڵە، چونکە ئەو دووانە خاڵۆزا و پوورزا بوون. واندێما حەوت ساڵ دوای سابیتا هاتبووە دنیاوە.

ئەو ڕۆژەی واندێما هاتە دنیاوە پەرجوویەک ڕوویدا، پێشتر هیچ کام لە بەتەمەنترینی ئەو خێڵە نەیاندیبوو.

سابیتای حەوت ساڵان زۆر شت فێربوو بوو. باشترینی ئەو شتانەی فێریان بوو بوو، ئەمانەبوون، کاتی گەورەکان پێکەوە دەدوێن، دەبێ ئەو گوێ بگرێ. کاتێ سکی پووریشی بەهەڵتۆقیوی دی دەیزانی هۆی ئەو هەڵتۆقینە بۆ زیادەخۆری لە ئوگالیدا (uqali) ناگەڕێتەوە. بەڵکو لەسۆنگەی ئەوەوەیە، پووری دووگیانە. لە گفتوگۆکاندا ئەوەش تێگەیشت، پووری مانگی خۆیەتی و بەم نزیکانە ساوایەک دێتە دنیاوە... بەلای سابیتای منداڵەوە، هاتنی ئەم کۆرپە نوێیە، دیاردەیەکی سەرنج ڕاکێش بوو. بەردەوام بیری لێ دەکردەوە. حەزیشی لێبوو بەچاوی خۆی ببینێ ساوا چۆن دێتە دنیاوە.

لەو ڕۆژەوە لە گوند دوورنەکەوتەوە. بەڵکو هەردەم بەدەوروپشتی ماڵی پووریدا دەخولایەوە.

ڕۆژێکیان چەند ژنێکی دی چووبوونە ژێر باڵی پووری و بەرە و شوێنی تایبەت بەمنداڵبوون دەیانبرد.



ئیدی سابیتا بەپەلە پرووزێ شێوی کرد و بێ ئەوەی کەس پێ بزانێ خۆی گەیاندە شوێنی مەبەست. لەوێ بێ خشپە بەسەر کەڵەکە بەردێکدا دزەی کرد و توانی سەربکەوێتە سەربانێک... ئاگرێک لە ژووری منداڵ بوونەکەدا کرابۆوە.

بۆیە دەیتوانی بەڕوونی پووری ببینێ. لەوێ بێدەنگ لێی دانیشت و چاوەڕوان بوو. ئەگەرچی زۆریش شەکەت و خەواڵوو بوو، لێ توانی خۆی ڕابگرێ و تاشە و دوولایی دەبێ بەبێداری بمێنێتەوە. لەوێ لە حەشارگەکەی خۆیەوە، دیتی پووری کچێکی بچکۆڵەی بوو.

ئەگەرچی مێشولە تەواو بێزاریان کردبوو، بەڵام ورتەی لە خۆی بڕیبوو، چونکە ترسی ئەوەی هەبوو مامانەکە و ئەو پیرەژنانەی یارمەتیی پووریان دەدا، کاتێ لەسەر کاسە بوو، پێی بزانن.

ئەوان ئەوەندە ماندووبوون زوو چاویان چووە خەو. سابیتاش هەروەها شەکەت بوو. بەڵام لەودەمەدا کە ئەم بەنیاز بوو لە بانەکە دابەزێ، هەموو ماڵەکە بەگڕمەیەکی ترسناک هاتە لەرزین و بەدوایدا ڕووناکییەکی پڕشنگدار درەوشایەوە!

لەنێو شریخەی چەخماخە ڕۆشنەکەدا شێوەی ڕیش ماش و برنجێکی دی.

ئەوە گیانێک بوو، هەمیشە لەو دەمانەدا دەردەکەوت کە کۆرپە لە دایک دەبن.

سابیتا ئەو گیانەی بینی، لە مەلۆتکەکە نزیک بۆوە و بەدەنگی بەرز وتی:

«تۆ ئەی ساوای تازە لە دایک بوو، چاوەکانت بنووقێنە. من سەبارەت بەچارەنووسی تۆ قسان دەکەم کە خواوەند پێشتر بڕیاری لەسەر داوە!

تۆ ئەمڕۆ هاتوویتە دنیاوە. لە ژینگەیەکی کامەراندا گەورە دەبیت و

گەشە دەکەی. کاتێ عازەب بووی شوو دەکەی. بەڵام دەبێ ئەوە بزانی، ماوەیەکی کورت دوای زەماوەندەکە دەمری!... یەکەم ساڵی ژیانی ژنێتیت کێڵگەکەت دەچێنی. بەڵام بۆ ساڵی دادێ گامێشێک دەتکوژێ.

ئەو گیانداره وەنەبێ گامێشێکی ئاسایی بێ، ئەوە لەلایەن خواوەندەوە نێرراوە تاکو بتکوژێ!»

گیانەکە ئەم قسانەی بەگوێی ساواکەدا دا، لەکاتێکدا پیرەژنەکان و دایکەکەش لە شیرین خەودا بوون. تەنیا سابیتا پەیامەکەی بیست و تێی گەیشت.

سابیتا لەسەربانەکە دابەزی و بێدەنگ ماڵەکەی جێهێشت.

کاتێ بۆ بەیانی ژنەکان بەئاگاهاتن دیتییان سابیتا لە دەوروبەری ماڵی خۆیان بەرچایی دەخوات. بانگیان کرد:

«سابیتا! سابیتا!. وەرە ئەم کیژە ساوایە ببینە کە پوورت بوویەتی.

ئەم کچە دەبێتە دەزگیرانت!»

سابیتا چووە ژوورەوە، زەردەخەنەیەکی سەرسووڕمان لەسەر لێوی بوو، وەک هەر نەشیزانیبێ دوێنێ شەو چی ڕوویداوە.

هەرکە پیرەژنەکان ماڵەکەیان جێهێشت سابیتا بەپووری وت، ئەو منداڵە دەبێتە خێزانی ئەم، بۆیە نابێ بەتەمای کەسی دیکە بێ. ساڵانەش ئەم داوایەی دووبارە دەکردەوە...

واندێما لەگەڵ چوونە پێشەوە تەمەندا گەورەبوو، مەیلی بەسابیتادا و یەکدییان خۆشویست.

لەو سەردەمەدا سابیتا شارەزاییەکی چاکی لە ڕاوشکاردا پەیدا کرد. ئەو بەردەوام لە بەکارهێنانی تیروکەواندا دەرسی وەردەگرت و مەشقی لەسەر دەکرد. لەم کارەدا بەڕادەیەک مەعلان بوو، بووە جێی سەرسامیی



هەڤاڵانی. کام گیاندارەی خۆشبەزە لەتیری سابیتا ڕزگاری نەدەبوو. ئەو نەک هەر تیرئەندازێکی کارامە بوو بەتەنێ، بەڵکو خۆیشی تیروکەوانەکانی دروست دەکرد.

بەهەڤاڵەکانی وتبوو ئەم ئارەزووەی بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە، کە مەبەستێتی ببێتە باشترین نێچیرەوان، تاکو بتوانێ کۆمەکی گوندەکەی بکات.

چەندین شێر و پڵنگ و فیلی کوشت. خەڵکی گوندییش زۆریان کەیف پێدەهات، چونکە گوشتێکی زۆری بۆ پەیدا دەکردن. لەهەمان کاتدا لە پارێزگاریی کێڵگەکانیاندا دژی دڕندەی کێوی، کە دەغڵ و دان و خەڵە و خەرمانیانی دەفەوتاند هاوکاریی دەکردن.

کاتێ واندێما دەستە عازەب بوو. ئاهەنگی سەمایان بۆ سازدا. ئیدی دوای ئەوە دەبوایە لە ماڵ دەرنەچێت تا وادەی شوکردنی دێت. ئەوساش زەماوەندی بۆ ساز دەکرێ و دەگوێزرێتەوە. ئەمەش دوو ساڵ دەخایێنێ.

ئەو ڕۆژەی لە ماڵ دێتەدەر، ئاهەنگێکی گەورەی نگۆما (Nqoma) چێدەکرێ و ئیدی دوای ئەوە ئەو دووانە دەبنە هاوسەر... سابیتا و واندێما بوونە هاوسەر. ساڵی یەکەم کێڵگەیەکی گەورەیان چاندو دەغلودانێکی زۆریان بەرهەم هێنا دوای دروێنە سابیتا لە ناوەڕاستی کێڵگەکەیاندا خانوویەکی گەورەی بنیات نا. خانووەکە لەسەر کۆمەڵێک پایە بنیات نرا، تاکو بەهۆی پەیژەوە بۆی سەر بکەون.

زوو خانوو تەواو بوو. ئیدی دەستووری بەواندێما دا، کە دەبێ لەمە و دوا لەوێ نیشتەجێ بێت و سەر لەماڵ دەرنەهێنێ.

سابیتا دەبوایە خۆی مشووری چیلکەوداری سووتاندن و ئاو و پێویستیی دیکەی ماڵ بخوات، کە لە بنەڕەتدا ئەوانە ئەرکی کەیبانۆی ماڵن.

بۆیە خەڵکی کەوتنە پاشملە وتنی سابیتا، گوایە ئەو، ژنەکەی خۆی لە

ماڵە سەیر و سەمەرەکەیدا زیندانیی کردووە.

بەڵام سابیتا گوێی بەقسەوقسەڵۆکان نەدەدا. ئەو لەسەر نەخشەی خۆی بەردەوام بوو، هەروەک ژنەکەشی بەناچاری بەو ژیانە قایل بوو. بێ ئەوەی پرسیار بکات تا ساڵی داهاتوو لە ژوورەوە مایەوە، تا ئەوکاتەی کێڵگەکەیان پێویستی بەپاس کردن لە دڕندەی کێوی و بەسەرۆکاری دەبێ.

سابیتا بەردەوام بیر و هۆشی لەلای چارەنووسی ژنەکەی بوو، چونکە ڕۆژگار دەچووە پێش و لەگەڵیدا ئەجەلی پێشبینی کراوی ژنەکەشی دەهاتە پێش. هەردەم بەتیروکەوانەکەیەوە، تەیار و ئامادەباش بوو.

ژنەکەشی تێگەیاندبوو، کە سەرەڕای ئەوەی ئەم بەردەوام لەگەڵ ئەم یان ئەو گیانداری کێویدا لەبەرەنگاریدایە، لەگەڵ ئەوەشدا دەبێ زۆر ئاگاداری خۆی بێت و بەهیچ کلۆجێک لە ماڵەکەی نەیەتەخوار، تا مۆڵەتی لێ وەرنەگرێ.

دوای نیوەڕۆیەک: گامێشیک بەپڕتاو خۆی بەکێڵگەکەی سابیتادا کرد. گوێی لێبوو خەڵک هاواریان دەکرد:

«گامێش هات! گامێش هات!» سابیتا تەواو ئامادە بوو. ئەو تەنیا ترسی لەواندێما هەبوو. فرمانی پێدا. دەبێ لەسەرەوە، لە ماڵەوە بمێنێتەوە و نەجووڵێ. کاتێ گامێشەکە لە پەیژەی خانووەکە نزیک کەوتەوە، لە لایەن سابیتاوە تیرێکی هەواڵە کرا... بەڵام تیری یەکەم ئەوەندە کارێگەر نەبوو پەکی بخات. گامێشی تاین، لە پێکوتە و سووڕانەوە بەدەوری خانووەکەدا بەردەوام بوو.

تیرێکی دی گامێشەکەی پێکا. نەخێر تیری دیکەشی بەرکەوت. بەڵکو چوار تیر گامێشەکەی پێکاو ئیدی لە پەل و پۆ کەوت. تەختی زەوی بوو، گیانی دەرچوو.

کرا بەقریوە و هات و هاوار و خەڵک ئاگادار کران. ئەمجا داوای لە



واندێما کرد کە بۆی هەیە بێتە خوارەوە و بەچاوی خۆی ئەو گامێشە زلحۆرتە ببینێ. بەڵام لەپێشدا گاکەیان کەوڵ و پارچەپارچە کرد ئەوجا بواریان دایە بێتە سەیری.

ئەمجا سابیتا لەنووکەوە تا بەم کاتە دەگات، دەستی بەگێڕانەوەی چیرۆکەکەی کرد. خەڵکەکەش لەسەر بەتەنگەوبوون و زیرەکییەکەی ستایشیان کرد...

کاتێ بەتەواوی لەگێڕانەوەی چیرۆکەکە بۆوە و گەیشتە دوا وشە، ئەمجا ماوەی بەواندێمای خێزانی دا، دابەزێتە خوارەوە و کەللەی گامێشەکە ببینێ، کە لەو گۆڕە، لە بەردەم پەیژەکەدا فڕێدرابوو.

بەڵام لەو دەمەدا کە ئەو خەریکی دابەزین بوو، لەپڕێکدا باڵەکانی بەشێوەیەکی سەیر سست بوون و هێزیان لێبڕا. واندێما وزە و توانای نەما و لەو بەرزاییەوە بەربووەوە. لە بەربوونەوەدا ڕێک کەوت بەسەر کەللەی گامێشەکەدا و یەکێ لە قۆچە درێژەکانی، سینگی کون کرد و ڕێک چەقییە دڵی واندێما و لەجێی خۆیدا گیانی دەرچوو!

سابیتای چارەڕەشیش دوای ئەم کارەساتە سوێی بووەوە و مرد. ئەم هەر چی لە دەستەڵاتیدا بوو، لەپێناوی ڕزگارکردنی خێزانەکەیدا کردی. بەڵام لەوەش حاڵیبوو، کە مرۆڤ هەرچییەک بکات ناتوانێ خۆی لە چارەنووس ڕزگار بکات.

*گێڕانەوەی: Mtumwa Mwinyimbequ*

# فیل و کەروێشک

هەبوو نەبوو، فیلێک و کەروێشکێک هەبوون. فیلەکە شامبایەکی (Shamba) هەبوو. ئەم فیلە شامباکەی بەخۆشترین چەوەنەری شەکر چاندبوو.

بەیانییەکیان خاتو کەروێشک خۆی بەشامباکەی فیلدا کرد. لەپڕ و لەڕادەبەدەر دڵی چووە سەر چەوەنەر و حەزی کرد لێی بخوات... لەڕێی گەڕانەوەیدا بۆ ماڵ بیری لێکردەوە چۆن بتوانێ چەنەوەری دەست بکەوێ... کە گەیشتە ماڵ باسی ئەو چەوەنەرە دڵفڕێن و ناسکانەی بۆ مێردەکەی گێڕایەوە، کە لە شامباکەی فیلدا ڕووابوون. ئەویش پرسی:

«بەڕاستی حەزت لە چەوەنەری شەکرە؟... زۆر چاکە، من بۆت پەیدا دەکەم! ئەو پانگا (Panga) گەورەیەم بدەرێ و هەقت نەبێ، بزانە چۆن چەند دانەیەکت بۆ دێنمەوە!»

کاتێ کەروێشک گەیشتە شامباکە، دیتی خاو خێزانی فیل لەوێن. هەم کاردەکەن و هەم پاسی کێڵگەکەیان دەکەن. چەوەندەرەکان تازەکی پێگەیشتبوون... کەروێشک هیچ ڕووی نەدانێ و بەسەر خۆشیدا نەهێنا یەکسەر خۆی پێدا کردو کەوتە چنین و لەت و پەت کردنی چەوەنەوەکان. خێزانی فیل ناڕەزاییان دەربڕی:

«کەروێشک ئەوە خەریکی چیت؟ تۆ بۆت نییە چەوەنەری فیل لەگەڵ خۆتا ببەی!»



بەڵام کەروێشک وەڵامیدایەوە:

«ئاگات لەخۆت بێ!... ئەمە زەویی منەو فیل بۆ من کار دەکات. ئەگەر گلەییشی هەیە، ئەوا پێی بڵێ، ئەوەی دەیبەم بەشی خۆمە!»

کەروێشک گەڕایەوە ماڵ. بڕێک لە چەوەنەری شامباکەشی لەگەڵ خۆیدا برد و دایە دەست ژنەکەی. ئەویش دەم و دەست، بەتاسوقەوە کەوتە داکرماندن و چێژ لێ وەرگرتنی.

دوای دوو ڕۆژ، فیل بۆ بینینی شامباکەی هات. خێزانەکەی بۆی گێڕایەوە چۆن کەروێشک هاتووە و بڕیکی زۆر چەوەنەری شەکری لەگەڵ خۆی بردووە. کاتێ ئەم ویستوویەتی بیوەستێنێ، ئەو پێی لەسەر ئەوە داگرتووە کە زەوی زەویی خۆیەتی.

فیل سەری لەم کارە سووڕما و وتی:

«بۆچی ئەم کەروێشکە هەمیشە بەم شێوەیە ناپاکانە ڕەفتار دەکات؟» بڕیاری دا بچێتە سەردانی تاکو هۆی ئەم کارەی بۆ ڕوون بکاتەوە.

ئەوان یەکیان دیت. بەڵام کەروێشک هیچ بەڵگە و ڕوونکردنەوەیەکی پێنەبوو بیسەلمێنێ کە ئەو شامبایە لەبنەڕەتدا زەویی ئەوە!... ئیدی فیل پەست بوو وتی:

«لەوە دەچێ شێت بووبی!... تۆش وەک من چاک دەزانی کە ئەمە زەویی منەو مافی تۆی پێوەی نییە!»

بەم شێوەیە وتوێژ تا کاتێکی درەنگ درێژەی کێشا. لە کۆتاییدا فیل پێشنیازی کۆبوونەوەیەکی گشتیی بۆ هەموو دراوسێکانی کرد. تا هەموو لایەک پێکەوە بڕیار بدەن کێ خاوەنی ڕاستەقینەی کێڵگەکەیە.

ئیدی هەموو دراوسێکان، شێر، زەڕافە، کەرکەدەن، کەمتیار، کیسەڵ و کەرەکێوی هاتن... کۆبوونەوەکە لە سای سێبەری درامانگۆیەکی گەورەدا

بەرێوەچوو. لەدەستپێکی کۆبوونەوەکەدا فیل وتارێکی سەبارەت بەڕووداوەکە دا... بەم وتانەش کۆتایی پێهێنا:

«هەمووتان دەزانن کە من ئەم زەوییەم چاندووە!»

ئەمجا وەک نەریتی باو بەتەمەنترینی ئامادەبووان سەری قسەی دامەزراند و لە کەروێشکی پرسی داخۆ پشتیوانی لە قسەکانی فیل دەکات؟.

لێرەدا کەروێشک وتی، ئەو زۆر سەری لەقسەکانی فیل سوورماوە و بەلاشییەوە سەیرە چۆن ئامادەبووان لەوە بێ ئاگان کە ئەو زەوییە هی خۆیەتی مافی فیلی بەسەرەوە نییە!

گوێگران تاساوانە بۆ کەروێشکیان ڕوانی و وتیان:

«ئەوی ئێمە دەیزانین ئەم زەوییە موڵکی فیلە. تۆ ئەی کەروێشک درۆزنیت و شایانی ئەوەیت سزا بدرێت!»

ئەمجا کەروێشک وەڵامیدایەوە:

«بمبوورن گەورەکانم. وا دیارە هەر هەمووتان پشتیوانی لەفیل دەکەن.

دڵنیام ئەمەش لەو سۆنگەیەوەیە، کە فیل چەتەوڵ و بەهێزە. بەڵام لە بیرتان نەچێت ئێمە هەموومان بەندەی خواوەندین، ئەگەرچی بڕوام وایە من لە ئێوە ناچم. من پێشنیاز دەکەم ئەم کۆبوونەوەیە هەتا سبەی دوابخرێ. بێگومان من لەم کێشەیەدا شایەتم هەیە. شایەتەکەشم خودی خواوەندە، وەک خۆتان دەزانن لەکلۆرێکی ئەم درەختەدا ماڵی خۆی هەیە. هەر ئەو دەتوانێ بڕیار بدات کاممان بەڕاستی خاوەنی زەوییەکەین!»

هەموویان لەسەر ئەوە کۆک بوون پێشنیازەکەی کەروێشک ڕەت نەکەنەوە. بڕیاریان دا، سەر لە بەیانیی ڕۆژی دادێ، لەهەمان شوێن درێژە بەکۆبوونەوەکەیان بدەن.



بەڵام کەروێشک زۆر زان بوو!... گەڕایەوە ماڵ و بەژنەکەی وت:

«ژنە خۆشەویستەکەم!... هەموو گیانداران لەسەر ئەوەی چەوەنەری شەکرم بۆ دزیوی لێم تووڕەن. تۆ دەبێ یارمەتیم بدەی، دەنا هەردووکمان تێدادەچین!»

ژنەکەی وەڵامیدایەوە: «بێگومان یارمەتیت دەدەم!... پێم بڵێ بزانم چیبکەم!»

«تۆ دەبێ کاتێ تاریک داهات بچیت لە کەلێنێکی دارمانگۆکەدا خۆت بشاریتەوە. هەر کە کۆبوونەوەکە گرێدرا من لێت دەپرسم، کێ خاوەنی ڕاستەقینەی کێڵگەکەیە. تۆش دەبێ بەدەنگێکی گڕ وەڵام بدەیتەوە: هی کەروێشکە:»

کاتێ گیانداران بۆ بەیانیی داهاتوو لەسای سێبەری چڕی درەختەکەدا یەکیان گرت ئیدی کۆبوونەوەکە دەستی پێکرد... خێرا کەروێشک لە لەخواوەندی بیرتیژ، کە لەهەموو جێیەک ئامادەیە پاڕایەوە تاکو بڕیاری کۆتایی خۆی بدات، هەموویان بەسەرسامییەوە وەڵامی خواوەندیان بیست:

«ئێوە بۆچی دژی کەروێشکن؟ ئایا لەبەرئەوەیە، لەهەمووتان گچکەتر و بێهێزترە؟ من وەک پەروەردگار دەزانم کە زەوییەکە موڵکی کەروێشکە و هی فیل نییە. ئێوە هەمووتان لایەنگری فیلن، چونکە زەبەلاح و بەهێزە. ئەگەر ئێوە لەسەر ئەم هەڵوێستە چەوتەتان پێدابگرن ئەوا هەمووتان لەجێدا دەمرێنم!»

لەو دەمەدا کە گیانداران سەرگەرمی گفتوگۆ بوون لەسەر ئەوەی داخۆ چ سزایەک شایانی فیلە درۆزنەکەیە، لەپڕ درەختەکە نائومێدانە خۆی چەماندەوە. ئەوەندە سەخت و خەمبار خۆی چەماندەوە ژنی کەروێشکەکەی ئاشکرا کرد و پەردەی لەڕوو هەڵماڵی!... هەموو گیانداران هاواریان لێ هەڵسا:

«بۆ خاتری خوا، ئەمە چ کارەساتێکە ڕوودەدا؟!» جووتە کەروێشک دەستیان ئاشکرا بوو. ئیدی دەبێ ددان بەتاوانەکەیاندا بنێن... گیانداران لە تەڵەکە و فێڵی ئەوان تووڕە بوون و ئارامییان لێبڕا، بۆیە هەردووکیان لەناو بردن. دواى تەواو بوونی کۆبوونەوەکە، فیل گەڕایەوە سەر شامبای چەوەنەرەکەی.

*گێڕانەوەی: Bwana Kiemi*



## ژنێکی بەیچەڵ

ئەم حیکایەتە باسی ژن و مێردێک دەکات، ساڵانێکی دوور و درێژ پێکەوە بوون بێئەوەی منداڵیان ببێ.

ڕۆژێکیان کومەڵە مەیموونێکی زۆر، لە سەر درەختەکانی دەوروبەری ئەو دێیەی ئەم ژن و مێردەی لێ دەژیان ئاپۆرەیان دابوو. مەیموونێکیان بێچووەکەی ونکردبوو. ژنەکە دۆزییەوە، هەڵیگرت و لەژێر خانگاکەیدا (Khanga) شاردییەوە و بەپەلە گەڕایەوەماڵەکەی.

بێچووە مەیموونی خستە نێو گلێنەیەکی گەورەوە. سەری داپۆشی و تا چوار ڕۆژ لەوێدا هێشتییەوە. ئەمجا سەری گلێنەکەی هەڵدایەوە، دیتی کیژێکی ساوای دڵفڕێنی تێدایە!... ژنە بەم حاڵە زۆر شاد بوو، چونکە بوو بەخاوەنی منداڵی خۆی!... ئەمەیش بەدرێژایی ساڵانێکی زۆر گرنگترین خۆزگە و ئاواتی بوو، وا ئەو ئاواتەشی هاتە دی.

مێردەکەی بانگ کرد وتی: «وەرە منداڵەکە ببینە!»

بەڵام ئەو بەسەرسوڕمانەوە پرسی: «ئەم منداڵەت لەکوێ پەیدا کرد...؟»

ژنە قسەی پێبڕی و وتی:

لێم مەپرسە و بەکەسیش مەڵێ: باکەس نەزانێ منداڵمان هەیە!»

ژنە منداڵەکەی بەزەیت هەنوو. قزی داهێنا...

منداڵ زوو گەشەی کرد و زووش توانی لەکارو فرماندا هاریکاریی

دایکی بکات. بەڵام لە دەرەوەی خێزانەکەیان کەس ئاگاداری ئەم کەین و بەینە نەبوو. ڕۆژێکیان دایکەکە لە ماڵ دوورکەوتەوە و منداڵەکەی لەگەڵ خۆیدا نەبرد. هەندێ ئاردی گەنمەشامیی دایە، بۆ ئەوەی تا دەگەڕێتەوە کچە چێشتی ئوگالی ugali لێبنێ... ئامۆژگاریشی کرد:

«بیرت بێ، نابێ ماڵ بەجێبێڵی!»

کچەش دایکی چیی پێگوتبوو ئاوای کرد. ئوگالی-ی لێناو چاوەڕوانی دایکی بوو. ئەویش زوو گەڕایەوە. گورزە چیلکە قورسەکەی لەسەری داگرت و بانگی کرد: «لەماڵەوەی؟... دەرگاکەم لێ بکەرەوە!»

کچەش وەڵامیدایەوە: «بەڵێ من لێرەم.»

بۆ ڕۆژی دواتریش دیسانەوە ژنە ماڵی چوڵ کرد. ئەمجارەشیان چوونە دەرەوەی لە کچە قەدەغە کرد. بەر لەوەی بڕوات، دیتی ئاردی گەنمە شامییان نەماوە، بۆیە هەندێ گەنمە شامیی وشکی دایە کچە، تاکو لە کینۆکەدا kino بیهاڕێ.

ژنە ماڵی جێهێشت و کچەش دەستی بەهاڕینی گەنمە شامی کرد. ئەو بەدەسکێکی گەورە خەریکی گەنمە شامییەکە بوو تاکو کردی بەئارد.

لەهەمان گونددا ژمارەیەک کیژ هەبوون. کاتێ گوێیان لە دەنگی کینۆ بوو، سەریان سووڕما. چونکە دەیانزانی ژن و پیاوی دێ کەسیان لەماڵ نین. «کەواتە دەبێ کێ بێ!» پرسیاریان لەیەکدی کرد. «بابڕۆین بزانین کێیە!»

لە دەرگایان داو بانگیان کرد: «بیکەرەوە! بیکەرەوە!»

بەڵام کچە بچکۆل وەڵامیدایەوە: «ئیزنم لەدایکم وەرنەگرتووە!»

کەچی ئەوان هەر بەردەوام بوون: «بیکەرەوە! بیکەرەوە!»

لە کۆتاییدا کچە کۆڵی دا، دەرگای کردەوە و کچگەل وەژوورکەوتن.



لە کارەکەیدا هاوکارییان کرد و پاشان قایلیان کرد لە گەڵیاندا بچێتە دەرەوە تاکو پێکەوە یاری بکەن.

گوریسێکی ڕەنگاوڕەنگی درێژیان پێبوو، هەشت گرێی لێدرابوو.

گوریسیان لە درەختێک هەڵخست و دەستیان بەدیلانێ کرد. بۆ پێشەوە و بۆ دواوە، بەنێوان لق و پۆپی درەختەکاندا گوژمیان دەنا. کچە بچکۆلیش نۆرەی هات و کەوتە دیلانێ کردن. بەرە و لقە پۆپەی درەختەکان هەڵدەکشا و پاشان بەرە و زەوی دادەکشایەوە.

لە پڕ ئامۆژگارییەکانی دایکی هاتنەوە یاد، کە چوونە دەرەوەی لێ قەدەغە کردبوو. بۆیە بەپەلە بەرەوماڵ گەڕایەوە... کە ڕایکی گەڕایەوە ماڵ هەموو شتێک لە جێی خۆی بوو. کچەش بۆیگێڕایەوە، لەکوێ بووە و چی کردووە.

ئەم بەزمە درێژەی کێشا. کچان دەهاتن، لەکاروباری ناو ماڵدا هاوکارییان دەکرد، پاشان دوایاندەکەوت بۆ دیلانێ.

بەڵام ڕۆژێکیان چەند لەدەرگایان دا لێی نەکردنەوە. کچە لەودیو دەرگای داخراوەوە وتی:

«چیدی پڕکێشی ناکەم بێم! بۆیە نایەم، چونکە لە دیلانێکە دەترسم!»

بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا قایلیان کرد دەرگایان لێ بکاتەوە. هەر کە کچگەلی دی، دیلانێی هەڵخراوی قەدی درەختەکانی هاتەوەپێش چاو. قیژاندی:

«منیش دێم!... منیش دێم!... حەزم لە دیلم و دیلانێیە.»

کچگەل وتیان: «هەموو پێکەوە لەگەڵ تۆدا گۆرانی دەڵێین.»

بەم شێوەیە کچە شوێنیان کەوت. سواری گوریس بوو. بەدەم گوژم نانەوە گۆرانییان چڕی:

«ئەوان چاوەڕوانمن!... ئەوان چاوەڕوانمن!»

دیلانێ بەرە و ئاسمان هەڵدەچوو، پاشان دادەهاتەوە. دیمەنێکی خۆش و دڵفڕێن بوو. ئەو هەستی دەکرد کێشی کەم بۆتەوە کاتێ بەرە و ئاسمان هەڵدەکشێ و پاشان دادەکشێ. بەڵام لێرەدا شتێکی چاوەڕوان نەکراو ڕوویدا.

کچە پاپووچەکانی لێکەوت و هاواری کرد «بیگرن!»

گوارەکانی لەگوێ بەربوونەوە. هەروەها بازیبەنەکانیشی لێ کەوت.

لەو دەمەدا کە سەرگەرمی دیلانێ بوو، بەرز و نزم دەبووەوە، خانگاکەشی لەبەر داکەندراو لێی کەوت!. لەکۆتاییدا کچە ڕووت و قووت بووەوە هیچی لەبەردا نەما و قیژاندی:

«کچی باش بن و لە خوارەوە شتەکانم بۆ کۆبکەنەوە. بۆم ببەنەوە بۆ ماڵ و بیاندەنە دەست دایکم!»

ئیدی لە پڕێکدا، کیژۆڵەی تاین، بێئەوەی هیچ ئاسەوارێک لە پاش خۆی بەجێبێڵێ، بوو بەنان و خورا، بوو بەئاو و خواریەوە و ونبوو. گەڕایەوە بۆلای خزمە مەیموونەکانی.

کچگەل، بەرامبەر بەوەی ڕوویدا، نیگەرانی دایگرتن. خۆیان بەبەرپرس دەزانی... ئەوان فریویان داو لەماڵ هێنایانە دەر. چاک دەیانزانی ئەو حەزی لە هاتنە دەرەوە نەبوو. ئێستا هەریەکە و دەستێکی کەوتۆتە ئەملاو دەستێکی کەتۆتە ئەولا، ئەوق بوو، نازانن بڵێن چی.

بڕیاریان دا، کچە خۆی چی پێوتبوون ئاوا بکەن. کەل و پەلەکانیان کۆکردەوە و لە پێش ماڵی کچەدا دایان نا و بەپەلە هەرکەسە و بەرە و ماڵی خۆی تێتەقاند.

ماوەیەک دوای ئەوە، دایکی لەمەزرا گەڕایەوە. وەک لەسەری ڕاهاتبوو، بانگی منداڵەکەی کرد، بەڵام وەڵامی گوێ لێنەبوو!. ئیدی چاوی بەکەل و پەلەکانی کچە کەوت. لە نیو لمەکەشدا هەستی بەژمارەیەکی زۆر شوێن پێ



کرد... چووە لای منداڵەکان و سەبارەت بەکچەکەی پرسیاری لێ کردن. چی ڕوویدابوو بۆیانگێڕایەوە... هەر کە ئەوانیش لەمیان پرسی: «ئایا منداڵەکەت بەڕاستی نەوەی مرۆڤ بوو؟»

ژنە بێئەوەی وەڵامیان بداتەوە بەجێیهێشتن.

*گێڕانەوەی: Zakina*

## بۆچی شێر لە چەکدار دەترسێ؟

جارێکیان پیرەمێردێک و کوڕەزاکەی لە گوندێکی گچکەدا پێکەوە دەژیان.

وەرزی بارانبارین بەڕێوە بوو. وەک چاوەڕوان دەکرا، شەوێک لەو دەمەدا کە هەمووان لەپرخەی خەودابوون، دایدایە باران. کردی بەلاسامە و تۆفانێک ئەو سەری دیار نەبێ. ئاو چووە ماڵەکانەوە و خانووەکانی خوساندەوە. بگرە زۆربەی هەرەزۆری ماڵەکانی تلیساندەوە!

ئەو خەڵکەش ئەوەی سووکەڵە و بەنرخ بوو کۆیان کردەوە و، باریان کرد.

بەڵام لە پەلە پروزەدا نەپەرژانە سەر پیرەمێرد و کوڕەزاکەی و ئەوانیان لەبیر چوو.

بەیانیی زوو کاتێ بەجووتە لەخەو ڕاپەڕین، دیتیان لە ئاودا شڵپەیان دێ و سەرماشیانە. ئیدی ئەوانیش کە تەنیا باڵ مابوونەوە، دەبێ چ هەڵوێستێک وەربگرن؟

بڕیاریان دا باربکەن. ئەمان تەنیا گوێنییەک و تفەنگێکیان لەگەڵ خۆیاندا برد.

«ئەو سەری گۆچانەکەم بگرە و بابڕۆین!» پیرەمێرد ئاوای بەکوڕەزاکەی وت، چونکە سەرباری پیریی نابیناش بوو... بەم شێوەیە ڕێیان گرتە بەر... ماوەیەک ڕۆیشتن و کیسەڵێکیان تووش هات.



هەڵیانگرت و خستیانە نێو گوێنییەکەیان و دەستیان بەڕۆیشتن کردەوە، تا گەیشتنە تەنیا ماڵەیەک. ئەوان بەدرێژایی ڕۆژ بەڕێوە بوون، بۆیە لەپێ کەوتبوون. ئیدی لەوێدا مانەوە.

کاتێ خۆیان بەژووردا کرد، پیرەمێرد وتی:

«پێدەچێ شێرێک لەم کێڵگەدا بژی.» تا ئەو دەمەی ئەمان گەیشتن ئاگری تێدا نەکرابۆوە. هەندێ چیلکە و چەوێڵیان کۆکردەوە و ئاگریان چێکرد. لەو دەمەدا ئەمان لە دەوری ئاگرەکە دانیشتبوون و خۆیان گەرم دەکردەوە، بەتوندی لە دەرگا دراو دەنگێک زرنگایەوە:

«ئەوە کێیە هاتۆتە ماڵەکەمەوە؟»

پیرەمێرد وتی: «ئەوە منم. ئەو پیرەمێردەی کە نابینایە!»

دەنگەکە وەڵامیدایەوە: «ئەگەر تۆ بەڕاستی کوێری، ڕوخسارتم نیشاندە، ئەوجا دەزانم ڕاست دەبێژی یان نا!»

پیرەمێرد ئاگاداری کرد: «ئەگەر ڕوخسارم ببینی، لەترساندا، تا هێزت تێدایە غار دەدەی!»

پیرەمێرد داوای لە کوڕێژگەکە کرد، کیسەڵەکە لە گوێنی دەربێنێ و لە دەرگاکەوە، وەها پیشانی شێرەکەی بدات کە ئەو بەڕوخساری پیرەمێردی بزانێ. ئیدی شێرەکە لەترساندا زەندەقی چوو... ئەمجا پیرەمێرد داوای لە دەنگەکە کرد هاوار بکات تاکو بزانێ ئەو بوونەوەرەی لە دەرگای دا کێیە. ئیدی دەستبەجێ بەنەڕەکەیدا زانیی کە شێرە.

ئەمجا شێرەکە داوای لەوان کرد هاوار بکەن. ئیدی پیرەمێرد دەستی دایە تفەنگەکەی، ڕووی لوولەکەی کردە بنمیچ و تەقاندی.

(پانگ!) شێر لەجێی خۆی چوو بەئاسماندا و قووچاندی. بەهەر کەسێ بگەیشتایە پێیدەوت:

«لەنێو هەموو گیاندارە نابیناکاندا سەیرترینیان ئەوەیان بوو، کە من تووشی هاتم!»

بۆ سبەی شێرەکە تووشی پیاوێکی چەکدار هات، تەقەی لە باڵندان دەکرد. شێرەکە تەقەی تفەنگەکەی ناسییەوە و لەدڵی خۆیدا وتی:

«ئێستا دەزانم کە ئەوەی دوێنێ لە کێڵەکەمدا بوو، مرۆڤێک بوو تفەنگی پێبوو!» تمەس لە سۆنگەی ئەم بەسەرهاتەوەیە کە شێر هەمیشە لەمرۆڤی چەکدار دەترسێ.

*گێڕانەوەی: Zakina*



## بەچاوی سووک

## مەڕوانە ئەو خەڵکە، لەبەرئەوەی جیاوازن

جارێکیان پادشایەک هەبوو... ڕۆژان هاتن و چوون ئەم پادشایە زەماوەندی کرد. هەر زوو ژنەکەی سکی پڕ بوو. لەو سەروبەندەدا وشکە ساڵی ڕووی لە سەراپای وڵاتەکە کرد. ماوەیەکی دوورودرێژ باران نەباری.

ئیدی ڕووبارەکان چکیان کرد. خەڵک دەبوو ڕێگەیەکی دوورودرێژ بەدوای پەیداکردنی ئاودا بڕۆن.

شاژنیش وەک خەڵکی دێ دەبوایە گۆزەیەک بەبان سەرییەوە لە ماڵ دەربچێ، دوور بڕواو ئاو بکێشێ.

ژنە ڕۆژە ڕێیەک و دووان و سیان دوورکەوتەوە و ئاوی دەست نەکەوت. ئەگەر چی زۆر لەماڵ دوورکەوتبۆوە، بەڵام بەردەوام ملی دەنا. هەستی کرد تەواو ماندووە و خەریکە لەپەل و پۆ دەکەوێ.

ئەمەش زیاتر بەهۆی دووگیانییەکەیەوە بوو. چوارەم ڕۆژ تووشی کۆمەڵە خەڵکێکی زۆر هات، تەرمێکیان هەڵگرتبوو، بۆ غەریبستانیان دەبرد بینێژن. ئەو حەشاماتەی تەرمەکەیان پێبوو ئیستێکیان کرد. ژنی پادشاش هەمان دەستوور هەڵوێستەیەکی کرد. کەسیان نەیانتوانی پێ بەرپێ بنێن. هەوڵیان دەدا بەرە و پێش هەنگاو بنێن، بەڵام وەک ئیفلیج بووبن نەیاندەتوانی!

لەو دەمەدا کە بەمشێوەیە بەرامبەر بەیەک وەستابوون. دەنگێ لەسکی ژنەی دووگیانەوە بەرزبۆوە:

«ئەی مرۆڤ بەرە و کوێ تۆ وامل دەنێی؟!»

لاشەکە بەوەڵام هات: «لەم دنیایەوە هاتووم و بەرە و دۆزەخ بەڕێوەم. ئەدی خۆت بەرەو کوێ دەچی؟»

کۆرپەلەکە لەسکی دایکییەوە وەڵامی دایەوە:

«من لە دۆزەخەوە دێم و بەرە و دنیا بەڕێوەم!»

تەرمەکە درێژەی بەقسان دا:

«دەخوازم ئاگادارت بکەم، لەم دنیایەدا کە تۆ بەڕێوەی بیگەیتێ، زۆر شت ڕوودەدات مرۆڤ لێیان تێناگات. ئەگەر تۆ میهرەبان بێ، دووچاری دەردیسەری دەبی، ئەگەر خراپ هەڵسوکەوت بکەی دیسان هەر تووشی تەنگ و چەڵەمە و دەردیسەری دەبی... ئەگەر بیر لەوە بکەیتەوە، وەک فێڵبازێک ناو دەربکەی، ئەوا بەگێل و نادان دەناسرێی!. هەرچییەک بکەی چون یەکە و بەهەڵە بۆت حسابە. من ئەمە فێر بووم، لەژین بێزارم و بەرە و دۆزەخ بەڕێوەم!.»

بۆ ئەمەیان، منداڵەکە لەسکی داکییەوە وەڵامی دایەوە:

«بەردەوام بەو مەوەستە. منیش پاشان بەشوێنتا دێم. من بۆ لای مرۆڤەکانی ئەم دنیایە بەڕێوەم، بۆ ئەوەی سەبارەت بەو نارەواییەی دەیزانی و باست کرد شتێک فێر ببم، ئێستاش فەرموو بڕۆ!»

دارتەرمەکە لەمبەرەوە چووە ئەو بەر و خەڵکەکە توانییان بجولێین. لاقەکانی ژنەکەش هێزیان تێدا گەڕاو دەستی بەڕۆیشتن کردەوە.

بەڵام دوای ئەم پێشهاتە سەیر و سەمەرەیە، ئیدی ژنە کوڵی داو لە دووی ئاو نەگەڕا، بەڵکو ڕێ و ڕێ گەڕایەوە ماڵ.



کاتێکیش دوای گەشتێکی سەخت و دژوار گەیشتەوە ماڵەکەی خۆی، ئەوەندە ماندوو بوو دەم و دەست لێی ڕاکشا.

شەو ژانی بۆ هات و کیژۆڵەیەکی بوو. ساوایەکی گەلێک جوان و نازداری بوو. ئەو ژنانەی لەسەر کاسە یارمەتییان دا، منداڵەیان شۆرد و لەسەر دەستان هەڵیانگرت. بەڵام کیژۆڵەی ساوا نەگریا. بەڵکو تەنیا سەرنجی دەداو ورد دەبۆوە. خەڵکی گوند هاتنە تەماشای ئەم مەلۆتکەیە. کاتێ کیژۆڵەی ساوا هەر بەبێدەنگی مایەوە، خەڵکەکە وتیان:

«پادشا منداڵێکی جوانی بووە، بەڵام لاڵی تەواوە!»

زەمانە دەچووە پێش و منداڵەکە تەنیا چاودێرێ بوو، سەرنجی دەور و بەری خۆی دەدا و لەناخەوە بیری دەکردەوە:

(ئەوەی ئەو پیاوە مردووە پێی وتم ڕاست دەرچوو. گرنگ نییە ئەگەر لەم دنیایەدا هەڵە بکەی. بەڵام من کە تازە هاتوومە دنیاوە، جا ئەگەر بگریم یان بدوێم، دەبینم چیم دەرهەق دەکەن و چۆن چۆنی هەڵسوکەوتم لەگەڵدا دەکەن. ئەمڕۆ قسەیان لەسەر ئەوەکرد گوایە من ناگریم. کاردانەوەم بۆ زۆر کردار نییە. بەڵام داخۆ ئەمانە چییان لەمن دەوێ بیکەم؟... قسە لەسەر ئەوە دەکەن، منداڵی وەک منیان خۆش ناوێ. دەڵێن منداڵی وەک من جێی مەترسییە و باشتر وایە دایکم لەنێوم ببات و بمکوژێ!)

کچە زوو پێگەیی، دەستی بەگاگۆڵکێ و پاشان بەدارەدارە کرد. زوو وای لێهات بتوانێ لەگەڵ منداڵانی دی یاری بکات. بەڵام چونکە نەیدەتوانی بئاخڤێ و هیچ بلێ، منداڵان خراپ مامەڵەیان لەگەڵدا دەکرد. سەریان دەنایە سەری و لێیان دەدا. ئەویش نەدەگریا بەڵکو تەواو کڕ و بێدەنک بوو، فزەی لەدەم دەرنەدەهات.

شەوێکیان کچە دەستی بەستران گوتن کرد. دایکی سەری سووڕما، داخۆ کێ بێ گۆرانی بچڕێ. کاتێ بۆ لای دەنگەکە سەرکەوت، دیتی کچەکەیەتی، هەم هاتۆتە زمان قسان دەکات و هەم گۆرانی دەچڕێ.

منداڵەکە وتی: «دایە! پێم خۆشە هەر ئێستا باوکیشم بانگ بکەی، هەندێ قسەم لە خزمەتتاندا هەیە!»

کاتێ بابی گەیشت، ئەم درێژەی پێدا:

«بابە!... پێم خۆشە سبەی بەیانیی زوو خەڵک بانگێشت بکەی. حەزم لێیە گوێم لێبگرن. قسەم پێیە دەمەوێ بیڵێم.»

سەر لەبەیانی پادشا جەماوەری کۆکردەوە. ئەوان بیریان دەکردەوە:

«دەبێ پادشا باسی چ کێشەیەکمان بۆ بکات؟»

کاتێ هەموو لایەک ئامادەبوون پادشا وتی:

«ئەوە من نیم، کە هەموو ئێوەی کۆکردۆتەوە بەڵکو جگەرگۆشەکەمە.

ئێوە دەزانن ئەم منداڵە هەرگیز یەک وشەی لە دەم دەرنەهاتووە، بۆیە زۆر حەپەسام، کە دیتم ئەو دوێنێ بەزمانی خۆی داوای ڕێکخستنی ئەم کۆبوونەوە گشتییەی لێ کردم. من نازانم ئێمە دەبێ سەبارەت بەچی بدوێین، بەڵکو جگەرگۆشەکەم خۆی هۆیەکەیتان پێدەڵێ!»

منداڵەکە دەستی دایە کورسییەک تاکو لەسەری دابنیشێ و دەستبەجێ کەوتە وتاردان:

«وەک خۆتان ئاگادارن من هەرگیز وشەیەکم لەدەم دەرنەهاتووە، بەڵام ئەمەش هۆی خۆی هەبووە. لەوانەیە دایکیشم ئەوەی بێتەوە یاد، کاتێ لەم وڵاتە وشکە ساڵی بوو. ئەو دەبوایە چەند ڕۆژە ڕێییەک بەدوای ئاودا وێڵ بێ. لە ڕێگا تووشی ئاپۆرەیەک هات کە بەدوای تەرمێکەوە بوون. کاتێ دایکم و بەرێکەرانی مردووەکە بەلای یەکدا ڕەتبوون، هەموو وەک گۆج و ئیفلیجیان لێهات، ئەوق بوون و نەیانتوانی پێ بەرپێ بنێن. لەو دەمەدا کە ئەوان بەو شێوەیە وەستابوون بێئەوەی بتوانن هەنگاو بنێن. ئێمە پێکەوە گفتوگۆمان کرد. من لەسکی دایکمەوە و لاشەکەش لەدارتەرمەکەوە.



من وتم: تۆ ئەی مرۆڤ، بۆ کوێ دەچی؟ پیاوە مردووەکەش هاتە وەڵام: لەدنیاوە دێم و بەرە و دۆزەخ بەڕێوەم!

ئەویش هەمان پرسیاری لەمن کرد. وەڵامیشی دەستکەوت. کە بەرە و دنیا بەڕێوەم. بەڵام لاشەکە ئاگاداری کردم و وتی: لەم دنیایەدا گەلێ شتی ناڕوون ڕوودەدات. ئەو وتی: ئەگەر کەسێ بەسۆز و میهرەبان بێ تووشی تەنگ و چەڵەمە و دەردیسەری دێ. ئەگەر کەسێ خۆی پوشتە و خاوێن ڕابگرێ، گومانی لێ دەکەن، بەلووت بەرز و خۆ بەشت زانی لە قەڵەم دەدەن... ئەو وتی: تۆ هەرچییەک بکەی چونیەکە، چونکە ئەوان بەدحاڵێن. منیش پێموت: دەمەوێ بەچاوی خۆم ببینم داخۆ ئەم ئاکارە ترسێنەرانە بەڕاستی وەهان» کچەکە پشوویەکی کورتی دا و ئەمجا لەسەری ڕۆی:

«ئیدی لەو ڕۆژەوە لەدایک بووم دەنگم لێوە نەهاتووە. لەم ماوەیەدا ئاخەفتنم لەخۆم قەدەغە کردبوو. سەرەنجام خەڵک قسەیان لەسەر ئەوە دەکرد، من کە نەدەگریم و نە دەئاهقم، کەواتە لاڵم.

هەندێکی دیکە دەیانگوت: کەڕم و هیچی دی. لەکاتێکدا کەسانی دیکەش هەبوون وای بۆ دەچوون مەرگ باشترین چارەسەرە بۆ من... کاتێ لەنێو منداڵاندا یاریم دەکرد، لێیان دەدام، یان سەریان دەکردە سەرم و گاڵتەیان پێدەکردم، یاخود هەوڵیان دەدا پشتم تێبکەن.

هەر کەسە و بەشێوەی خۆی و جیاواز مامەڵەی لەگەڵدا دەکردم.

ئەمانە تێدا نەبوو منی پێ قوبووڵ بێ وەک هەم!... دوای هەموو ئەمانە، باش لەم دنیا پڕ لە گێچەڵ و کێشەیە تێدەگەم. من ئێستا ئامادەم بەجێتانبێڵم. لە ئێستاوە دەزانم، ئەگەر مرۆڤ بێتە ئەم دنیایەوە فێری هەموو جۆرە هەڵە و گوناهێک دەبێ. کەس بەتاوانەوە لەدایک نابێ، بەڵام هەندێ لە یەکدییەوە فێردەبن...! هیچی دیکەم پێ نییە بیڵێم، کۆ بوونەوەکە کۆتایی هات!.»

منداڵەکە بەزەحمەت دوا وشەی لەدەم دەرهات. بۆیە هەر دوای ئەوەی لە وتارەکەی بووەوە کەوت و گیانی دەرچوو. باوک و دایکی منداڵەکە هیوا بڕاو بوون. لاشەی جگەرگۆشەکەیان هەڵگرت و بردیانەوە ماڵ. سەر لە بەیانیی ڕۆژی داهاتوو ناشتییان.

*گێڕانەوەی: Mama Abdallah*



## گرنگ دراوسێی چاکە

هەبوو نەبوو، کەس لەخوا گەورەتر نەبوو... پیاوێکی تەونگەر کوڕێکی هەبوو... کاتێ کوڕە گەورە بوو، داوای لە باوک و دایکی کرد ژنی بۆ بخوازن. باوک چاک لەمەبەستی کوڕەکەی گەیشتبوو. ژمارەیەک مانگاو بزنی بەدیاری دایە دایک و باوکی کچەی دڵخوازی کوڕەلاو.

دوای ئەوەی زەماوەند کۆتایی هات، تەونگەری پیر کوڕەکەی بانگ کرد و پێی وت:

« کوڕی شیرنم. ژنی خۆت دەستکەوت. خۆزگە و ئاواتی من ئەوەیە ئێوە بەدنیادا بگەڕێن تاکو بەرلەوەی بڕیار بدەن لە شوێنێ نیشتەجێ بن خەڵک بناسن تۆ دەبێ بزانی هەموو شوێنێک وەک ئێرە نییە. خەڵکی ئێرە فریاگوزار و یارمەتیدەری یەکن. بەپێی شوێن و ڕۆژگار خەڵکەکانیش دەگۆڕێن! خاترجەم بە، لە زۆر شوین خەڵکی وەها دەبینی تەنیا بیر لەخۆیان دەکەنەوە...»

دوای چەند مانگێک پیاوە گەنجەکە، گەشتەکەی دەسپێکرد، تاکو بەر لەوەی دوا بڕیار بدات و لە شوێنێک نیشتەجێ ببێ، لەپێشدا خەڵکەکەی بناسێ، ئەوجا لەوێ خانوو دروست بکات و بیکاتە ماڵی ئایندەی.

ئەو نەخشە و پلانی خۆی لە باب و دایکی خۆی گەیاند. ئەوەشی درکاند، کە خۆیشی نازانێ لەم سەفەرەیدا ڕووە و کوێ دەچێت، بەڵام پەیمانی دا، ئەگەر شوێنی لەبار و گونجای دۆزییەوە، ئەوا نامەیان بۆ

دەنێرێ. ئیدی ژنەکەشی شوێنی کەوت.

یەکەم ڕۆژ زۆر ڕۆیشتن. شەو بەسەر داهات، لە دارستانێکدا نووستن.

بۆ ڕۆژی دووەمیش هەمان دەستوور... ڕۆژی سێیەم گەیشتنە گوندێک. هەرکە گەیشتنە گوند داوایان لە خەڵکەکە کرد تا بۆ لای ڕیش سپی گوندیان ببەن. ئەویش پێشوازییەکی گەرمی لێ کردن. دوای نانخواردن، پیاوە گەنجەکە وتی:

«من لە جێیەکی دوورە دەستەوە هاتووم، کە بەخەڵکی ئێرە نائاشنایە، بەدوای شوێنێکی باشدا وێڵم پارچە زەوییەکم لێرە دەست بکەوێ بیچێنم، تاکو خۆم و ژنەکەم پێی بژین.»

پیرە مێرد وتی:

«تۆ دەتوانی لێرە پارچە زەوییەک پەیدا بکەی!»

پیاوە گەنجەکەش سوپاسی کرد... بۆ بەیانیی ڕۆژی داهاتوو، ژن و مێردی لاو ئەو پارجە زەوییەیان پیشاندرا کەپێیان بەخشیبوون، بۆ ڕۆژی دواتر دەستیان بەپاچکاری کرد.

هەموو ئێوارەیەک و هێز لێبڕاو دەگەڕانەوە ماڵ، شەوێکیان پیاوە بەژنەکەی وت، بۆچی دەبێ ئەوەندە دوور لەوڵاتەکەیانەوە بژین.

«ئێمە دەبێ هەر ئێستا بزانین داخۆ ئەم خەڵکە خاوەنی دڵ و دەروونێکی باشن یان خراپ؟ ئایا دەتوانین بەدڵنیاییەوە لەگەڵیاندا هەڵبکەین؟ من بەم گۆچانە زرم و کوت بەردەبمە ئەو پشتییە. تۆش بەهەموو هێزتەوە بگری و هاوار بکە. جا ئەوسا دەزانین چی دەقەومێ!»

ئەم دەستی بەلێدان کرد و ژنەش بەفیزاح:

«ئەی هاوار!. فریامکەون!. پیاوەکەم لێمدەدا...! فریامکەون.!

بگەنە فریام!»



خەڵک گوێیان لێبوو، بەڵام هەموو بێدەنگەیان لێ کرد. کەس بەدەنگیانەوە نەچوو. پیاوەکە دیسان زرم و کوت کەوتەوە وێزەی سەرینەکە و ژنەش لەجاری پێشوو قایمتر هاواری لێ هەڵسا:

«فریامکەون!. فریامکەون!... پیاوەکەم لێمدەدا...! پیاوەکەم لێمدەدا.!»

گوند کڕومات، کەس دەرگای نەقڵێشاندەوە... ئیدی پیاوەکە وتی:

«دەبێ هەر ئێستا پێکەوە بارکەین بڕۆین. ئەم دێیە بەکەڵکی ئێمە نایەت!»

ژنەکەی کەل و پەلەکانیانی کۆکردەوە. کە ڕۆژ بووەوە باریان کرد.

دوای دەیان ڕۆژە ڕێ گەیشتنە دێیەکی دی. لێرەش هەمان ڕووداویان پاتە کردەوە، داوای زەوییان لە کوێخای گوند کرد. دوای چەند ڕۆژێک خەڵکی ئەم گوندەشیان تاقیکردەوە. پیاوە لاوەکە زرم و کوت بەگۆپاڵەکەی کەوتە لێدانی پشتییەکە و ژنەکەشی چەند هاوار و فیزاحی لێبەرزبۆوە «ئەی هاوار پیاوەکەم لێمدەدا فریامکەون!»

بێهوودە بوو. کەس بەدەنگییەوە نەهات.

ماڵئاواییان لەم گوندەش کرد و جەند ڕۆژێک بەڕێوە بوون تاگەیشتنە گوندێکی دی. بەهەمان ئەزمووندا ڕەتبوونەوە. پارچەیەک زەوییان دەستکەوت و چاندیان شەوێکیان بەهەمان تاقیکردنەوەدا چوونەوە:

«فریامکەون!. فریامکەون!. پیاوەکەم لێمدەدا بگەنە فریام!»

بەڵام ئەمجارەیان شتێکی نوێ ڕوویدا. هەرچی لەو گندەکەدا بوو، ورد و درشت لە دەوری ماڵەکە کۆبوونەوە کەوتنە سەرزەنشت کردنی پیاوە و دەیانقیڕاند:

«ئەوە چۆن ئاکارێکە تۆ دەینوێنی کابرا؟... تۆ ماوەیەکی کورتە هاتوویتە ئێرە، هێشتا بەتەواوی نازانین کێیت و لەکوێوە هاتووی!.

ژنە بەخت ڕەشەکەشت هێشتا هیچ کام لەژنانی ئێرە ناناسێ، هێمان بەتەواوی شارەزای سەرچاوەی ئاوەکە نەبووە. ئیدی لە پای چی لێی دەدەی؟»

بەڵام پیاوەکە کوڵی نەدەدا و لە بالیفەکەی دەدا، ژنەش دەنگی لێهەڵبڕیبوو، داد و بێدادی بوو... ئیدی دراوسێ تووڕەکان دەرگایان شکاند و وەژوور کەوتن تاکو بەهانای ژنەی لێقەوماوەوە بچن، پیاوەکەیان گرت و کردیانە دەرەوە. خێزانەکەشیان هەڵگرت و بردیانە لای ژنێکی خەڵکی گوند. لەوێ شێلایان و بەئاوی گەرم شۆردیان و پێیان وت:

«ئۆی، ئەی ژنە بەخت ڕەشەکە، ئێمە بۆ ئەو مامەڵە خراپەی لە گەڵتدا دەکرێ زۆر بەداخین... بەڕاست زۆرت ئازار پێگەیشت؟!»

پاشان هەڵیانگرت و هێنایانەوە بۆ ژوورەکەی و لەوێ لەسەر تەختی نووستن درێژیان کرد. ئەمجا هەر کەسە گەڕایەوە ماڵی خۆی.

ڕۆژی داهاتوو پیاوە بەژنەکەی وت:

«دەزانی ئەوەی باوکم وتی ڕاست دەرچوو؟ ئێستا بەدڵنیاییەوە دەزانم کە ئێمە دەتوانیم لێرە خانوویەک بۆ خۆمان بنیات بنێین و پارچە زەوییەکیش بچێنین... ئێرە ئەو گوندەیە کە پڕیەتی لەو خەڵکە چاکانەی گیانی فریاگوزاری و هاودەنگییان تێدایە، ئەگەر خوا نەخواستە لێمان قەوما.»

دەستیان بەبنیاتنانی خانووکرد، کێڵگەیان داچاند. نامەیەکیان بۆ ماڵەوە نارد تێیدا نووسیبوویان، ئەو شوێنەی مەبەستیان بوو دۆزیبیانەوە... ئەوان بەتاقیکردنەوە بۆیان دەرکەوت، دەکرێ لەم دنیایەدا چاکیش و خراپیش هەبن تەواو وەک پیری تەونگەر باسی کرد!

*گێڕانەوەی: Mama Abdallah*



## دێوانگۆڕ

هەبوو نەبوو سەردەمی زوو، پادشایەک هەبوو، ئەم پادشایە ژنی هێنا و بەشوێن یەکدا حەوت منداڵی بوو، هەر حەوتیان کچ بوون... کچەکان عازەب بوون و وەختی شووکردنیان هات، پادشا وتی:

«لە دەهۆڵ دەدەم تاکو هەموو خەڵک کۆببنەوە. بۆ ئەوەی کچەکانم لاوانی شانشینەکەم ببینن. سەر پشک بن، بەگوێرەی دڵ دەزگیرانی خۆیان دیاری ببکەن، بەڵام پێم خۆش نییە هەر کەسێکیان بەدڵ بوو یەکسەر هەڵیبژێرن!»

ڕۆژێک خەڵک گوێیان لە ڕمبەی دەهۆڵی پادشابوو، بانگی دەکردن...

کاتێ هەموو لە بەردەم کۆشکدا کۆبوونەوە پادشا ڕایگەیاند:

«ئێوەم لێرەدا کۆکردۆتەوە تاکو پێتان بڵێم کچەکانم عازەبن و ئێستا هەموویان ئامادەییان تێدایە مێرد بکەن. پێم خۆشە مێردەکانیان لە نێوان لاوەکاندا بەگوێرەی ئەم ئەزموونەی هەنووکە پەیڕەوی دەکەین دەستنیشان بکرێن، من حەوت لیمۆم پێیە. هەر کچە و لیمۆیەکی دەدەمێ. ئەوان بەدوای یەکدا لیمۆکان بۆ ئاسمان هەڵدەدەن، ئەو کوڕەی لیمۆکە دەگرێتەوە، زەماوەند لەگەڵ ئەو کچەیاندا دەکات کە هەڵیداوە!»

پاشا لەوتەکەی بووەوە و کچەکانی هاتنە پێش جەماوەرەکە هەر یەکە و لیمۆیەکی لە باوکی وەرگرت. لە گەورەترینیانەوە دەستی پێکرد و لیمۆی خۆی هەڵدا، خێرا لە لایەن لاوێکەوە قۆزرایەوە.

پادشاش بەکچەکەی خۆی وت: «زۆر چاکە، کەواتە ئەم لاوە بوو بەنسیبت و مانای وایە خۆت هەڵتبژاردووە تاکو شووی پێبکەی!»

کاری دووەم، سێیەم، چوارەم، پێنجەم و شەشەم کچیش بەهەمان شێوە بەڕێوە چوو. تا نۆرە گەیشتە سەرکچی حەوتەم، کە منداڵترینی هەموویان بوو. کچی حەوتەمیش لیمۆی خۆی هەڵدا. لیمۆ بەپێش هەموو کوڕەلاوەکاندا خل بۆوە، ڕۆیی ڕۆیی تا ڕاستە و خۆ گەیشتە دەستی لاوێکی قێزەون. کەواتە دەبێ شوو بەولاوە بکات، ئەو لاوێکی دێوانگۆڕ بوو. جارێ بەدەمدەمی و جارێ بەحولحولی ناسرابوو، ئەو هەمیشە دەیتوانی ڕەنگ و ڕوخساری خۆی بگۆڕێ، ئایا دەشێ کچی حەوتەم شوو بەکەسێکی لەم جۆرە بکات؟!

هەموو تەماشاکەران قیڕاندییان

«ئەی هاوارم هەی!... کارەساتی وەها نابێ رووبدات!»

پادشاش ناڕەزایی دەربڕی:

«نابێ کاری وەها ڕووبدات. دەبێ جارێکی دی بەختی تاقیبیکاتەوە!»

کچە لیمۆکەی وەرگرتەوە، جارێکی دی بەرز بەرە و ئاسمان هەڵیدا، هەموو چاوەکان بەدوای لیمۆی تاینەوە بوون. لیمۆ دیسان بەپێش هەموویاندا خل بووەوە و گرگر لەلای کوڕەی دێوانگۆڕ گیرسایەوە!

خەڵک بەسام و ترسەوە بۆ یەکیان ڕوانی و پرسییان:

«ئایا ڕەوایە شازادەخان شوو بەلاوێکی قێزەونی دێوانگۆڕ بکات؟»

حەوت جاران کچە لیمۆی هەڵدا و بەختی خۆی تاقیکردەوە. هەر حەوت جارەکە لیمۆ دەگەیشتە دەستی لاوەی دێوانگۆڕ.

خەڵکەکە لەم پێشهاتە نامۆیە ئەوق بووبوون، کوڕەش هەرچییەکی لەدەست بهاتایە لە پێناوی قۆزتنەوەی لیمۆکەدا دەیکرد.



ئەمجا شاژن هاتە ناوەوە و وتی:

«ناهێڵم چیدی بەردەوام بی، چونکە داد نادات، با هەر وابێ کە هاتۆتە پێش. باکچەکەم شوو بەدێوانگۆڕ بکات، خەتای کەسی تێدا نییە، ئەمە بەخت و چارەنووسی خۆیەتی.»

هەندێ لە ئامادەبووان پێشنیازیان کرد ئەنجامی کۆتایی تاقیکردنەوەکە بۆ سبەی دوابخرێ، بەڵام دایکی پێی لەسەر ئەوە داگرت کە کیژەکەی هەر دەبێ شووی پێبکات، چونکە چارەنووس بۆی هەڵبژاردووە، لەوانەشە بەخت و خۆشیی بەدوادا بێ.

خوشکەکانی دیکە هەریەکە و لەگەڵ نامزەدی خۆیاندا زەماوەندیان سازدا. دێوانگۆڕیش منداڵترین کچیان بوو بەژنی و دوای کۆتایی هاتنی ئاهەنگی گواستنەوە ماڵی پادشایان بەجێهێشت.

دوای گەشتێکی درێژی تاقەت پڕووکێن گەیشتنە ماڵەکەی خۆیان و یەکسەر بەنیازی حەسانەوە پاڵیان لێدایەوە.

سەر لەبەیانیی ڕۆژی داهاتوو کوڕە بەژنەکەی وت، نیازی گەڕانێکی هەیە... کە دیوانگۆڕ لەگەشتەکەی گەڕایەوە دیتی هێشتا ژنەکەی نووستووە. دیاربوو شەکەتی دوای سەفەرێکی درێژ بوو.

جا لەبەرئەوەی دیوانگۆڕ لەو بڕوایەدا بوو ژنەکەی بەئاگا نەهاتووە، کەوڵەکەی لەخۆی داماڵی و یەکسەر گۆڕا، بوو بەلاوێکی شۆخ و شەنگ و لەدڵی خۆیدا وتی:

«ئەی چارە ڕەش خۆت ژنەکە، ئەگەر ئێستا بمبینێ بەتەواوی دەحەپەسێ!»

کوڕەلاو خواردنێکی نایابی بۆ ژنەکەی لێنا، تاکو کاتێ خەبەری بۆوە بیخوات. ئەمجا کەوڵەکەی کردەوە بەر و بووەوە بەلاوە ناشیرینەکەی جاران.

کاتێ کچە بەخەبەرهات و ئەو خواردنە نایابەی بینی سەری لێ سوورما.

دەبێ کێ دروستی کرد بێ؟!

لە ڕۆژانی ئایندەدا ئەم کارە دووبارە و سێ بارە بووەوە. ئیدی هەموو جارێک خواردنەکەی دەخوارد بێئەوەی پرسیارێک بکات.

کاتێ ژنە بۆ ئاو دەچووە گوێ ڕووبار، ژنان سەریان دەکردە سەری و تانەیان لێدەدا و دەیانگوت:

«ئەوە چۆن بوو بەهەڵەدا چوویت و لەنێوان ئەو هەموو لاوەدا ئەمەیانت هەڵبژارد؟ چۆن دەبێ تۆی سازادەخان شوو بەکەسێکی حولحولی ئەتوار بکات؟»

ژنەش وەڵامیدەدانەوە:

«خەتای منی تێدانەبوو. حەوت جار لیمۆکەم هاویشت، هەموو جارێ دەمدەمی دەیگرتەوە، بەم شێوەیە بووە نسیبم و منیش پێ قایل بووم. بەڵام ئێوە هەمووتان فەرموون، بەخێر بێن بۆ ماڵەکەم!»

زەمانە هەروا تێدەپەڕی ڕۆژێکیان ژنە لەماڵ دەرچوو تاکو خۆراک لەڕەگی درەختان ئامادە بکات. لە ڕێکدا پیرەژنێک لەبەر لووتیدا قوت بووەوە. بەسۆزەوە سڵاوی لێ کرد و وتی:

«من نهێنییەکت بۆ ئاشکرا دەکەم!... ئایا دەزانی مێردەکەت جادووی لێکراوە؟ ئەو پیاوێکی دەوڵەمەندە. لەوانەیە داراترین پیاوی سەر گۆی زەوی بێ. بەڵام بەبێ تۆ هەڵناکات و دەمرێ!»

ژنە بەسەر سوورمانەوە وتی، کە ئەو ئاگا و خەبەری لەم حاڵە نییە!

ئەمجا پیرەژن وتی:

«گوێ بگرە بزانە چیت پێدەڵێم. هەندێ هەرزن پەیدا بکە و لە مێردەکەت بپرسە بزانە بیرە دەخواتەوە یان نا. ئەگەر وتی ئا، ئەوا تۆ



دەتوانی لە گۆزەیەکدا هەندێ بیرە ئامادە بکەی و بیدەیتێ بیخواتەوە. مەهێڵە خەوی لێبکەوێ. جا تۆ خۆت بۆ ئەو ڕۆژە ئامادە بکە کە بیرەکە دەخواتەوە. ئەوسا بەچاوی خۆت شت دەبینی!»

ئیدی هەر وەک چۆن لەپڕێکدا قوت بووەوە، ئاوهاش لە پڕێکدا پیرەژن ونبوو، ژنەی بەپەشۆکاوی جێهێشت.

دوای تاوێک ژنە گەڕایەوە ماڵ. ویستی بزانێ داخۆ ئەوەی پیرەژن وتی ڕاستە یان درۆ... دیتی لەماڵەوە هەموو شتێک لەجێی خۆیدایە.

ماڵەکە گەسک دراوە. ژەمێک خواردنی خۆش ئامادەکراوە. کاتێ ئەمانەی دی، بیری بۆ قسەکانی پیرەژنەکە چوو، لەوانەیە ڕاست بن!... دەنا کێ ئەم شتانەی وا بەڕێکی و بەجوانی ئامادە کردووە؟... ئیدی بڕیاری دا پلانەکە ئەنجام بدات.

شەو لێی پرسی، ئەم بەنیازە هەندێ بیرە دروست بکات، ئایا ڕای ئەو چییە؟... مێردەکەی وەڵامیدایەوە، لەڕاستیدا مەیلی لە بیرە خواردنەوە نییە، بەڵام ئەگەر ئەو پێی خۆشە ئامادەی بکات ئەوا با دەستبەکاربێ و دروستی بکات. بێگومان کوڕە دەیزانی کە ئەم کارەی ژنەکەی بۆ ئەوەیە خۆشەویستیی خۆی پیشان بدات... ژنە پرسی:

«نەختێ هەرزن گومان دەبەم، دەتوانی هەندێکی دیکەم بۆ پەیدا بکەی؟ چونکە ئەوەی هەمە بەتەواوی بەش ناکات.»

مێردەکەی وتی:

«چەندت بوێ بۆت پەیدا دەکەم. بەڵام دەبێ تا ڕۆژ دەبێتەوە لێم بوەستی»

شەو، لەو دەمەدا ژنە چاوی چووبووە خەو، کوڕەی دەمەدەمی لە کەوڵەکەی هاتەدەر، خۆی ڕاتەکاند و داوای کرد:

«هەندێ هەرزنم بۆ بێنە!»

دەم و دەست هەرزن لەژوورەکەدا پەیدا بوو!. بۆ بەیانیی دەمدەمی وتی: «فەرموو ئەوەتا هەرزنم بۆ کرپیوی!»

ئیدی ژنەش خۆی بەبیرە ئامادەکردنەوە خەریک کرد. ژنە خۆی زۆر لەگەڵدا ماندوو کرد، چونکە ئەم کارەش بوارێکی دیکەبوو بۆ سەلماندنی زیرەکی و دەست ڕەنگینیی خۆی.

بیرەکە زۆر بەهێز و خۆش دەرچوو، کە پێگەیی بەگۆزەکەوە هێنایە بەردەم پیاوەکەی، ئەویش وتی:

«وەک پێم وتی، من ئارەزووی بیرەناکەم، بەڵام مادام بەدەست و پەنجەی تۆی خێزانم دروست کراوە، ئەوا لەبەر خاتری تۆ نۆشی دەکەم!»

وەک پیرەژنەکە پێی گوت، بەشەو ئەم کارەی ئەنجام دا و پاشان چووە نێو جێوە، خۆی واپیشاندا کە خەوی لێ کەوتووە. بەشێوەیەکی ئەوتۆ، دەمدەمی بڕوای پێ بکات ئەم لەشیرین خەودایە.

ئیدی ئەویش کەوڵەکەی لەبەر خۆی داماڵی. خۆی ڕاتەکاند و داوای ژمارەیەک بزن و ڕەشەوڵاخ و مریشکی کرد... بیرەکە بەهێز بوو، بۆیە تەواو سەرخۆش بوو. لە داواکانیدا بەردەوام بوو، زۆریش ماندوو بوو، بۆیە لەبیری چوو کەوڵەکە بکاتەوە بەر، ڕاکشا و خەوی لێ کەوت. ژنەش بەتاسەوە چاوەڕوان بوو.

کاتێ دەمدەمیی مێردی بەمجۆرە دێ، وەک لە بانێکەوە بەری بدەنەوە وەهابوو.

پیرەژن هەرچی وت ڕاست دەرچوو. پیاوەکەی دزێو نەبوو بەڵکو تەواو بەپێچەوانەوە، پیاوێکی قۆز و دڵفڕێنە! سەیرێکی کەوڵەکەی کرد، کە سەرچاوەی سامان و دارایی مێردەکەی بوو، بەهۆی ئەو کەوڵەوە هەرچییەکی بویستایە لەبەر دەستیدا بوو.



ئیدی ژنە دەیزانی لە دووڕیانێکدایە، یان دەبێ مێرد بەدیوانگۆڕێکی دەمدەمی بکات کە بەدارایی و سامانی دنیا دەورە دراوە و کەوڵەکەی بۆی مسۆگەر دەکات، یاخود دەبێتە خێزانی کوڕەلاوێکی شەنگ و قۆز و، سادە و ئاسایی دەژی.

ئەگەر کەوڵەکە هەڵبژێرێ و گلی بداتەوە، ئەوا دەر و دراوسێ، تەنانەت بنەماڵەکەی خۆیشی بەخیلی پێ دەبەن. بەخیلی بەوەدەبەن، بەکەوڵەکە پەیدای دەکات.

لە کاتێکدا بەگومانەوە تیامابوو، سەرنجێکی پیاوەکەی دا، کە لەخەوێکی قووڵدا بوو، لەپڕ بۆی ڕوون بۆوە دەبێ کامیان هەڵبژێرێ!

بە پەلە ئاگری لەکەوڵەکە بەردا. کەوڵ کڵ و کۆی دامرد و مایەوە سەر نەختێک خۆڵەمێش، لەنێو خۆڵەمێشەکەدا ئەڵقەیەکی زێڕ دەچریسکایەوە. هەڵیگرت و کردییە پەنجەی.

شەو پیاوەکەی بەئاگا هات و بەشوێن کەوڵەکەدا گەڕا، کە دەبوایە بەرلەوەی ڕۆژ بێتەوە تیف تیفەی بدات و پاکی بکاتەوە، بۆیە ناچار بوو ژنەکەی خەبەر بکاتەوە و لێی پرسی چی بەسەرهاتووە.

ژنەکەی وەها خۆی پیشاندا، کە تەواو لەجوانی و شەنگی پیاوەکەی سەری سووڕماوە. ئەم پیاوە لەکوێ و دەمدەمییەکی دزێو لەکوێ؟

پرسی: ئەرێ بەڕاست تۆ پیاوەکەی منی؟!»

کوڕەلاو وەڵامیدایەوە: «بەڵێ!. بەڵام کەوڵەکەم لە کوێیە؟»

ئیدی ژنە دەبوایە ددانی پیادا بنی، کە بەدرێژایی شەو بەتاسەوە سەرنجی پیاوەکەی داوە، لە نێوان خودی پیاوەکەو مجولەکەدا، پیاوەکەی هەڵبژاردووە و کەوڵەکەی سووتاندووە.

پیاوەکەی پرسی:

«ئەدی ئەو هەموو شتەی دوێنێ داوام کردن لەکوێن؟ ئەوانیشت هەموو سووتاند؟» ژنەکەی سەری بۆ لەقاند، لەو دەمەدا کە پێکەوە قسەیان دەکرد پیاوەکەی چاوی بەئەڵقە درەوشاوەکە کەوت، ژنەش ڕوونیکردەوە چۆن چۆنی دەستی کەوتووە.

پیاوەکە وتی: «ئەو ئەڵقەیەم بدەرێ!» چونکە دەیزانی ئەو ئەڵقەیە هەمان هێز و توانای کەوڵەکەی هەیە.

کوڕەلاو ئێستا دڵشادە. چونکە گەیشتە ئەو ڕاستییەی کە ژنەکەی ئەمی پێش هەموو دارایی و سامانی دنیا خستووە. بۆیە ڕزگاری کردووە و پێی قەبووڵ نەبووە پیاوەکەی جادووی لێ بکرێ و دێوانگۆڕ بێ... خێرا نامەیان بۆ پادشا ڕەوانە کرد تا لەگەڵ شاژن و کچەکاندا بێنە سەردانیان.

هەموو ستایشی زیرەکی و بەختی کچەیان کرد، ئەو ئێستا خاوەنی مێردێکە قۆزترین و دەوڵەمەنترین پیاوی دنیایە.

*گێڕانەوەی:* *Mama Abdallah*



## دۆوا یووپە

هەبوو نەبوو پادشایەک بوو پێ ناخۆش بوو ژنەکەی کچی ببێ... کاتێ شاژن بەپادشای وت، حەزی لە منداڵە، پادشا ئاگاداری کرد:

«ئەگەر کچت بوو، ئەوا دەیکوژم!. کچ بێ کەڵکە و کەس پێویستی پێی نییە!»

بەڵام شاژن نارەزایی دەربڕی:

«پادشای بەڕێز شتی وەها مەڵێ. منداڵ نێر بێ یان مێ پێویست و بەکەڵکە، کچ لەکاتی نەخۆشییدا بەتەنگمانەوە دەبێ و فریامان دەکەوێ.»

بەڵام پادشا هەر لەسەری قسەی خۆی بوو:

«تەنیا ئەگەر کوڕت بوو گلی دەدەینەوە!»

لە وادەی خۆیدا ژنە ژان گرتی و کچێکی بوو، پادشاش وەک پێشتر بڕیاری دابوو کوشتی...

دیسان شاژن سکی هەبوو. سکەکەشی کچ بوو. ئەم ساوایەش بەمەرەی کچی پێشوو چوو، کوژرا... بۆ سکی سێیەم، لەکاتێ منداڵ بووندا پادشا لەماڵ نەبوو. چووبوو بۆ ڕاوشکار... ئەمجارەشیان شاژن کچی بوو.

ساوایەکی هێندە جوان بوو، بەدوو چاو حەزت دەکرد سەیری بکەی، بەڵام ژنە ئەمجارەیان بڕیاری دا لەچنگی مەرگ ڕزگاری بکات، هەرچی پادشایە هێشتا لە ڕاو نەگەڕابۆوە. شاژن ئەمەی بەهەڵ زانی.

مەلۆتکەی هەڵگرت و ڕووی لەدارستان کرد. بەدەم ڕێوە بیری لە چارە نووسی ساواکە دەکردەوە، لەپڕ پێی لەبەردێک هەڵنووتا و لە هیکڕا پیرەژنێک وەک مووی بۆ هەڵکڕووزابێ لە بەر دەمیدا قوت بۆوە.

پیرەژن سلاوێکی دۆستانەی کرد و وتی، ئەو دەتوانێ یارمەتیی بدات،

شاژن تێیگەیاند کەبەرە و ڕووی کێشەیەکی سەخت بۆتەوە:

«ئەمڕۆ منداڵم بووە. ئەمەش سێیەم کچە دەمبێ، پیاوەکەشم حەزی لەچارەی کچ نییە، بۆیە هەر دوای لەدایک بوونیان یەکسەر دەیانکوژێ. ڕێکەوت ئەمجارەیان بۆ گەشتێکی دوور چووە، پێم خۆش نییە ئەم کچەشم بکوژێ. ئێستاش تیاماوم نازانم چیبکەم؟»

پیرەژن وتی:

«دەتوانی لێرە، لەلای من ساواکەت بەجێبێڵی، من بەباشی بەخێوی دەکەم، بەلام ئێمە دەبێ لەسەر ئەوە ڕێک بکەوین، هەر کاتێ پادشا بەنیازی گەشتی دوور ماڵی چۆڵ کرد، لەو دەرفەتەدا بۆت هەیە سەردانی منداڵەکەت بکەی، تۆ دەبێ ئارام بگریت و پابەندی ئەم ڕێکەوتنەبی. ئەگەر کچەکەت نەخۆش کەوت یان مرد، ئەوا دێمە خەونت و ئاگادارت دەکەم. با ناویشی بنێین- دۆوا یووپە- کە ئاماژەیە بەو نیشانەیەی سەر و ئەژنۆی.»

ساواکە کەوتە لای پیرەژن و دایکیشی گەڕایەوە ماڵ. بەدەم ڕێوە ئاوا بیری دەکردەوە:

«ئەنجام بووم بەخاوەنی منداڵێک لە مەرگ ڕزگاری بووە و دەژی!

من وای بۆ دەچووم دەمرن و ئەم خۆشییە بەچاوی خۆم نابینم!»

پادشا لە ڕاوشکار گەڕایەوە و سەبارەت بەگوزەرانی شاژن پرسیاری کرد. شاژنیش وتی:



«لەم ماوەیەدا منداڵێکم بوو. بەلام نەگریا و یەکسەر دوای بوونی تەمەنی درێژی بۆ ئێوە جێهێشت و یەکسەر ناشتم!»

پادشا ماتەمینی خۆی پیشاندا، لێ زوو بەسەرهاتەکەی بیرچۆوە.

هەفتە و مانگ و ساڵ ڕابوردن و ژنە بەعەزرەتەوە بوو، پادشا سەفەر بکات تاکو ئەمیش لەو دەرفەتەدا چاوی بە جگەرگۆشەکەی بکەوێ.

تا ڕۆژێکیان پادشا دەستی دایە چەک و بەنیازی ڕاو ڕووی لەدارستان کرد... لەدوور لەنێو دارستاندا کیژۆڵەیەکی گچکەی دی. کچەش دۆوا یووپە بوو. ئەوەندە گەورە بووبوو بتوانێ لەو دەوروبەرە یاری بکات.. پادشا بەدیتنی منداڵێکی وەها لەنێو ئەو جەنگەڵەدا سەری سووڕما. منداڵی وەها جوانیشی هەرگیز نەدیبوو، پادشا دوای منداڵەکە کەوت، تا گەیاندییە ئەو کێڵەی پیرەژنی تێدا دەژیا... لەدەرگای داو پیرەژن لێی کردەوە. پادشا پرسی:

«ئەم منداڵە جوانە هی کێیە؟»

پیرەژن وەلامیدایەوە:

«کچی خۆمە و هەر خۆشم بەخێوم کردووە.»

پادشا پرسی: «کچە بچکۆڵ ناوی چییە؟»

کچە سەرنجی پادشای ڕاکێشابوو، بۆیە بەحەز و ئارەزوویەکی قووڵەوە ئەم پرسیارەی کرد، بەتایبەت پادشا هەرگیز منداڵی وەها جوانی نەدیبوو،

پیرەژن وەلامیدایەوە:

«نێوی دۆوا یووپە یە.»

پادشا هەوڵی دەدا بیدوێنێ، لەکاتێکدا منداڵەکە بێدەنگ سەیری ئەوی دەکرد. پادشا وتی:

خاتوونە بەڕێزەکە من پێم خۆشە ئەم کیژە بخوازم!»

پیرەژن بەرێزیکی زۆرەوە وتی:

«با بەدڵی ئێوە بێ گەورەم!»

پادشا لەڕاو گەڕایەوە، بۆ ژنەکەی گێڕایەوە چۆن لە قووڵایی جەنگەڵدا، لە لای پیرەژنێک چاوی بەجوانترین کیژۆڵەی دنیا کەوتووە. بەنیازە دوای ئەوەی کەمێک گەورەبوو بیخوازێ و بیکاتە ژنی خۆی.

ئەو شەوە پیرەژن خەونی دی، لەو خەونەدا هەندێ شوێن پێی لە دەور و بەری ماڵەکەی دی، پیرەژن زانی کە ئەو شوێن پێیانە هی دەستەو دایرەی پادشان، مانای وایە پادشا دەگەڕێتەوە و سەری دەداتەوە، بۆیە دۆوا یووپە-ی ئاگادار کرد:

«دەچمە گەشتێکی دوور، ئەگەر پادشا هات، نابێ بەهیچ جۆرێک ڕیگەی بدەی بێتە ژوورێ، ئەگەر لەدەرەوە تووشت هات نەخەڵەتابی فریو بخۆیت و شوێنی بکەوی!»

کچە بەڵێنی دا بەقسەی بکات، ئیدی کاتێ پادشا سەری دایەوە تاکو خێزانی پاشەڕۆژی خۆی ببینێ، کچە دەرگای لێ نەکردەوە. ئەم ڕووداوە چەند جارێک دووبارە بۆوە. تا لەکۆتاییدا دەستی لەم هەڵگرت و بڕیاری دا کچێکی دیکە بدۆزێتەوە، بۆ ئەوەی بیکاتە ژنی دووەمی.

کە ژنی دووەمیشی هێنا، هەموو شتێکی سەبارەت بەدۆوا یووپە بۆ گێڕایەوە، ئەوەشی درکاند، بۆیە ئەمی هێناوە، چونکە دۆوا یووپەی لێ بزر بووە و بۆی نەدۆزراوەتەوە.

ژنی تازە گۆزەگەر بوو، ئەو دەشت و دەرە دەگەڕا تاکو چیلکە و دار کۆبکاتەوە بۆ کڵ نانەوە. جارێکیان ژنە کیژۆڵەیەکی منداڵکاری زۆر جوانی بینی، خێرا بەخەیاڵیدا هات، ڕەنگە ئەمە دۆوا یووپە بێ، بۆ ڕۆژی ئایندە پادشاشی لەگەڵ خۆی برد، شوێن پێی کچەیان هەڵگرت تاگەیاندیانە ماڵی پیرەژن. بەڵام کەس دەرگای لێ نەکردنەوە. ئەم ڕووداوە



چەند جارێک پاتە بۆوە... پیرەژنیش بڕیاری دا سەری دایکی دۆوا یووپە بدات و ئاگاداری بکات کە پادشا گەڕی تێ ئاڵاندووە و بەنیازە دۆوا بکاتە ژنی.

شاژن کە ئەم هەواڵەی بیست واقی وڕما و ترسی لێ نیشت.

نابێ کاری وەها ڕووبدات! کاری کەس نەکردەیە، پادشا نابێ لەگەڵ کچی خۆیدا زەماوەند بکات! ئیدی قسەیان کرد بەیەک، دەبێ هەرچی زووترە پیرەژن و دۆوا شوێنێک بدۆزنەوە و بگوێزنەوە.

بۆ ڕۆژی داهاتوو، دوور بۆ نێو قوولای جەنگەڵ باریان کرد. پادشاش نەیتوانی بیاندۆزێتەوە. کۆڵێ داو ساڵانێکی زۆر ئارام و بێدەنگ ژیا.

دۆوا یووپە بەرە بەرە گەورە بوو. ئەو لەهەموو کاتێک جوانتر بوو،

ڕۆژێک پیرەژن چووە دیدەنی کەس و کاری و دۆوا یووپە بە تەنێ مایەوە، ماڵەکەش کەوتبووە گوێ ڕووبارێک. لەو دەمەدا کەپیرەژنی لی دوور بوو، دۆوا بەرە و ڕووبار خزی تاکو خۆی بشوات.

ئیدی پێشهاتێکی نوێ ڕوویدا.!

پادشاش جارێکی دیکە بۆ ڕاوشکار چوو، لەمیانەی گەشتەکەیدا دەبووایە لەو ڕووبارە بدات.

لەودەمەدا کە پادشا دانیشتبوو چاوەڕوانی پەیدابوونی بەلەمێک بوو بیپەڕێنێتەوە، چاوی بەپرچێکی زۆر درێژ کەوت، پێچی خواردبوو گەیشتبووە بەر پێی خاوەنەکەی، پادشای لاپرەسەن بوو بەمەراقی، ویستی بزانێ خاوەنی ئەو پرچە درێژە کێیە. فەرمانی بەو دەستەیە دا کە یاوەری بوون خاوەنی ئەو پرچەی بۆ پەیداکەن، ئەوانیش ڕۆژێک بەدوایدا گەڕان، دۆزینەوەی ئەو کچە کارێکی ئاسان نەبوو.

هەر چۆنێک بوو خۆشبەختانە دۆزییانەوە. کچەش دۆوا یووپە بوو. ئەو

ڕۆژەی لە ڕووبارەکەدا خۆی شۆردبوو، تاڵێک لە پرچی لەوێ بەجێمابوو، بەپەلە هێنایانە خزمەت پادشا، کاتێ پیرەژن لە گەشتەکەی گەڕایەوە، دیتی ماڵەکەی چۆڵە، هەمان شەو خەونێکی دی. لە خەونەکەدا هەرچی ڕوویدابوو پێانگوت، پێشیانگوت دەبێ چیبکات. بەڵام پادشا بەخت یارو یاوەری بوو. چونکە لە کۆتاییدا ئەو کچەی دۆزییەوە کە بەنیاز بوو بیکاتە ژنی سێیەمی!. بەڕادەیەک دڵخۆش بوو... لە خەیاڵی خۆیدا ئیدی لەمە و دوا، لەماڵی ژنی یەکەم و ژنی دووەم نەدەخەوت، بەڵکو تەنیا لەماڵی ژنە جوانە گەنجەکەی دەخەوت.

پیرەژن سەری دۆوا یووپەی دا، پێگوت کە نابێ شوو بەپادشا بکات، چونکە پادشا باوکییێتی!. بۆشی گێڕایەوە چۆن و لەبەرچی بەر لەو پادشا دوو منداڵی خۆی کوشتووە، چۆن شاژن ئەمی شاردۆتەوە نەبادا ئەمیش بکوژێ، هەر لەبەرئەوەی کچە!

پیرەژن وتی:

«بەڵام ئێستاش پادشا دەیەوێ مارەت بکات لەبەرئەوەی کچی!.»

دوای ئەوەی پیرەژن لەگێڕانەوەی بەسرهاتەکە بۆوە، لەسەر خۆ ماڵەکەی جێهێشت، ماوەیەکی کەم دوای ئەوە پادشا لەخەو ڕابوو، وتی:

«من دەمەوێ بتخوازم و بتکەم بەژنی سێیەمم ئیدی بۆچی ئەوەندە دوور لەمنەوە ڕاکشاوی؟. وەرە پێشترەوە!»

لێرەدا دۆوا وەڵامیدایەوە:

«بیرت نەچێ من کچم، ئەوکچەی کە خۆت دەڵێی بەکەڵکی هیچ نایەت، کەچی ئێستاش داوام لێ دەکەی زیاتر نزیک ببمەوە... ئەدی تۆ ئەوە نازانی لەوانەیە کچان خەتەرناک بن، چونکە ئەوانیش دەتوانن خەڵک بکوژن!»



پادشا بێزاریی دەربڕی:

«کێ ئەم قسە پڕو پووچانەی پێوتی؟»

دۆوا بەردەوام بوو:

«باوک و دایکم پێیانوتم. تۆ زۆر شوێن گەڕاوی و دنیات زۆر دیوە، ئایا تاکو نهۆ کەست دیوە هیندەی من جوان بێ؟ دەتوانم بڵێم، من بۆیە لەسەر ئەم زەوییەم تاکو چاک و خراپ لێک هەڵاوێرم!»

وادیاربوو پادشا لەکچە حاڵی نەدەبوو. بۆیە دۆوا وتی:

«ئێستاش چاک گوێم بۆ شل کە بزانە دەڵێم چی. من هەر ئەو دۆوا یووپە یەم کە ساڵانێک لەمەو بەر لەجەنگەڵەکەدا چاوت پێی کەوت، من منالی تۆم لەژنی یەکەمت!... هەر کە خوشکەکانم لەدایک دەبوون تۆ گورج دەتکوشتن هەر لەبەرئەوەی کچ بوون و بەکەڵکی هیچ نەدەهاتن ئێستاش دەتەوێ بمخوازی، بەڵام تۆ دەبێ ئاگاداربی، بەپێی یاساکەی خۆت، دەبوو ئەو ڕۆژەی لەدایک دەبم بمکوژی. بۆیە دایکم منی لەلای ئەو پیرەژنە شاردبۆوە، خۆ دەبێ لەوە تێبگەی، من هەرگیز نابێ شوو بەتۆ بکەم!»

بەڵام پادشا باوەڕی بەم شرۆڤە و ڕوونکردنەوەیە نەبوو:

«چۆنی دەسەلمێنی کچی منی و هەر ئەو کچەی بەمنداڵی لەنێو جەنگەڵەکەدا دیومە؟»

«دەکرێ ژنی یەکەمت بانگ بکەی، ئەو دەتوانێ ئەم ڕاستییە بسەلمێنێ!» دۆوا ئاوای وت و ژنەشیان هێنا.

لەو دەمەدا ژنەکە گوێی لە سەر گورشتەکە گرتبوو، پادشا لەسەری ڕۆیی:

«باشە چۆنی دەسەلمێنی کە ئەم کیژە تازە شکۆفە و شۆخ و شەنگە کچی تۆیە؟»

ژنە ڕوونیکردەوە:

«بە ناوەکەیدا کە دۆوا یووپەیە، لەبەرئەوەی کاتێ لەدایک بوو نیشانەیەکی سپی بەسەر و ئەژنۆیەوە بوو!»

ئیدی هەموو چاویان بڕییە دۆوا. ئەویش ئەو ئەژنۆی کە نیشانە سپییەکەی پێوەبوو نیشانی دان، بەڵگەکە ڕاست و دروست لەوێ ئامادە بوو. دۆواو دایکی باوەشیان بەیەکدا کرد و پێکەوە ڕۆیشتن، پادشاش بەشەرمەزارییەوە لەوێ مایەوە.

*گێڕانەوەی: Mama Abdallah*



## پادشای دەوڵەمەند و پادشای هەژار

هەبوو نەبوو پادشایەکی دەوڵەمەند و پادشایەکی هەژار هەبوون. لە گوندێکدا نزیک یەک دەژیان.

ڕۆژێکیان ڕێبوارێکی زۆر هاتنە دێ و پرسییان:

«بەیارمەتی خۆتان ماڵی پادشامان نیشان نادەن؟»

کوڕێکی بچکۆلە لێیان چووە پێش و ماڵی پادشای دەوڵەمەندی نیشاندان.

بەڵام پادشای دەوڵەمەند هاتە دەرێ و بەگوێی منداڵەکە دا چرپاندی:

«هێی کوڕە بچکۆل، نەخەڵەتابی جارێکی دی ئێرە پیشانی خەڵک بدەی!

تۆ وا دەزانی مادام دەوڵەمەندم ئیدی دەبێ هەر خەریکی پێشوازیی ئەم داماو و بێچارانە بم کە ڕۆژێک لەڕۆژان دەستێک جلکی شیاویان لەبەری خۆیاندا نەدیوە!، نەخێر، هەر ئێستا بیانبە بۆ لای پادشای هەژار-!»

بەم شێوەیە میوانەکان لەلای پادشای هەژار گیرسانەوە. لەوێ بەگەرمی پێشوازی کران، ڕاخەرێکی گەورە ڕاخرا، میوانەکان دانیشتن و پادشا بەژنەکەی وت:

«میوانم هەیە، تۆ چیدەڵێی؟» ئەویش وەڵامیدایەوە: برنجێکی ئەوتۆمان نەماوە، بەڵام هەوڵ دەدات بەشی هەموویان بکات!

هەتا نان پێگەیشت، ئاوی گەرمیش ئامادە بوو، بۆ ئەوەی ڕێبوارەکان بتوانن پێش نان خواردن خۆیان بشۆن. دوای نان خواردنیش جێگەی نووستن بۆ هەموویان ئامادەکراو خەوتن.

بەیانی، دوای بەرچایی، میوانەکان ماڵئاواییان کرد و ڕۆیشتن. بەڵام هێشتا سێ سەعاتێک ڕانەبوردبوو دەستەیەک میوانی دی خۆیان بەگوندەکەدا کرد:

«هۆدی! هۆدی!»

«کاریبو! کاریبو!»

«پادشا لە کوێندەرێ دەژی؟»

هەمان کوڕێژگە لێیان چووە پێش و وتی:

«پادشایەک لێرە دەژی و پادشایەکیش هۆ لەوێ دەژی!»

پادشای دەوڵەمەند خێرا بەمنداڵەکەی وت:

«ئەمانە ڕەش و ڕووتن و بەرگی شیاویان لەبەردانییە. سەرباری ئەوەش چڵکن و پڵکنن!... جا لەبەرئەوە پێشیان کەوە بۆ لای پادشای هەژار!»

منداڵەکە چۆن فەرمانی پێدرابوو، وەهای کرد. کاتێ گەیشتنە ماڵی پادشای دووەم کوڕە قیڕاندی:

«هۆدی! هۆدی!»

خێرا وەڵام درایەوە:

«کاریبو! کایبو!»

«حاڵ و ئەحواڵتان چۆنە؟»

«زۆر باشین، بەڵام ماندووین.»

«بەخێرهاتن سەرچاو!»



جیگە و ڕێگا پیشانی میوانەکان دراو دانیشتن، ئەمجا پادشا برسی:

«ژنی خۆشەویستم، وەزعمان لەچدایە؟ چیمان هەیە؟»

ژنە وەڵامیدایەوە:

«ناکاندە. ئەمڕۆ ناکاندەمان(*) هەیە!»

پادشا وتی:

«کەواتە پێشکەش بەمیوانەکانی بکە، من دەچمە کێڵگە و کاردەکەم، دوای ئەوەی میوانەکان نانیان خوارد دێمەوە چاوم پێیان دەکەوێ»

ژنە نانی ئامادە کرد، سەر لە ئێوارە پیاوەکەی گەڕایەوە، پرسی:

«نانیان خوارد؟»

«بەڵێ خواردیان!»

پادشا وتی:

«زۆر چاکە، هەندێک برنجم پەیدا کردووە، سبەی بەیانی زوو بەر لەوەی ئۆغر بکەن بۆیان لێبنێ. من ماوەی دوو ڕۆژێک دوور دەکەومەوە، بەداخەوە کاتێ ئەوان لەخەو ڕادەبن من لەماڵ نابم»

«زۆر جاکە بەقسەت دەکەم!»

بۆ بەیانی چووە مووبەق، بەرچایی ئامادەکرد. بەرلەوەی میوانەکان لە خەو هەڵبسێنێ گەرماویشی جۆشدا بوو، ئیدی بەرچاییان خوارد، سوپاس و ماڵئاواییان کرد و لێیاندا ڕۆیشتن.

بەڵام بۆ ڕۆژی داهاتوو ڕێبواری نوێ وەربوونە نێو گوند، ئەمجارەیان دەستەیەک ژن بوون.

«هۆدی! هۆدی!»

---

(*) ناکاندە nakande= برنج و فاسۆلیا پێکەوە لێدەنرێن.

«كاريبو! كاريبو!»

«دەتوانن ماڵی پادشمان نیشان بدەن؟»

وەک جاران کورێژگەکە بەدەمیانەوە چوو، هەمان دەستووری پێشوو، پادشای دەوڵەمەند بێزاریی دەربڕی:

«پێشتر پیموتوویت ئەم جۆرە میوانانە بەتووشی منەوە مەکە! من کە میوانی پیاو دەردەکەم، ئێستا چۆن میوانی ژن ڕادەگرم؟ نەخێر، بیانبە بەرە و ڕووی پادشاکەی دیکەیان بکەرەوە!»

منداڵەکەش پێشیان کەوت:

«هۆدی! هۆدی!»

«کاریبو! کاریبو! ئۆه. میوانن... بەخێر بێن خوشکەکانم!»

دوای سڵاو و بەخێرهاتن، ژنە خواردنی ڕۆژی پێشووی بۆ گەرم کردنەوە و پێشکەشی کردن.

«خوشکەکانم، ئەوی ڕاستی بێ خەجاڵەتم، چونکە نەمتوانی خواردنێکتان پێشکەش بکەم شیاوی ئێوە بێ، من هەژارم، ئەگەرچی لە کێڵگە کاری سەخت دەکەم بەڵام بەخت یار و یاوەرم نییە، دیارە هێشتا خودا دەرووی لێنەکردووینەتەوە، لە کەم و کووڕیمان ببوورن، خودا هەر ئەوەی پێداوین، فەرموون بخۆن!»

ئەوەی دانرابوو خواردیان، دوای ئەوەی خۆیان شۆرد، خەوتن.

بۆ بەیانی داهاتوو، دوای دەربڕینی سوپاس و پێزانین بۆ ژنەی خانەخوێ، ماڵئاواییان لێ کرد و ڕۆیشتن.

لەو سەر و بەندەدا، لە دووڕا نامەیەک گەیشتە دەستی پادشای دەوڵەمەند، نامەکە سەبارەت بەکۆبوونەوەی گشتیی پادشاکان بوو.

کاتێ پادشای هەژار گەڕایەوە لە گەیشتنی ئەو نامەیە ئاگادار کراو بۆ



ئەم مەبەستە چووە دیدەنی پاداشتی دەوڵەمەند، تاکو لە نێوەڕۆکی نامەکە حاڵی ببێ پادشای دەوڵەمەند وتی، نامەکە پادشاکان بۆ کۆبوونەوە بانگهێشت دەکات و سبەی دەبێ بڕۆین.

سبەی سەر لە بەیانی، پادشای دەوڵەمەند خزمەتکارەکانی بانگ کرد:

«ئێوە دەبێ هیچ پێویستییەکتان لەنان و و شەکر و چاو جل و بەرگ لەبیر نەچێ. هەرچی لەم بۆنەیەدا پێویستە دەبێ پێمان بێ، نەبادا تووشی کێشەببین. من بۆ کۆبوونەوە دەچم!»

ئەمان تەدارەکیان ڕێکخست هەرچی پادشای هەژاریشە وتی:

«من نەختێ پاشماوەی خواردنم پێیە. خۆم چۆنم ئاواش سەفەر دەکەم، ئەگەر لەڕێ بانگهێشت کرام ئەوا دەخۆم، ئەگەر نا ئەوا بەشداریی کۆبوونەوەکە دەکەم و بەپەلە دەگەڕێمەوە.»

پێکەوە کەوتنە ڕێ، کات شەشی ئێوارە گەیشتنە گوندێکی گەورە، لەپێشدا پادشای هەژار گەیشت، کە هیچی وای لەگەڵ خۆیدا هەڵنەگرتبوو.

«هۆدی! هۆدی!»

«کاریبو! کاریبو!»

بەرێکەوت لەو گوندەدا کابرایەک دەژیا پادشای هەژاری دەناسی،

هەر کەبیستی پادشا گەیشتۆتە وێ، وتی:

«چاکی دەناسم. ئێمە چووینەتە ماڵی و لەلای ماوینەتەوە!»

پیاوەکە ژنەکەی بانگ کرد تاکو دەستبەجێ گەرما و جۆش بدات و بەپەلە چێشت و نانێکی چەور و نایاب ئامادە بکات، پادشا دەبێتە میوانیان. ئەمجا بەرە و پیری پادشا چوو، وتی:

«جەنابی پادشا، تۆ میوانی منی و خۆشحاڵ دەبم گەورەمان بکەی، فەرمووبۆ ماڵەکەم!»

پادشای هەژار وەڵامیدایەوە، ئەوان دوو پادشان و هاوسەفەرن.

ناتوانێ هاوڕێکەی بەجێبێڵێ. بەڵکو پێی خۆشە ئەویش لەگەڵ خۆیدا بهێنێ. ئیدی بەجووتە بوونە میوانی کابرای خانە خوێ. لەوێ تێر نانیان خوارد. خانەخوێ پرسی، داخۆ ئەوان لەم گەشتەیاندا تەنیا دوو کەس بوون. پادشای دەوڵەمەند وەڵامیدایەوە، کە ئەو یاوەرەکانیشی لەگەڵ خۆیدا هێناون.

«ئەدی ئەوان لەکوێن، بۆ لەگەڵ خۆت نەتهێناون بۆ ئێرە؟»

ئەمجا پادشای دەوڵەمەندیش وتی، بەنیازە بیانهێنێ، دەبێ خواردن بۆ ئەوانیش ئامادە بکرێ.

بەیانی هەموویان ڕۆیشتن. «کواهەری!. کواهەری!»

دیسان هەتا کات شەشی ئێوارە بەڕێوەبوون، لەوەدابوو تاریک دابێ و گەیشتنە گوندێکی لەوەی پێشوو گەورەتر، کە نزیک بوونەوە، لە ناکاو یەکێک هاواری کرد:

«ئۆهـ، کوڕە خۆ ئەوە پادشای هەژارە. لەوانەیە بەرە و کۆبوونەوەکە بەڕێوەبێ، ئێستا ژنەکەم بەدەست و برد خواردن ئامادە دەکات و دەتوانین بانگهێشتی بکەین!»

ئەوان شێویان ئامادەکرد و بەجووتە چوونە دیدەنی پادشا، بەڵام ئەو دیسان وتی، ناتوانێ بەتەنیا ئامادە بێ و دەبێ هاوڕێکەشی بانگ بکات و پێکەوە بێن... کە هاتنە ماڵەکە گەرما و گەرم کرابوو چێشت و نانێکی زۆریش لێنرا بوو.

ڕۆژی سێیەمیش هەمان دەستوور. بەر لەوەی شەو بەسەردا بێ گەیشتنە گوندێک. لێرە ئەو ژنانە دەژیان کە پادشای هەژار میوانداریی کردن. کاتێ ژنەکان چاویان بەجووتە پادشا کەوت، یەکێکیان وتی:

«لۆ!... ئەگەر پادشای هەژار بەتەنیا بوایە لەگەڵ خۆمدا دەمبردەوە ماڵ .



بەڵام حاشا لەدیداری ئەوی دیکەیان. ئەتوارێکی ناجۆری هەیە!»

ژنێکی دیکەیان هەڵکێشایە:

«ئەگەر کەسێک خراپ هەڵسوکەوتی لەگەڵدا کردی و تۆش بەهەمان شێوە تۆڵەت لێ سەندەوە، ئەوا تۆیش دەبیتە مرۆڤێکی خراپ و ناجۆر. ئەو زۆر خراپ هەڵسوکەوتی کرد، لەگەڵ ئەوشدا دەبێ ئێمە پێشوازیی لێ بکەین. چونکە ئەگەر پشتگوێمان خست، وەک ئەوەیە پادشای هەژاریشمان پشتگوێ خستبێ!»

ئیدی ژنەکان هەردوولایان بانگ کردن و خواردن و جێی نووستنیان بۆ دابین کردن.

بۆ سبەی بەیانی کۆبوونەوەکە گرێدرا،. دوای کۆبوونەوەکەش خۆیان بۆ گەڕانەوە ئامادەکرد. دوای ئەوەی گەیشتنەوە ماڵ، پادشای دەوڵەمەند باسی گەشتەکەی بۆ خەڵک گێڕایەوە، چونکە پادشاکەی دیکەیان یەکسەر ڕوویکردە کێڵگەکەی و دەستی بەکار کردەوە. پادشای دەوڵەمەند وتی:

«ئەگەر لەگەڵ مندا نەبووایە، ئەوا پادشای هەژار لەم گەشتەدا لەبرساندا دەمرد من ئازووقەم لەگەڵ خۆمدا بردبوو، بەڵام زیاد بوو بەکارام نەهێنا، چونکە ئەو لات و هەژار بوو، خەڵک ڕێزیان لێ نەدەنا.

بەڵام کاتێ دەیاندی هاوڕێی منە، شتێکیشیان بەو دەدا بیخوات!»

ئەم قسانە بەرە بەرە گەیشتنەوە پادشای هەژار، بەڵام بڕیاری دا، جارێ باسی نەکات.

دوای چەند هەفتەیەک نامەیەک گەیشت، داوا لەهەردوو پادشا دەکات دووبارە بچنەوە بۆ کۆبوونەوە، بەڵام ئەمجارەیان پادشای هەژار وتی:

«دوای گەشتی ئەم دواییە لەلای خەڵک وتبووت، ئەگەر تۆ نەبوویتایە من لەبرساندا دەمردم، فەرموو ئەمجارەیان خۆت بەتەنیا ئۆغر بکە!»

ئیدی پادشای دەوڵەمەند دەستی دایە گۆچانەکەی و بەتەنیا ڕۆیشت،

سەعات شەشی ئێوارە، گەیشتە هەمان گوندی جاری پێشوو. خەڵکی دێ کە دیتییان کێ لەدێیە، دەرگایان بەڕوودا داخست.

باشە ئەمانە بۆچی وەها دەکەن؟ ئەوان وتیان:

«ماوەیەکە شەو لەدەرەوە، لە کێڵگەکانمان دەمێنینەوە، بەڵام فەرموو ئەمەماڵێکی چۆڵە، دەتوانی لێی بخەوی جەنابی پادشا!»

«لۆ!... لە بەیانییەوە هیچم نەخواردووە و ئێستاش ئێوە دەرگا بەڕوومدا دادەخەن، تەنیا ئەوەندەم پێڕەوا دەبینن لەجێیەکدا لێی بخەوم!»

پادشا خەوی لێکەوت. بۆ سبەی پادشا جوولا. کات شەشی ئێوارە گەیشتە گوندی دووەم.

«هۆدی! هۆدی!»

«کاریبو!... لۆ!... پادشا ئەوە خۆتی؟ بەڵام ئێمە خەریکین مردوویەک بەخاک دەسپێرین. دراوسێیەکمان ئێوە خۆش، بەڵام دەتوانی بچیتە ماڵەوە و بخەوی!.»

بۆ سبەی هەمان پێشهات دووبارە بۆوە. پادشا ئەم گوندەی جێهێشت و دەمەو ئێوارە گەیشتە گوندەکەی دی، بانگی کرد:

«هۆدی! هۆدی!»

وەڵامەکەی پێگەیشت:

«کاریبو! کاریبو! ئۆ، پادشا ئەمە خۆتی! بەداخەوە ئێمە وا خەریکین بەرە و نگۆما دەچین، بەڵام دەکرێ دەرگاکە بکەیتەوە و لەماڵەکەماندا بنووی.»

خەڵکەکە ڕۆیشتن و پادشا بەتەنێ مایەوە، لەدڵی خۆیدا وتی:

«ئەگەر لەم گەشتەدا بەردەوام بم، ئەوا دڵنیام لە برساندا دەمرم.



بەمرۆوە سەری سێیەم ڕۆژە هیچم نەخواردووە! تەنانەت چایەکیشم بۆ پەیدا نەکراوە! کەسیش لێرە نییە دەردی دڵی لەلا باس بکەم.»

ئیدی بڕیاری دا ڕێ و ڕێ بگەڕێتەوە ماڵ. کاتێ پادشای هەژار بیستی برادەرەکەی گەڕاوەتەوە. سەری داو بەپەرۆشەوە لێی پرسی:

« چ شتێکی نوێ لە کۆبوونەوەکەدا باس کرا؟»

«ئۆها!... سەفەرێ بوو، پڕبوو لە دەردیسەری، دەگەیشتمە هەر شوێنێ، خەڵکەکەی ماڵیان چوڵ دەکرد و منیان بەتەنیا جێدەهێشت بێئەوەی شتێکم بدەنێ بیخۆم، ئەوەندە گێل بووم نەمکرد هیچ نەبێ تەرمۆسێ چایی لەگەڵ خۆمدا ببەم، ئیدی ئەوەبوو گەڕانەوەم پێ باشتر بوو تاکو ئەوەی بەردەوام بم و بۆ کۆبوونەوەکە بچم!»

ئەمجا پادشای هەژار وتی:

«تۆ لەڕێزی منت کەم کردبۆوە و لەپاش ملە لای خەڵکی گوند قسەت پێوتبووم. کەچی میوانەکانت دەردەکەیت و دەیانکەیتە سەر من، ئەگەرچی لەدارای دنیا ئەوەندەم نییە بەشی خۆم بکات بیخۆم، بۆ خەوتنیش، بەزەحمەت لە ماڵەکەمدا جێی خۆمان دەبێتەوە، تۆ ئامادەییت تێدا نییە دەست بەرداری کەمێک لەو سامانە زۆرە ببی کە هەتە!

بەدرێژایی ئەو گەشتەی پێکەوە کردمان، لە هەموو لایەکەوە بانگهێشت دەکراین، بەڵام ئەو پێشوازییە گەرمە لەبەرخاتری چاوی کاڵی تۆ نەبوو، بەڵکو لەبەر خاتری من بوو، چونکە من هەمیشە لە ماڵەکەمدا پێشوازیی لەو خەڵکە دەکەم، هەر لەم سۆنگەیەشەوە بوو ئەمجارەیان لەگەڵت نەهاتم، بۆ ئەوەی بەچاوی خۆت ببینی چۆن لەبەر ڕەفتار و هەڵسوکەوتی خراپت پشتت تێدەکەن و لێت هەڵدێن!»

*گێڕانەوەی: Mama Abdallah*

## شێرو ڕاوچی

پیاوێک هەبوو ڕاوچی بوو، بژێوی و گوزەرانی لەسەر ئەو ئاژەڵ و باڵندانە بوو کە لە دارستاندا بەتەڵەکەیەوە دەبوون. ڕژاوچی، ڕۆژانە گیاندارێکی گەورەی ڕاو دەکرد...

لەو دەمەدا کە خەریک بوو نێچیرێکی کەرت و پەرت دەکرد، شێرێکی پیری لێ پەیدا بوو: «ئەم نێچیرەم بدەرێ!»

شێرەکە هێندە پیرو پەککەوتە بوو، خۆی نەیدەتوانی گیانداری کێوی ڕاو بکات، بەڵام ڕاوچی کە بێگومان پێویستی بەنێچیرەکە هەبوو، لەگەڵی ڕێکەوت، هەر جارێک گیاندارێکی ڕاو کرد، جگەرەکەی بداتێ...

ئیدی بەم شێوەیە هەموو جارێک ڕاوچی نێچیرەکەی بەبێ جگەر بۆ ژنەکەی دەبردەوە ماڵەوە. ژنە سەری سوورما و خۆشی حەزی لە جگەر بوو. بۆیە لەمێردەکەی پرسی، هۆی چییە هەموو نێچیرەکانت بێ جگەرن... پیاوەکە وەڵامی نەدایەوە. بەڵکو داوای لێکرد خەریکی کاری خۆی بێ. چونکە ڕاوشکار کاری پیاوانە.

ڕاوچی وەک لێڕاهاتبوو، هەموو جارێک نێچیرەکەی جەرگی نەبوو،

ژنەش لە سەرسوورمانێکی بەردەوامدا دەژیاو نەیدەتوانی وەڵامی ڕاستی لەپیاوەکەی دەست بکەوێ، بۆیە بڕیاری دا خۆی دوای ئەم مەتەڵە بکەوێ.

ڕۆژێکیان دوای پیاوەکەی کەوت و بەچاوی خۆی دیتی چۆن پیاوەکەی بەدەستی خۆی جەرگی نێچیرەکە جیادەکاتەوە و دەیدا بەشێرەکە.



ژنەکە بەسەرنجدانی ئەم کەین و بەینەوە خەریک بوو، ئاگای لە خۆی و دەوروبەری نەما، لەپڕ خزاو بوو بەتەڵەی پیاوەکەیەوە!

کاتێ شێر هاتە سەیری تەڵەکە تاکو بزانێ داخۆ جگەری دیکەی ناکەوێ، دیتی ژنی ڕاوچی بەتەڵەوە بووە... شێرەکە تێر خواردنی نەبوو. بەڕاوچی وت:

«جەرگی ژنەکەشتم دەوێ، ئێمە لەسەر ئەوە ڕێکەوتووین، هەرچی بەتەڵەکەتەوە بوو بەشی بکەین،، هەمووی بۆ تۆ، جگەرەکەی بۆ من. ئێستاش بەشی خۆمم دەوێ!»

ڕاوچی ترسی لێ نیشت، وتی:

«ئەگەر جگەرەکەی ببەی، ئەوا بێگومان بە دەمرێ!»

بەڵام پیرەشێر بەلەخۆبایی بوونەوە وەڵامیدایەوە:

«باشە ئێمە چووزانین دەمرێ، خۆ هێشتا تاقیمان نەکردۆتەوە!»

ڕاوچی دەستێکی کەوتە ئەملای و یەکێکی کەوتە ئەولای. نەیزانی چیبکات... لەو دەمەدا چەند ڕێبوارێک بەوێدا ڕەت دەبوون، ڕاوچی بانگی کردن تاکو پرسیان پێبکات. ئەبو نواسی لەنێو ئەو ڕێبوارانەدا بوو. ڕاوچی لە نووکەوە بەسەرهاتەکەی بۆ گێڕایەوە، باسی ئەوەی بۆ کرد چۆن لەگەڵ شێردا لەسەر ئەوە ڕێککەوتوون ئەم هەر گیاندارێکی ڕاو کرد بەشێکی شێری تێدابێ کە جگەرەکەیەتی، بەڵام ئێستا شێر داوای جگەری ژنەکەیشی لێدەکات، لەبەرئەوەی لە بەختی ڕەشی پێی ترازاوە و بەتەڵەکەوە بووە!

ئەبو نواسی ورد و قووڵ بیری لێکردەوە، ئەمجا بەڕاوچی وت:

«تۆ دەبێ جگەری ژنەکەت بدەی بەشێرەکە، ئەو نامرێ، بەڵام لە پێشدا لە تەڵەکە ڕزگاری بکە!»

ئەمجا ئەبو نواسی ڕوویکردە پیرە شێر و لێی پرسی:

«دەتوانی بۆم ڕوونبکەیتەوە چۆن چۆنی ژنی ڕاوچی بەتەڵەکەوە بوو؟»

شێر وەڵامیدایەوە:

«ئەم ژنە ڕێک پێی نایە بان تەڵەکە، بێگومان تەڵەکەش دەیگرێ!»

بەڵام ئەبونواسی وەها خۆی پیشاندا گوایە لە ڕوونکردنەوەکەی ئەو نەگەیشتووە، بۆیە وتی:

«دەتوانی نەختێ باشتر ڕوونی بکەیتەوە. هەوڵ بدە لاسایی هەنگاوەکانی ئەم ژنە بکەیتەوە، تاکو منیش باشتر حاڵی ببم.»

شێر کە زۆری حەز لە جگەری ژنەکەبوو، ئەبو نواسی داوای چی لێکردبوو ڕێک وەهای کرد، شوێن پێی ژنەکەی هەڵگرت، ئیدی سەرقاڵی ئەوەبوو بەڕاستی لاسایی بکاتەوە، بۆیە ئاگای لەخۆی نەما، خزاو کاتێک بەخۆی زانی بەتەڵەکەوە بووە.

ئەبو نواسی بەشێرەکەی وت:

«کەواتە ئەی شێر، ئێستاکە منیش جگەری تۆم دەوێ، وەک چۆن تۆ داوای جگەری ژنی ڕاوچی دەکەیت!»

پیرەشێر ئەوق بوو، وتی:

«ئەگەر جگەرم دەربێنی ئەوا بەڕاستی دەمرم!»

ئەبو نواسی وەڵامیدایەوە:

«هۆی چییە تۆ دەمری و ژنی ڕاوچی ئەگەر جگەری دەربێنی نامرێ؟!

پێویستە لە سزای دڵ ڕەقیتا، لە سزای ئەوەدا کە تەنیا بیر لەخۆت دەکەیتەوە. لێرەدا بەتەڵەکەوە بمێنیتەوە تا لەبرساندا دەمری!»

بەژنی ڕاوچیشی وت:



«لەگەڵ پیاوەکەتدا بچۆرەوە ماڵەوە و لەمەودواش لووت مەژەنەرە کاروباری مێردەکەتەوە!»

*گێڕانەوەی:* *Yaseph Mathias*

# تیکا-ی هەمیشە گوێڕایەڵ

ساڵانێکی زۆر لەمەوبەر پیاوێک هەبوو (ماکامە وا ماکامە)ی ناو بوو، لەگەڵ ژنەکەی و تیکا-ی کچیدا پێکەوە دەژیان.

دوای چەند ساڵێک ماکامە بڕیاری دا ژنێکی دیکە بێنێ، ئەم بڕیارەشی لەبەرئەوەبوو، ژنەکەی و تیکای کچی فریای ئەو کار و فرمانە زۆرەی کێڵگەکەیان نەدەکەوتن. ئەو زۆریشی حەز بەوە بوو نەوەی زۆربێ، تاکو لە تافی پیرییدا بەدڵنیاییەوە بژی.

ژنە تازەکەشی کچێکی هەبوو... بەم شێوەیە ماکامە دوو ژن و دوو کچی هەبوو، ژنی دووەم گۆزەگەر بوو، ئەو لە گوندەکەیدا بەم پیشەیە بەناوبانگ بوو، تا بڵێی حەسوود و بەخیل بوو، لەوەش دڵنیابوو کە ماکامە بەلای ژنی یەکەمدا دایدەشکێنێ و ئەوی بەلاوە پەسەندترە.

بڕیاری دا لە ئایندە دەرفەتێکی وا بدۆزێتەوە بتوانێ خۆی لە دایکی تیکا ڕزگار بکات، ئەو دەرفەتەشی بەگورجی بۆ هاتە پێشەوە.

ڕۆژێکیان، لەو دەمەدا تیکا خەریکی یارمەتیدانی باوەژنەکەی بوو، دڵی چووە سەر گۆزەکان، وتی:

«دایە!... زۆر خۆشحاڵ دەبم ئەگەر گۆزەیەکیش بۆ من دروست بکەی!»

باوەژن بەونیازانە وەڵامیدایەوە:

«ئەگەر دەتەوێ گۆزەت بۆ بکەم ئەوا دەبێ لە پێشدا دایکت لەنێو ببەیت و بیکوژی، جا ئەوسا یەک گۆزەی جوانی ئاوات بۆ دروست دەکەم!» تیکا



بەدەم گریانەوە ئەم داوایەی ڕەتکردەوە، بەڵام باوەژن بەزەبری جادوو، وەک خۆی ویستی ئەم کارەی پێکرد!

ئیدی ڕۆژێکیان تیکاو دایکی دەچوونە سەر بیر تاکو ئاو بێنن، لەو دەمەدا کە ئاویان لە بیر دەردەهێنا، کچ بەدایکی وت:

«دایە، من زۆرم تینووە، هەندێ ئاوم بۆ دەرناهێنی؟»

دایکیشی بەسەر بیرەکەدا چەمییەوە تاکو هەڵبگۆزێ، لەو دەمەدا کچە پاڵێکی قایمی پێوەنا و خستییە نێو بیرەکەوە و خنکا!

کاتێ تیکا گەڕایەوە ماڵ، بەباوەژنەکەی وت:

«هەر ئێستا تۆ چۆنت وتبوو وەهام لێکرد، پاڵم بەدایکمەوە نا بۆ ناو بیرەکەو خنکاندم و لەکۆڵم کردەوە، ئێستاش وەک پەیمانت پێدابووم گۆزەیەکی جوانم بۆ دروست بکە!»

بەڵام باوەژن ئاوا وەڵامیدایەوە:

«جا تۆ کەپڕکێشی بکەی دایکی خۆت بکوژی، ئەوا بێگومانم منیش دەکوژی!»

تیکا گۆزەی دەست نەکەوت، دوای ئەوەی باوەژن جادووەکەی بەتاڵ کردەوە ئەمجا کچەزانی چ کارەساتێکی گەورەی لەدەست قەوماوە، پەشیمان شاخی لێبڕوایە لەتیکا دەڕوا.

ئیدی لەو ڕۆژەوە باوەژن زۆر دڵڕەقانە مامەڵەی لەگەڵدا دەکرد، بەڕێک و پێکی خواردنی نەدەدایە، تەنیا پاشماوەی گوێزی هیندی دەدایە.

دەبوایە بەتوێی خانگایەکی دڕاوەوە لەسەر زەوییە ڕووتەکە بنوێ.

ماکامە زوو زوو دەچووە گەشت و گەڕان، لەو دەمەشدا لەماڵ دەبوو گوێی نەدەدایە تیکاو شتێکی نەدەدایە تاکو بیخوات. چونکە دەستوور وابوو پیاوان بەجیا و ژنان بەجیا نانیان دەخوارد.

ڕۆژێکیان هیچی دەست نەکەوت بیخوات، لە برساندا سکی هەڵدەگوشی، لەو دەمەدا بەدڵی تەنگەوە بیری دایکی کرد. کاتێکی بەخۆزانی بەرە و خوار بەرە و ئەو بیرەی دایکی تێدا خنکاند بەرێوەیە... لەوێ دانیشت و دەستی بەگریان و کڕووزانەوە کرد، لەپڕ گوێی بەدەنگی دایکی زرنگایەوە:

«کچی ئازیزم! تۆ ئەوسا لە دنیادا منت سزاو ئازار دا، لێرە لەو دنیاش هەر ئازارم دەدەی، لا بکەرەوە کچی شیرینم، ئەو دار پاپایا-یە (Pa-paya) ببینە چەندی میوەی جوان گرتووە!»

کچە چەندی توانی لێی خوارد، کە تەواو تێر بوو، گەڕایەوە ماڵ، ئێوارە باوەژنەکەی وەک جاران پاشماوەی گوێزی هیندی خستە بەردەم،

تیکاش وتی: «من برسیم نییە!»

باوەژنیش لێی پرسی: «لە کوێ شێوت کردووە؟»

تیکا وەڵامی نەدایەوە... تیکا ڕۆژانە بەرە و هەمان درەختی لای بیرەکە شۆڕدەبۆوە و تێر (پاپایا)ی دەخوارد، کە باوەژنیشی لێی دەپرسی لە بەر چی نان ناخوات، کچە وەڵامیدەدایەوە:

«هیچ هۆیەک نییە. ئەوەندە هەیە برسیم نییە. ئەوەندە هەیە برسیم نییە!»

ڕۆژان دەڕۆیی و باوەژن پتر گومانی لێدەکرد. تا ڕۆژێکیان داوای لە کچەکەی خۆی کرد دوای تیکا بکەوێ، جارێکیان بەجووتە چوونە سەر بیرەکە ئاو بێنن. کە گەیشتنە ئەوێ، تیکا دەستی بەگریان و کڕووزانەوە کرد، ئیدی هەردووکیان گوێیان لە دەنگی دایکی تیکا بوو، لەبنی بیرەکەوە دەیگوت:

«تۆ لەیەکەم دنیا ئازار و سزات دام، ئێستاش لەو دنیا هەمان دەستوور!» دەنگەکە لەسەری ڕۆیی:



«لابکەرەوە کچی شیرینم، دار پاپایا- یەکە دەبینی، میوەیەکی زۆری گرتووە!»

وەها دەرچوو، ئەو درەختەی کاتێ ئەمان هاتن ڕووت و قووت و بێبەر بوو، لە پڕێکدا، سەرتاپا بوو بەمیوەی بەتام و ئاودار.

جووتە کچ تەکاندیان و میوە بەربۆوە سەر زەوی، چەندیان توانی خواردیان!

هەر کە گەیشتنەوە ماڵ، باوەژن پرسی: «لە کوێ بوون؟»

کچەش هەمووی بۆ دایکی گێڕایەوە. ئەویش وتی:

«خێرا بڕۆ ئەو درەختە لەبندا ببڕە!» کچەش بێوەستان فرمانی دایکی خۆی جێبەجێ کرد.

بۆ ڕۆژی داهاتوو تیکا بەرە و بیرەکە چوو، زانی درەختەکە لەوێ نەماوە. سەری سووڕما، چەند درەختێکی جوان بوو، بەڵام حەیف کە نەیزانی چی بەسەرهات... گوێی بەدەنگی دایکی زرنگایەوە، دەیگوت:

«گوێ بگرە ئازیزەکەم! باوکت مانگایەکی زۆری هەیە، بچۆ خوارەوە بۆ لای مانگا گەورەکەیان و داوای لێبکە دەمی بکاتەوە، هەر چییەکی پێبلێی بەگوێت دەکات، ڕێگەت پێدەدا بچیتە دەمییەوە و لەوێشەوە بخزێیتە ناو سکییەوە. هەر لەوێشدا من دەبینی!»

دایکی چی پێوتبوو بەقسەی کرد، کاتە هاتە لای مانگاکە، ئەم گۆرانییەی وت:

«مانگا گەورەی دایە و بابە، دەرگام لێبکەوە بارەت بم، مانگایەکی ژیر و چابە!.»

بە تەواوی ڕاست دەرچوو! مانگاکە زاری کردەوە، کچەش بەسکەخشکێ خۆی خزاندە ناوی، پێیدا ڕەتبوو تا گەیشتە ناو سکی، لەوێ بەدایکی

گەیشت، کچە نەیدەتوانی بیبینێ، بەڵام دەنگی دەبیست و هەستی بەئامادەبوونی جەستەی دەکرد.

لێرە لەنێو سکی مانگاکەدا، دایکی پرچەکانی بۆ هۆنییەوە و خانگایەکی کردە بەر و خواردنێکی زۆریشی دایە.

کاتێ کچە گەڕایەوە ماڵ، دیسانەوە پرسیاری ئەوەی لێکرا لە کوێ بووە و چی خواردووە، بەڵام ئەو وەڵامی کەسی نەدایەوە.

ڕۆژانە تیکا دەچووە خوارەوە بۆ لای مانگا گەورەکە، بەڵام دوای ماوەیەک بەنیازی تاقیب کردنی، خوشکەکەیان دوادەخست، بەم شێوەیە کچە گوێی لە گۆرانییەکەی خوشکی بوو:

«مانگا گەورەی دایە و بابە، دەرگام لێبکەوە بارەت بم، مانگایەکی ژیرو چابە!» تیکاشی دیت لەزاری مانگاکەدا بزربوو. دوای ماوەیەک دیتی خوشکەکەی گەڕایەوە. پاک و خاوێن شۆرابوو، تێر و پڕ بوو، ئەمجا لەتەکییدا گەڕایەوە ماڵ.

بەم شێوەیە، باوەژن زوو پێی زانی تیکا لەکوێ خواردن پەیدا دەکات.

ئیدی ژنە خۆی کرد بەنەخۆشێکی بێحاڵ. کاتێ ماکامە لێیپرسی چ خێرییێتی و چی لێقەوماوە، ژنە وتی:

«من زۆر بێحاڵم، سووریش دەزانم خەتای تیکابە! با بەیەکجاری ڕزگارمان بێ لەدەستی و بیکوژین، ئەو بەسیحر دەستی بەسەر مانگا گەورەکەدا گرتووە!»

ماکامە باوەڕی بەم قسانە نەبوو، بەڵام لەبەر خاتری ئەو مانگاکەی سەربڕی.

کاتێ تیکا نائومێدانە دیتی هەروا زوو مانگا گەورەیان سەربڕی، بەپەلە بەرە و لای بیرەکە شۆڕ بووەوە، بەدەم گریان و هاوارەوە وتی:

«دایە! دایە!... مانگاکەیان سەربڕی!»



دایک وەڵامیدایەوە:

«ئاگادارم ئازیزەکەم، لێگەڕێ، باگۆشتەکەی بخۆن، بەڵام تۆ دەبێ ئێسکەکانی کۆ بکەیتەوە و دوور فڕێیاندەیتە دەریاوە، لەڕۆخی دەریا پیاوێک دەبینی ماسییەکی گەورەی ڕەنگ زیوینی پێیە!»

چۆن ئامۆژگاری کرابوو کچە وەهای کرد... ڕاست دەرچوو، لەکەناری دەریا پیاوێکی پێگەیشت ماسییەکی گەورەی هەڵگرتبوو، کچە داوای لێکرد بیداتێ بیباتەوە ماڵ، لەڕێگا، لەپڕێکدا ماسی هاتە زمان:

«یارمەتیم بدە! تا منیش بۆ جاری داهاتوو یارمەتیت بدەم!»

کچە ماسییەکەی خستەوە نێو ئاوەکە. کاتێ گەیشتە ماڵی پیاوەکە، پێی گوت ماسییەکە خۆی ڕاپسکاند، لەدەستی بەربوو، گەڕایەوە نێو دەریا.

پیاوەکەش پرسی:

«وازی لێبێنە باوەڵ بێ! سبەی یەکێکی دیکەت بۆ ڕاوەدەکەم!»

لەڕۆژانی داهاتوودا، تیکا خەریکی گواستنەوەی ئێسک و پروسکی مانگاکە بوو دەیخستنە دەریاوە.

بەیانییەکیان پاش ئەوەی دوا ئیسکی فڕێدابووە دەریاوە، ئا لەو ساتەدا، کاتێ چاویان کردەوە، چیایەکی زیوینی گەورەی دەروشاوەیان دوور لەنێو دەریادا بینی... پادشایان لەم چیا ئەفسانەییە ئاگادار کرد.

ئەویش بەڕەسمی ڕایگەیاند، هەر پیاوێک بتوانێ ئەوچیا زیوینە بگرێ، ئەوا نیوەی سەرمایەی خۆی دەداتێ، ئەگەر ئافرەتیش بوو، ئەوا پادشا دەیخوازێ و دەبێتە شاژن!

بۆ ئەم مەبەستەش پادشا هەموو خەڵکەکەی بانگرد، چەندین کەس هەوڵیان دا، بەسواری بەلەمەکانیانەوە، بەسەوڵ لێدان بەرە و چیاکە

چوون، بەڵام هەموو جارێ کە لێی نزیک دەبوونەوە، ئەو ون دەبوو... کەسایەتییە پیاو چاک و ڕۆمانییەکان بانگکران، ئامۆژگارییان بۆ پادشا ئەوە بوو، تەنیا کچێک هەیە بتوانێ چیا درەوشاوەکە بگرێ و بیهێنێ. ژنەکەی ماکامە، دوای ئەوەی دەرگای لەسەر تیکا داخست و لەماڵەکەیدا بەندی کرد، کچەکەی خۆی بۆ ئەوێ نارد. بەڵام کچەکەی هیچی پێنەکراو بەخت یاوەری نەبوو.

ئەمجا خەڵکەکە پێشنیازیان کرد، ماکامە کچەکەی خۆی بنێرێ تا هەوڵی ڕاپەڕاندنی ئەم کارەبدات، کاتێ پادشا گوێی لەم قسانە بوو، فەرمانی دا بچن تیکا بهێنن.

تیکایان لەماڵ دەرهێنا. هەرکە تیکا گەیشتە کەناری دەریا تێیهەڵکردە گۆرانی:

«یادگاری بابە و دایە
هۆ چیای زیوینی نازدار
گوێیە بۆ ئەم ڕازە شلکە و
وەرە بۆ لام، بەرە و کەنار!»

دوای ئەوەی دوو جاران ئەم گۆرانییە کورتەی چڕی، چیای زیوین بەرە و کەنار جووڵا و ڕێک ڕووە و ئەو جێیە هات کە تیکاو پادشای لێوەستابوون... بێگومان پادشا سەری لەم کارە سووڕما، هاواری کرد:

«تۆ دەبیتە خێزانی من!»

بۆ ڕۆژی داهاتوو زەماوەندێکی گەورە سازکرا و ئاهەنگ حەوت ڕۆژی خایاند.

ماوەیەکی کورت دوای ئاهەنگەکە، باوەژن کچەکەی خۆی بۆ سەردانی تیکا نارد، بەخێرهاتنێکی گەرمی لێکرا، خواردنی بەتام و دیاریی بەنرخی پێشکەش کرا.



کاتێ گەڕایەوە، لێیان پرسی، داخۆ لەکۆشکی پادشادا چۆن مامەڵە لەگەڵ خوشکەکەیدا دەکەن، ئەویش لەوەڵامدا وتی:

«زۆر لەگەڵی باش بوون، وابزانم لەگەڵ پادشادا یەکدییان خۆشدەوێ!»

دایکی کە گوێی لەم قسانەبوو لە ئێرەییدا تووشی نەخۆشی بوو، چونکە ئەو پێیخۆش بوو کچەکەی خۆی لەو جێیە بوایە، وتی:

«دەبوایە تۆ شووت بەپادشا بکردایە نەک ئەو!. ئەمجارەش سەری خوشکەکەت بدە و لە نهێنییەکانی شارەزا بە، جا ئەوسا سەیر بکە بزانە چی ڕوو دەدات!»

کچە ئەمجارەش بۆ سەردانی خوشکەکەی کە تازەشاژن بوو، چوو، پادشا لەماڵ نەبوو، دوای ماوەیەک گفتوگۆ کچە وتی:

«وەرە ئێرەوە، پرچەکانت بۆ بهۆنمەوە!»

شاژن قایل بوو. لەو دەمەدا کە خوشکەکەی قژی بۆ دادەهێنا و دەیهۆنییەوە، دەرزییە وردەکانی چەقاندە سەری، یەک، دوو، سێ... کە حەوتەم دەرزیی تێچەقاند، شاژن گۆڕا، بوو بەمەلێک، دای لە شەققەی باڵ و لەچاو ونبوو.

دوای ئەم ڕووداوە، یەکسەر زڕخوشک خۆی بەژووری نوستنی پادشادا کرد، هەموو دەرگا و پەنجەرەکانی داخست و لەنێو جێدا لێی درێژ بوو.

کاتێ پادشا گەڕایەوە، دیتی هەموو دەرگا و پەنجەرەکان داخراون، کاتێ لەهۆی ئەم کردەوەیەی پرسی، خوشکی شاژن لەنێو تاریکییەوە وەڵامیدایەوە:

«ئۆی!... من نەخۆشم و تەواو بێحاڵم!»

پادشا فەرمانی دا چرایەک پێبکرێ، بەڵام دەنگەکە وتی:

«چرا هەڵمەکە چاوەکانم گل دەکەن، تەنیا تاریکی بەکەڵکم دێ!»

بۆ ڕۆژی دوایی باڵندەکە گەڕایەوە، دیتی خزمەتکارەکە خەریکی بەرچایی ئامادەکردنە، لەپڕ مەلەکە سترانی «کیباراکا! کیباراکا»ی چڕی:

خزمەتکارەکە وەڵامیدایەوە:

«بەڵێ بەڵێ! چیت لێم دەوێ!»

«حەزم لە فاسۆلیای سوورە!»

«بەڵێ بەڵێ، تۆ تەنیا فاسۆلیا دەخۆی.»

«سەرگەورەکەت بۆ کوێ چووە، کیباراکا؟»

«بۆ مزگەوت چووە، تاکو نوێژەکەی بکات.»

«کەهاتەوە سڵاوی منی پێبگەیێنە!»

مەلەکە بێدەنگ بوو، دای لە شەققەی باڵ و لەچاو ونبوو.

خزمەتکارەکە تەواو حەپەسا کاتێ گوێی لە باڵندەکە بوو سترانی دەچڕی.

بڕیاری دا ئەم بەسەرهاتە بۆ پادشا بگێڕێتەوە.

هەرکە پادشا گەڕایەوە، خزمەتکارەکە هەموو شتێکی سەبارەت بەباڵندە سەر سووڕهێنەرەکە بۆ گێڕایەوە، کە دەیتوانی هەم قسان بکات و هەم گۆرانی بچڕێ و زۆر حەزی لەو فاسۆلیا و برنجەش بوو کە خزمەتکارەکان ئامادەیان کردبوو.

لێرەدا پادشا وەڵامیدایەوە:

«پێدەچێ زۆر سەرنج ڕاکیش بێ!... بیرم ها بەلای ئەو باڵندەیەوە،

سبەی بەیانی لەو دەمەدا کە برنج و فاسۆلیا لێدەنێی، سرێش لەو شوێنانە بدە کە گومانی نیشتنەوەی باڵندەکەی لێدەکرێ!»

خزمەتکارەکە چی لێداوا کرابوو کردی، پادشاش لەو نزیکانە خۆی



دابووە پەناو چاودێریی دەکرد تا بزانێ چۆن دەنیشێتەوە وچۆن وەک ڕۆژی پێشوو گۆرانی دەڵێ، باڵندەکە نیشتەوە، بەزەوییەکەوە چەسپ بوو، پادشا و خزمەتکار خێرا هەڵمەتیان بۆ برد و گرتیان!

پادشا هەستی بەخۆشی و شانازیی کرد، چونکە ئەو باڵندەیەکی سەیر و سەمەرەی گرتبوو.

پادشا دەستی بەسەری باڵندەکەدا هێنا. باڵندەکەش ئەم لاواندنەی پێخۆش بوو. پادشا ئەو دەرزییانەشی دی کە چەقیبوونە سەری... یەکە یەکە هەموویانی دەرهێنا، هەر کە دەستی گەیشتە دەرزیی حەوتەم و دەریهێنا، باڵندەکە یەکسەر گۆڕاو بوو بەمرۆڤ!

پادشا بەسەرسووڕمانەوە قیڕاندی:

«بەڕاست پێم بڵێ، تۆ ژنەکەی من نیت؟!... دیارە جادوویان لێکردی و بووی بەباڵندە!!»

تیکا وەڵامیدایەوە:

«خوشکەکەم هاتە سەردانم. دەیویست پرچەکانم بۆ بهۆنێتەوە، لەپڕ سەری دەرزی ئاژن کردم، ژمارەیەک دەرزیی چەقاندە سەرم، ئیدی کاتێکم زانی بووم بەمەل!... ئەمجا وەک شاژن خۆی پیشاندا، لە تاریکی ژوورەکەدا خۆی مات دا تاکو تۆ پێی نەزانی!»

پادشا ئاهەنگێکی گەورەی سازدا، هەموو گوندنشینەکان بەشدارییان تێدا کرد. خوشکەکەی شاژنیان سەر بڕی و گۆشتەکەیان بۆ دایکی نارد.

لەو دەمەدا باوەژن خەریکی خواردنی ئەو ژەمەبوو کە بەگۆشتی ماڵی پادشا ئامادەکرابوو، پشیلەیەک سەرنجی دەدا و ئەم گۆرانییەی دەوت:

ئەو ژنە چاوی کچەکەی خۆی دەخوات!»

باوەژن داچەڵەکی و لە پشیلەکەی پرسی:

«بۆ خاتری خوا ئەوە چ گۆرانییەکە تۆ دەیچڕی؟»

پشیلەکە وەڵامیدایەوە:

«گۆرانییەکە و هیچی دی!»

ئەمجا گۆرانییەکەی دووبارە کردەوە:

«ئەو ژنە چاوی کچەکەی خۆی دەخوات!»

ئیدی ژنە تێگەیشت کە ئەوەی ئەم وا خەریکە دەیخوات منداڵەکەی خۆیەتی. بەم شێوازە دڵ پرۆێنە، ژنە لەوە گەیشت، کە پاداشتی خراپە هەر خراپە دەبێ! پاشان لەوڵاتەکەیان وەدەرنا.

داواشیان لە ماکامە وا ماکامە کرد بگوێزێتەوە بۆ کۆشکی شاهانە و لەوێ ماڵی خۆش و خزمەتی باشی بەنسیب بوو.

پادشا و شاژنیش بەخۆشی و شادی ژیانیان بەسەر برد.

*گێڕانەوەی:* *Ali Abdallah*



## کەروێشک و بیر

ماوەیەکی دوور و درێژ بوو باران نەباریبوو، سەرپاکی گیانداران لە هەولێکی بێکۆتاییدا بوون بۆ ئاو پەیداکردن، بەڵام بەخت یار و یاوەریان نەبوو، ئاویان بۆ پەیدا نەدەکرا، وشکەساڵییش درێژەی کێشا، بۆیە گیانداران کۆبوونەوەوەیەکی فراوانیان گریدا و بڕیاریان دا بەهاوکاریی هەموو لایەک بیریک هەڵبکەنن. هەموو لەسەر ئەم کارە کۆک بوون بێجگە لە کەرویشک، ئەو سوور بوو لەسەر ئەوەی خاوەنی سەرچاوەی ئاوی خۆیەتی... دەستیان دایە کارێکی سەخت و بەهاوکاری هەموو لایەک بیرەکەیان هەڵکەند، دەنگیان کرد بەیەک، کە کەروێشک مافی ئەوەی نییە ئاو لەم بیرە بخواتەوە، بۆیە بڕیاریان دا بەنۆرە بەدیار بیرەکەیانەوە ئێشک بگرن.

شێر یەکەم گیاندار بوو، دەبوایە بەدرێژایی شەو ئێشک بگرێ، لەهەمان کاتدا کەروێشکیش بڕیاری دا، دانایی خۆی بخاتەکار و بەهەر شێوەیەک بووە هەندێک ئاو پەیدا بکات.

بۆ ئەم مەبەستە، دەستی دایە دیزەیەک هەنگوینی نایاب و گوریسێکی درێژ و بەهێز و بیرەکە خۆت بگرە هاتم... شێر لەدەم بیرەکە بوو.

کەروێشک دۆستانە سڵاوی لێکرد و وتی:

«سەیرکە!... دیارییەکی بچووکم بۆ هێناوی، نەختێک هەنگوینە ئەگەر حەز بکەیت بیخۆیت؟»

شێر یەکسەر هەڵیلووشی و داوای زیاتری کرد، کەرویشک وتی:

«زۆرت بۆ دێنم بەمەرجێک ماوەم بدەی نەختێ یاری بەیاڵت بکەم!»

«با بەکەیفی تۆبێ، هەر بەومەرجەی هەندێ هەنگوینی دیکەم بۆ پەیدا بکەی!»

شێر ئاوا وەڵامیدایەوە و مڵچە مڵچ بەزمانی لێوی خۆی دەڵستەوە، لەو دەمەدا کەشێر خەریکی لستنەوەی پاشماوەی هەنگوینی نێو دیزەکە بوو، کەروێشکی فێڵزانیش خەریک بوو توند بەدرەختێکەوە دەیبەستەوە. شێر زانی بەداوەوە بووە، بەڵام پاش چی؟

تووڕە بوو، دەستی بەنەڕەنەڕ کرد، کەروێشکیش وەک مێش میوانی نەبێ، ئاوی لەبیرەکە هەڵدەگۆزی و فڕی دەکرد!

بۆ بەیانی گیانداران پەیدا بوون. دیتیان نۆبەتدارەکەیان بەستراوەتەوە،

لەسەر ئەم حاڵە سەرزەنشتیان کرد، شێریش بۆی گێڕانەوە، چۆن کەروێشک ئەم پەندەی پێداوە، سەرەتا بەلێدان لێی داوە، پاشان توند بەدرەختەکەوە شەتەکی داوە، ئەمجا بەئارەزووی دڵی خۆی ئاویشی لە بیرەکە هەڵگۆزیوە.

بەڵام گیانداران وتیان:

«تۆیەک بەو زەبەلاحییە، چۆن ئەو توانی ئەم پەندەت پێبدات؟»

بەڵام شێر باسی هەنگوینە نایاباکەی بۆ نەکردن.

بۆ شەوی داهاتوو، نۆرەی فیل بوو ئێشک بگرێ، وەک چاوەڕوان دەکرا، کەروێشک پەیدا بوو، وتی: «ئەوە من لێرەم!»

فیل خێرا بەوەڵام هات: «کەروێشک ئەوە خۆتی؟!... ئاو بۆ تۆ نییە، چونکە تۆ لە هەڵکەندنی بیرەکەدا لەگەڵدا نەبووی!»

بەڵام کەروێشک لەوەڵامدا وتی:



«من بەهیچ جۆرێک پێویستیم بەئاوی ئێوە نییە، من خاوەنی ئاوی شیرینی خۆمم، فەرموو تامی بکە؟»

فیل وتی: «بەڵێ باشە!»

فیلەکە پێیخۆش بوو تامی بکات. کەروێشک نەختاڵێکی کردە سەر زمانی فیل، ئیدی فیلەکە داوای زیاتری لێکرد... کەروێشک وتی:

«بەڵێ هاوڕێم بەدڵنیاییەوە، تۆ دەتوانی زیاترت دەستبکەوێ، بەڵام تامەکەی لەدەمدا خۆشتر دەبێ ئەگەر بێت و تەواو بێجووڵە بۆم بووەستی، جا بۆیە ماوەم بدە با یارمەتیت بدەم و توند بتبەستمەوە!»

بێئەوەی بەخۆی بزانێ فیل بەسترایەوە، دوای ئەوەی لەهەنگوین خواردن بۆوە ئەمجا پێی زانی کەروێشک فریوی داوە!.

فیل بەشەتەک دراوی مایەوە. سبەی ڕۆژ بووەوە و گیانداران پەیدا بوون ئازادیان کرد، فیلیش باسی هەنگوینی لەلا نەکردن.

زۆربەی گیانداران نۆرەیان هات و بەدیار بیرەکەوە ئێشکیان گرت، بەڵام هەموو جارێک کەروێشک فریوی دەدان، بۆیە کەسیان نەیانتوانی بیگرن، بەڵکو هەموو جارێک ئەو ئێشکگری دەبەستەوە.

لەکۆتاییدا کیسەڵ پێشنیازی کرد ببێتە ئێشکگر. کەچی هەموو گیاندارە گەورەکان لێی هاتنە دەنگ،

«تۆ خۆت بەچیدەزانی؟ ئەگەر شێر و فیل و هەموو ئەوانی دی کەروێشکیان پێنەگیرێ، تۆی فیرنەگولە و سست چۆن چۆنی ئەم کارەت پێ ئەنجام دەدرێ؟ نەخێر ماوەت پێنادەین کاری وەها بکەی!»

بەڵام کیسەڵ لەسەر داواکەی سووربوو، لێیان پاڕایەوە ماوەی بدەن،

لە کۆتاییدا کەمتیارە پیر پێشنیازی کرد ماوەی بدەن خۆی تاقیبکاتەوە،

هەندێکیش دژی ئەم پێشنیازە وەستانەوە.

کاتێ تاریک داهات کیسەڵ جوان جوان سەرپشتیی خۆی بەسرێش هەنوو.

لە گوێ بیرەکە جووڵەی لە خۆی بڕی و چاوەڕوان بوو کەروێشک دەربکەوێ.

لەپڕ دەنگێ لە تاریکیدا وتی:

«ئیوارەت باش، کێ لە دەم بیرەکەیە؟»

کیسەڵ چرکەی لە خۆی بڕی، کەروێشک دووبارە هەڵیدایە:

«ئەوە منم هەنگوینی شیرین و بەتامم پێیە، کەس لەوێیە؟ کەس حەزی لە هەنگوین نییە؟... هەنگوینی خۆش و بەتام بەخۆڕاییی!»

دیسان کەس نەهاتە وەڵام، ئیدی کەروێشک لە دڵی خۆیدا وتی:

«وادیارە لە ئێشککگرتن کۆڵیان داوە، کەواتە هەرئێستا دەتوانم دەستبەکاربم و بەئارەزووی خۆم ئاو هەڵکێشم، با لە پێشدا چۆڕێ بخۆمەوە!»

لەم کاتەدا چاوی بەبەردێکی خڕی دەروشاوە کەوت:

«وابزانم جێی خۆبەتی هەڵکەمە بان ئەم بەردە و چۆڕێ لەم ئاوە سازگارە بخۆمەوە، کە ئەو ئاژەڵە گەوجانە بەو حاڵە پەیدایان کردووە!»

لەسەر بەردەکە لێی دانیشت، کە لە ڕاستیدا بەرد نەبوو، بەڵکو کیسەڵەکە بوو!... کەروێشک هەر زوو بەهەڵەی خۆی زانی، ویستی بڕوات بەڵام توند بەسەرپشتی کیسەڵەکەوە چەسپ بووبوو. بەهیچ جۆرێک نەیتوانی بجووڵێ. ئەو بەیدەست کرا!... دەستی بەهاوار کرد:

«فریامکەون! فریامکەون!» بەڵام کەس بەهانایەوە نەچوو.

کەروێشک تووڕە بوو، دەستەکانی داهێنایەوە تا لە پشتی کیسەڵەکە



بدات، بەڵام دەستەکانیشی بەپشتی کیسەڵەکەوە لکان. ئیدی وازی لە فیزاح و تووڕەبوونیش هێنا.

بۆ بەیانی دوای خۆرکەوتن، هەموو گیانداران هاتن تا بزانن بار و دۆخی گوێ بیرەکە لە چدایە، دیتییان کەروێشک گیراوە و کەوتۆتە داو.

هەموو ئافەرینی کیسەڵیان کرد بۆ خۆی و زیرەکییەکەی.

کەروێشکیان گرت، بەنیاز بوون سزای بدەن. ئەوان بڕیاری کوشتنیان دا، بەڵام کەروێشک داوای لێکردن:

«ئەگەر هەر حەز دەکەن بمکوژن، ئەوا ببەنە سەر زبڵدانەکەی لای خۆتان، خۆڵەمێشی لێیە. منیش ئەگەر خۆڵەکەوەم بەسەر خۆمدا کرد ئەوا دەستبەجێ دەمرم!»

کیسەڵ بڕوای بەو بیرۆکەیە نەبوو، پێشنیازی کرد گیاندارە گەورەکان کەروێشک ببەستنەوە و بیسووتێنن، بەڵام ئەوانی دی لە سەر ئەو ڕایەبوون کە وا ئاسانترە بیبەن بۆ سەر گوفەکەو وازی لێبێنن لەوێ بمرێ.

بەم شێوەیە بردیانە سەرانگوێلکەکەو لەوێ بەریاندا، بەڵام کاتێ ئەوان لە نێو خۆڵەمێشەکەدا وەستابوون، کەروێشک بەخێراییەکی زۆر بەدەوری خۆیدا سووڕا، خۆڵەمێشێکی زۆری بەبا کرد،. کردی بەتەپ و تۆز و تەم تومانێک کەس چاوی لەبەر پێی خۆی نەبوو، بەم شێوەیە کەروێشک فرتەی کرد و بۆی دەرچوو بێئەوەی کەس بزانێ ڕووی لە کوێ کرد!... بەڵام کیسەڵ لەسەر خۆ وتی:

«بە هەر حاڵ، ئێوە دەبوایە گوێتان لەمن بگرتایە!»

*گێڕانەوەی: Mzeo Kipojora*

## تاقیکردنەوە(*)

ئەمە بەسەرهاتی کوڕەلاوێکە، کچێکی هەڵبژارد بیکاتە خێزانی و منداڵی لێی ببێ. کوڕە دەیویست دڵنیابێ داخۆ لەم خزمایەتییەدا سەرکەوتن بەدەست دێنێ یان نەء. بۆیە بەرلەوەی لەگەڵ باوکی کچەدا مەسەلەکە یەکلایی بکاتەوە و هەموو شتێ ببڕێنێتەوە، بڕیاری دا بنەماڵەکەیان تاقیبکاتەوە.

ئەوەبوو بەیانییەکیان بەبنەماڵەی کچەی وت، نیازی وایە بچێتە ماڵەوە پاچێک لەگەڵ خۆیدا بێنێ، بەلاشییەوە گرنگە خوشکی دەسگیرانەکەی لەگەڵیدا بچێ.

کەس و کاری کچکەش ئاوا وەڵامیاندایەوە:

«تۆ هاتووی تاکو ژنی داهاتووت لای ئێمە دەست بکەوێ، ئێمە بەم زووانە دەبینە خزم، بۆیە ئەگەر کچە خۆی قایل بێ لە گەڵتا بێ، ئەوا ئێمە ڕێی لێناگرین.»

(*) ناونیشانی ئەم حیکایەتە ئاوابوو:

Tage du en brand fra ilden, fardurogen med.

کە لە بنەڕەتدا پەندێکی سواحیلییە و کراوە بەدانیمارکی. واتە: ئەگەر بتەوێ ئاگرت دەستبکەوێ دەبێ ئامادەبی دوکەڵیش لەگەڵ خۆتدا ببەی...

مەبەستی لەوەیە: مرۆڤ نابێ تەنیا حساب بۆ لایەنێکی شتەکە بکات، بەڵکو دەبێ هەردوو لایەنی ئەرێنی و نەرێتی ئەو شتەی قوبووڵ بێ و حسابی بۆ بکات...

بەڵام من پەندێکی بەو مانایەم لە زمانی کوردیدا دەست نەکەوت ، یان نەمزانی.



بەم شێوەیە کەوتنە ڕێ، هەر کە گەیشتنە جێ، پاچی لەگەڵ خۆیدا نەهێنا وەک باسی کردبوو. بەڵکو دەستی دایە ڕمێک و لەگەڵ ژن خوشکی ئایندەیدا چوونە ڕاوی کێوییان.

دوای ئەوەی کوڕە نێچیرێکی ڕاو کرد. لەگەڵ کچەدا گەڕانەوە بۆ گوند، کوڕە ڕمەکەی هەڵگرتبوو کچەش نێچیرەکە.

لە ڕێگا بەکچەی وت. نێچیرەکە بەدیاریی پێشکەش بەماڵە خەزوورانی ئایندەی دەکات، لێرەشەوە دەیەوێ توانای خۆی لە بەڕیوەبردن و بەخێوکردنی خێزاندا بسەلمێنێ.

بەخێرهاتنێکی گەرم کران، کوڕەی نێچیرڤان بووە جێگەی پێداهەڵدان و ستایش، ئەویش هەمان ئێوارە ڕایگەیاند، بەنیازە جاریکی دیکەش بچێتەوە ڕاو و ئەمجارەش پێویستیی بەهاوکاریی ژن خوشکی ئایندەی دەبێ.

ئەمجارەش ئاوا وەڵامیاندایەوە:

«مادام بەم زووانە دەبینە خزم، ئێمەش پێمان خۆشە چەندمان لە تواناداهەبێ یارمەتیت بدەین!»

ئەمجارەشیان بەجووتە کەوتنە ڕێ، زۆری نەخایاند کوڕە نێچیرێکی ڕاوکرد، بەڵام نێچیری ئەمجارەیان زۆر گەورەبوو، نەیاندەتوانی خۆیان بیگەیێنەوە ماڵ، لەسەر ئەوە ڕێککەوتن کوڕە بگەڕێتەوە بۆ ئاوایی و داوای یارمەتی بکات، کچەش کە بەتەمەن منداڵ بوو ئاگای لە نێچیرەکە بێ.

کوڕ هەیپای لێ کرد و کچەش سەرکەوتە بان درەختێک، تاکو هەم چاودێریی نێچیرە بکات و هەم خۆیشی لە دڕندەی کێوی بپارێزێ و چاوەڕوانی کوڕە بێ تا بەکۆمەک و یارمەتییەوە دەگەڕێتەوە.

کوڕە زوو گەیشتەوە گوند، چووە بەردەم دەسگیرانی ئێستای و ژنی

ئایندەی و بەدەم گریانەوە ددانی پێدانا کە تووشی هەڵەیەکی سەخت و ترسناک بووە، لەبری ئەوەی ئاژەڵێک ڕاو بکات، لە تاریکیدا ڕمەکەی سەری کردووە و کچەکەی پێکاوە، کچەش مردووە و لاشەکەی لەوێ کەوتووە!

بە جارێک هەموو خێزانەکە دایان بەیەکدا، بەشێوەیەکی ترسناک پەست و تووڕە بوون و زرم و بکوت کەوتنە گیانی کوڕە، هەموو بەسەریدا دەیانقیڕاند. تانەیان لێدەدا و گاڵتەیان پێدەکرد.

«تۆ کە خۆت بەنێچیرڤانێکی هێندە زیرەک و لەخۆ ڕازی دەزانی، چۆن ئاگات لەخۆت نەبووە و کارەساتی وەهات لە دەست قەوماوە؟!»

ئەوەندە قایم و بەڕک و کینەوە لێیان دەدا، کوڕەی بێچارەیان نیوەمردوو کرد. دەیانزانی بۆ دۆزینەوەی لاشەی کچەکە پێویستییان پێی دەبێ، دەنا دەیانکوشت و لە حەوت ساڵان ڕاستیان دەکردەوە.

کاتێ گەیشتنە شوێنی ڕووداوەکە، کچە منداڵکارەکە لە درەختەکە هاتە خوار و بەسەر سووڕمانێکی زۆرەوە پرسی، ئەوە خوانەخواستە چی ڕوویداوە؟ بۆچی ئامباڵای ڕاوچی خڵتانی خوێنە؟!

پیاوەکان کە بەدوای کچەکەدا هاتبوون، کاتێ دیتییان کچە زرپ و زیندووە، خراپ حەپەسان، زۆر لەخۆیان بوونەوە و داوای لێبووردنیان لە کوڕە کرد و بۆ ئەو مامەڵە خراپەی لە گەڵیاندا کردبوو تەواو پەشیمان بوون...

نێچیرەکە کەوڵ و پارچە پارچە کراو پێکەوە بردیانەوە بۆ گوند.

هەر کە گەیشتنەوە ماڵ، کوڕە کەل و پەلەکانی کۆکردەوە، بەر لەوەی شوێنەکە جێبێڵێ، بەخەڵکەکەی وت، ئەو هەرگیز کچێک ناخوازێ لە گوندێکەوە هاتبێ، خەڵکەکەی ئەوەندە بێهۆش و لەسەر چز بن بۆ تۆڵە سەندەوە.



ماوەیەک دوای ئەوە، کوڕە سەردانی گوندێکی دیکەی کرد، کچێکی هەڵبژارد و بەهەمان شێوە خێزانەکەی تاقیکردەوە.

ئەمجارەیان بەرە و ڕووی فامین و لێکحاڵیبوون بووەوە، کوڕەیان بەخشی و بەبەدبەختی و بۆ نەهاتن بۆیان دایە قەڵەم، بەڵام داوایان لێکرد، دەیانەوێ بزانن چۆن و لەکوێ کارەساتەکە ڕوویداوە، تاکو لاشەکە بگوێزنەوە و لە گوند بەخاکی بسپێرن.

کاتێ گەیشتنە شوێنی ڕووداوەکە، دیتییان کچە زرپ و زیندووە و ئەوەتا بەدیار نێچیرەکەوە.

کوڕەش ڕاستیی مەسەلەکەی تێگەیاندن و بۆی ڕوونکردنەوە لە بەرچی ئەم کارەی لێوەشاوەتەوە.

بەم شێوەیە گەیشتە ئەو ڕاستییەی ئێستا ژنێکی دۆزیوەتەوە، سەر بەخەڵکانێکی تەواو ماقووڵ و سەر ڕاست.

کچەی گواستەوە، ماوەیەک لەگەڵ بنەماڵەکەیاندا ژیا و پاشان لەگەڵ ژنەکەیدا گەڕایەوە بۆ گوندەکەی خۆیان و بەیەکجاریی لەوێ ژیانیان بەسەر برد.

*گێڕانەوەی: Mzee Kipojora*

## کاتوپە

کاتوپە کیژۆڵەیەکی گچکە بوو، تاقانەی دایکی بوو، بەدرێژایی ساڵانێکی زۆر، ئەم دایکە بەعەزرەت منداڵێکەوە بوو، وەک هەموو منداڵانی گوندەکەی، بەڵام ئەوەندە هەبوو ئەو تەواو پیر بوو، لە تەمەنی سک و زادا نەمابوو، لەگەڵ ئەوەشدا لە کۆتاییدا، لە ڕێگەی پەرجوویەکی زۆر سەیرەوە، ئەو خۆزگەیەی هاتە دی.

ڕۆژێکیان کاتێ لە ڕووبارەکەوە ئاوی دەهێنا، دەستی برد هەندێ قوڕی لە کەناری ڕووبارەکە هەڵکەند. لەکۆنە خانگایەکدا پێچایەوە و لەگەڵ خۆیدا هێنایەوە ماڵ.

کاتێ گەیشتەوە ماڵ، لە گۆشەیەکی تاریکدا شاردییەوە، دەمەو ئێوارە هێنایە پێشەوە وجوان شێلای... جارێکیی دی لەبەر دەستدا لایبرد و شاردییەوە. کە شەو بەسەرداهات، تاریکی باڵی کێشاو هەموو نووستن، ژنە قوڕەکەی هێنایەوە پێشەوە، شێوەی منداڵێکی لێبەرجەستە کرد و خستییە ژێر گڵێنەیەک، لەو دەمەدا دەیگوت: «گەورەترین ئاواتم ئەوەیە ئەم منداڵە قوڕینە ڕۆحی بەبەردا بکرێ و ببێتە منداڵێکی زیندووی ڕاستەقینە، بۆی ئەوەی منیش وەک هەموو ئەو ژنانە منداڵێکم هەبی!»

سبەی کاتێ لەخەو ڕابوو، بەپەلە گڵێنەکەی بەرزکردەوە و منداڵێکی زیندووی داستەقینەی بینی!.

منداڵەکە بەوژنەی لەخۆشیاندا گەشکەی گرت وت:



«ئەوە نزاو پاڕانەوەکانی تۆن گیرابوون بۆیە من وا لێرەم،

بەڵام بەر لەوەی بێمە لات دەبێ لە هەندێ ڕێ و شوێن ئاگادارت بکەم و دەبێ هەمیشە لە یادت بن؛ یەکەمیان: من لە هیچ بار و دۆخێکدا بەرگری خۆ شۆردن ناگرم، چونکە وەک خۆت دەزانی لە قوڕ دروست کراوم و ئەگەر ئاوم بەربکەوێ دەخووسێمەوە و لەبەین دەچم، لەبەر هەمان هۆ، تۆ دەبێ مشووری پەنایەکم بۆ بخۆی، هەر کە بوو بەباران بیکەمە داڵدە... من گوێ بەوەنادەم تۆ چەند پێپەست و زویر دەبی، بەڵام بیکە بەخاتری خودا نەکەی یەک وشەش سەبارەت بەپێکهاتەی من بدرکێنی، بەکەس مەڵێ من لە قوڕ دروستکراوم... ئەگەر پەیڕەوی ئەم دەستوورە نەکەی، ئەوا لە بەرچاوت ون دەبم و هەرگیز جارێکی دی نامبینییتەوە!»

ژنە بەم منداڵە گەلێک دڵشاد بوو. پەیمانی دایە هەموو دەستوورەکەی پەیڕە و بکات. جل و بەرگی پێدا و ماڵ بەماڵ بەگوندەکەدا گێڕای، تاکو هەموو لایەک بزانن ئەمیش بووە بەدایک.

منداڵ زوو گەشەی کرد، دوای ماوەیەک ئەوەندە گەورە بوو بتوانێ لەگەڵ کچانی گوندەکەدا یاری بکات، منداڵان نەیاندەزانی کاتوپە لە قوڕ دروست کراوە. ئەوان وایاندەزانی ئەویش منداڵێکی ئاساییە وەک خۆیان.

ڕۆژێکیان کاتوپە لەگەڵ منداڵاندا چووبووە دەرەوەی دێ، لەنێو دارستاندا گەمەی دەکرد،. لەو دەمەدا پەڵەهەورەکان بەیەکیاندا داو هەورێکی چڕ بەری ئاسمانی گرت، دایکی کاتوپە خەم دایگرت و نەشیدەزانی کچەکەی لە کوێیە، ئیدی تێیهەڵکردە گۆرانی:

کاتوپە! وریابە، وریابە!
کاتوپە! وریابە، وریابە!
من لە هەورەکان ترساوم.
من لە هەورەکان ترساوم.

چەندی گازکرد: «کاتوپە! کاتوپە!» وەڵام نەبوو،

ئەمجار سەرکەوتە سەربان و تاهێزی تێدابوو بانگی کرد:

«کاتوپە! کاتوپە!»

کاتوپە گوێی لەناوی خۆی بوو، بەگۆرانی وەڵامی دایکی دایەوە:

«دایەگیان واهاتم، دایە گیان وا هاتم
بەلەز دێم، دوای کەمێ لە لاتم
دایە گیان ڕوونە لێم
ئاخری ئەم هەورە، سەرم دەخواو،
لەهەوران دەترسێم!»

دایک نالەو گۆرانیی منداڵەکەی بیست، وتی:

«ئۆه، بەڵێ!. ئەوە دەنگی جگەر گۆشەکەمە، بەڵام داخۆ ئێستا لەکوێ بێ؟» دیسانەوە بانگی کرد: «کاتوپە! کاتوپە!»

دیسانەوە گۆرانییەکەی کاتوپە هاتەوە گوێی.

هەر کە کاتوپە چاوی بەهەورە ڕەشە مەترسیدارەکان کەوت، هەر لاقێکی کرد بەدووان و هەڵات، بیری کردەوە، ئەگەر دابکاتە باران مەگەر هەر خۆی بزانێ چی بەسەر دێ، چنگ لەسەر شان ڕایدەکرد.

ئەو دەیویست بەر لەوەی هەورەکان ببارێن بگاتەوە ماڵ.

لەماڵێشەوە دایکی پەشۆکابوو، چاوە چاوی بوو کاتوپە بگات...

لەکۆتاییدا کاتوپە بەدەم بازدانەوە بەهەناسە بڕکێ خۆی بەگونددا کردەوە، دایکی سەرکۆنەی کرد، لێی قەدەغە کرد جارێکی دی لەگوند دووربکەوێتەوە.

بۆ سبەی، کچگەل هاتنەوە بەشوێن کاتوپەدا و ڕوویان لێنا، بۆ وازی لە گەڵیان بچێتە دەرەوە.



کچە بەتەنێ لە ماڵ بوو، بیری لێکردەوە، خراپ نییە ئەگەر لە دەور و بەری ماڵەکەیان یاریی بکات، چونکە دەتوانێ بەر لەوی دایکی بگاتەوە ماڵ ئەمیش مشووری گەڕانەوە بخوات.

بەڵام ئەو شتێکی گرنگی لە بیر چوو، ئەوەی بیر چوو کە وەرز وەرزی باران بارینە، هەورەکان خزاونەتە پاڵ یەک و بەری ئاسمانیان گرتووە... هەرکە دایکەکە گەڕایەوە ماڵ پێی زانی کاتوپە ڕۆیشتووە، خێرا دەوروبەری ماڵەکان گەڕا بۆی نەدۆزرایەوە، لەخەڵکی گوندی پرسی، پێیان وت لەگەڵ منداڵاندا بەڕاکردن بەرە و ڕووبارەکە شۆڕبۆتەوە.

دایکی کاتوپە ترساو بەدەم بانگکردنەوە، بەڕاکردن ڕوویکردە ڕووبارەکە،

ئەو هاواری دەکرد: «کاتوپە کاتوپە هۆو!»

هەورەکان تۆختر بوون، ژنە دەیزانی دەبێ بەزوویی منداڵەکەی بدۆزێتەوە، چونکە باران بەڕێوە بوو، هاکا داکا!:

«کاتوپە، کاتوپە هۆو، تۆ لە کوێی؟»

لەپڕ گوێی لە هاواری کاتوپە بوو، وەڵامی بانگ و هاوارەکەی ئەمی دەدایەوە، بەڵام دەنگەکە لە دوور دەهات. ژنەی بەخت ڕەش دایدایە قوڵپی گریان و ئاگاو هۆشی لەلای خۆی نەما... هەورەکان هەروا چڕ و چڕتر دەبوون. ئەمەش مانای ئەوەیە ها ئێستا ها تاوێکی دی باران دادەکات، هەستی کرد ئەمجارەیان کارەساتێک بەسەر کچەکەیدا دێ و تاقانەکەی دەفەوتێ.

لاقەکانی چەند توانایان هەبوو، کاتوپە ئەوەندە بەلەز هەڵدەهات.

داخۆ فریای ئەوە دەکەوێ خۆی بداتە پەنایەک باران نەیگرێتەوە... بەڵام درەنگ بوو، باران دایکرد، دڵۆپە گەورەکان بەشوێن یەکدا دادەهاتنەوە و بەر کاتوپە دەکەوتن، ئەویش دەستی بەخووسانەوە کرد، کچە لووتی

تلیسایەوە و نەما... ئەمجا دەستێکی توایەوە. پاشان گوێیەکی. لە کۆتاییدا وایلێهات بەتەواوی خووسایەوە.

کاتێک گەیشتە کاتوپە، دیتی کچەکەی ماوەتەوە سەر چەند تۆپەڵە قوڕێک. بەڵام بەوردی و لەسەرخۆ پارچە قوڕەکانی پێکەوە لکاندەوە و لەگەڵ خۆی هەڵیگرت و بردییەوە ماڵ و بەکوڵ گریا:

«کاتوپە، کاتوپە... چیت بەسەوهات؟!»

لەماڵیشەوە کوڵی نەدا و دووبارە هەوڵی لەگەڵ دایەوە، لە قوڕەکە شێوەی منداڵێکی دروست کرد، دیسانەوە خستییەوە ژێر گلێنەکە و جێیهێشت تا شەو لەوێ بمێنێتەوە.

بەیانی سەیرێکی ژێر گلێنەکەی کرد. بەڵام ئەمجارەیان منداڵی زیندووی بەدی نەکرد. هەمان شێوەی بێگیانی دی کە دوێنێ شەو بەدەستی خۆی دروستی کردبوو.

ژنە خەمۆکی دایگرت و لە خەفەتاندا سوێی بووەوە.

*گێڕانەوەی: John Wembah- Rashid*



## هۆندۆ هۆندۆ

هۆندۆ هۆندۆ لەگەڵ باب و دایکیدا لە گوندێکدا دەژیان، ڕۆژێکیان باوکی کۆچی دوایی کرد، هۆندۆ هۆندۆ لەگەڵ دایکیدا بەتەنیا مانەوە.

لەو گوندەشدا یاسایەک بۆ ژیان هەبوو بەپێی ئەو یاسایە هەموو بەرامبەر بەژیانی یەکدی لێپرسراوبوون... ئەمەش تەنیا بەهاوکاری لەکاری ڕۆژانەی وەک دروێنە و کۆکردنەوەی داهاتی گەنمە شامی و مەرەزە و ئاوکێشان لە ڕووبارەکەوە نەدەوەستا، بەڵکو زۆر کاری دیکەی دەگرتەوە، وەک دەست هێنان بەخانوودا، جۆماڵی دوای وەرزی باران بارین، لەکاتی لێقەومانی وەک مردنیشدا دەبوایە هەمووان لە بەڕێکردن و ناشتنی تەرمەکەدا بەشداربن.

بەڵام هەرچی هۆندۆ هۆندۆ-یە، بەتەنگ ئەم هاوکاری و هەرەوەزەوە نەبوو، بەپێی توانای خۆی یارمەتی خەڵکی نەدەدا، ئەگەر کەسێ بمردایە، لە ماڵەوە لەلای دایکی خۆی دەشاردەوە تا مردووەکەیان بەخاک دەسپارد.

سالان تێپەڕین و هۆندۆ لەسەر ئەم ئاکارە ناکۆمەڵایەتییەی بەردەوام بوو، بەم پێیە بێزاریی خەڵکەکەیش بەرامبەری لە زیادبووندا بوو، چونکە بەرە بەرە هەموو پێیانزانی کە ئەو بەدەنگ کاری جڤاتییەوە ناچێ، بۆیە لە هیچ تەنگانەیەکدا حسابیان بۆ ئەو نەدەکرد.

ڕۆژێک هۆندۆ هۆندۆ دایکی مرد، ئەم کە هەرگیز بەشداریی لە مەڕاسیمی بەخاک سپاردنی هیچ کام لە گوندنشینەکاندا نەکردبوو، لە

ماڵەوە بەتەنیا لە پاڵ لاشەی بێگیانی دایکیدا مایەوە، نەیزانی چۆن و بەچ شێوەیەک تەرمی دایکی بشارێتەوە، هۆندۆ هۆندۆ بەمەرگی دایکی گەلێک خەمبار بوو، زۆری بۆ گریا. خەڵکی گوند گوێیان لە شیوەن و گریانی بوو، دەهاتن بەتەوسەوە پێیان دەوت:

«چی بووە، ئەوە دایکت مردووە؟!»

تەنیا ئەمەندەیان دەوت بێئەوەی هیچ هاوکاریی بکەن، پشت پێیان هەڵدەکرد و دەڕۆیشتن...

ڕۆژێک و دووان و سیان بەم جۆرە تێپەڕین و کەس یارمەتی هۆندۆ هۆندۆ نەدا، تەنیا باڵ لە ماڵەوە، بەدیار لاشەی دایکییەوە دۆش دامابوو.

دواجار بڕیاری دا بەنێو دێدا بگەڕێ و داوای هاوکارییان لێ بکات.

تەرمەکەی دایکی هەڵگرت، نایە بان سەری و بەتەرمەکەوە ماڵ بەماڵی دێ گەڕا، گۆرانییەکی خەمناکی دەوت و دەیلاواندەوە:

«هانام هێناوە، وام لە تەنگانە.
تەنیا باڵم و خەم لێم میوانە.
بگەنە فریام دایکم وەشێرم.
ئەم ئەرکە قورسە بەکێ بسپێرم؟!»

بەڵام لە هەموو لایەکەوە گوێی لەم وەڵامە دەبوو:

«لێرە نا...! لێرە نا...!» کەس بەهانایەوە نەچوو... هۆندۆ هۆندۆ ماوەیەکی دوور و درێژ تەرمی دایکی بەسەر سەرییەوە بوو، بەنێو گوندا دەسووڕایەوە، نەیدەزانی ڕوو لە کوێ بکات، تاوای لێهات لاشە دەسووڕایەوە، نەیدەزانی ڕوو لە کوێ بکات. تاوای لێهات لاشە ڕزیوەکە توند بەتەوقی سەری هۆندۆ هۆندۆ-وە چەسپ بوو بوو بەتەنێکی ڕەقی دەرپەڕیوی کۆپارە ئاسا. ئیدی لەو ڕۆژەوە دەبوو هۆندۆ هۆندۆ بەو سەرە



دەرپۆقیوەوە بژی، کە زۆر گەورە و ناقۆڵا بوو، هەرگیزاو هەرگیز لەسەری نەبۆوە.

ئەم سزا سەختەی هۆندۆ هۆندۆ لەو سۆنگەیەوە بوو، ئەو ببڕای ببڕ بەهانای کەسەوە نەدەچوو.(*)

*گێڕانەوەی:* *John Wembah- Rashid*

(*) لە تانزانیادا باڵندەیەک هەیە بەناوی هۆندۆ هۆندۆ-وە، کە پۆپیتەی زۆر هاتۆتە پێشەوە، هەر جارێک بیبینن ئەوا ئەرکی سەرشانیان دێنێتەوە یاد. لەلای ئەوان ئەم باڵندەیە ئاماژەیە بۆ ڕاست و دروستیی ئەم حیکایەت و بەسەر هاتە.

## قەفەزی فریو

ئەم حیکایەتە بەسەر هاتی خوشک و برایەک دەگێڕێتەوە، خوشکەکە ئەمەندە ناسک و نازدار بوو، ژمارەیەکی زۆر کوڕی لاو دڵیان بەجوانییەکەیدا چوو بوو، بەڵام کەسیان سەرنجی کچەیان ڕانەدەکێشا.

ڕۆژێکیان کوڕە لاوێک، کەس نەیدەناسی و نەیدەزانی لە کوێوە هاتووە، هاتە هێجووی، کوڕە زۆر میهرەبان، تەندروست، قۆز و بەتوانا دیار بوو، کچە لاو بیری کردەوە:

(بەڵێ! ئەمە ئەو کوڕەیە کە من چاوەڕوانی بووم!»

کچە خێرا ئەرێی داو شووی پێکرد بڕیاریش وابوو لە گوندی لای زاوا زەماوەند بەڕێوە بچێ.

لەو دەمەدا برای ئەم کچە شۆخە دووچاری نەخۆشیی ئاوڵە و پێستیشی تووشی ئەکزیما بووبوو، زۆر چڵکن و پڵکن و قێزەون بوو. جا لەبەر ئەم هۆیە کچە گوێی پێنەدەدا و چەند بۆی بلوایە لێی دوور دەکەوتەوە.

کاتێ کوڕە بیستی خوشکەکەی بڕیاری داوە شوو بەلاوێک بکات، لاوە لەگەڵ خوێدا بۆ گوندەکەیانی دەبات، گوندەکەش کەس نازانێ کوێ کەوتووە، پێشنیازی کرد لەگەڵیدا بچێ، بەڵام کچە ئەم پێشنیازەی ڕەتکردەوە و وتی:

«نە ، سوپاس... تۆ بەم شێوەیە ناتوانی شوێنم بکەوی!... تۆ هەم چڵکنی



و هەم نەخۆشی، هەرەس بەهەموو هیواو ئاواتەکانم دێنی.

تۆ لێرە بمێنەوە!»

بەڵام کوڕە ئاوا وەڵامیدایەوە:

«نەخێر دەبێ هەر لەگەڵتان بێم! تۆ نازانی بەرەو کوێ دەچی، تۆ لەو گوندە دوورەدەستە کەس ناناسی و لەوانەیە پێویستیت بەیارمەتی هەبێت !» بەڵام کچە هەر لەسەر قسەی خۆی بوو، بەتەشەرەوە وتی:

«ئۆی جا کەسێکی وەک تۆ چۆن دەتوانێ دەستی یارمەتی بۆ دەورووبەری درێژ بکات؟ لێرە من پێویستسم بەیارمەتی تۆ نییە!»

کوڕە بەفێڵ وەڵامی دایەوە

«چاکە خوشکێ، تۆ بڕۆ من لێرە دەمێنمەوە!»

خوشک و زاوا بەڕێکەوتن، ئەمیش هەر چۆنێ بوو دوور و نزیک، بێئەوەی بهێڵێ ئەوان پێبزانن شوێنیان کەوت... هەر کاتێک بەشوێنێکی تەختایی و کراوەدا ڕەت ببوونایە، کوڕە خۆی دەدایە پەنا.

کاتێکیش لەو شوێنە تێدەپەڕین، ئەمیش شوێنیان دەکەوتەوە،

بەم شێوەیە بەدوایانەوە بوو، تا گەیشتنە زێدی زاوا، ماوەیەکی کورت دوای گەیشتنیان، برا خۆی ئاشکرا کرد:

«ئەمکاتەت شاد خوشکێ، من لێرەم، هەموو ئەم ڕێگایە بەدواتەوە بووم!»

خوشک هەستی بەناڕەحەتی کرد و بەبێزارییەوە وتی:

«پێم نالێی تۆ بۆچی هاتی: پێم نە وتی دوام مەکەوە!»

بەڵام خەڵکەکە وتیان:

«مادام ئەم ڕێگە دوور و درێژەی بڕیوە، لێگەڕێ بالێرە بمێنێتەوە!»

ئەوان گەلێ خواردنی بەتامی وەک: ئوگالی و گۆشت و میوەی وەک مانگۆ، پاپایا و ئاناناسیان پێشکەش کرد.

دوای قاوەڵتی، هەستیان کرد هەم تێر بوون و هەم ماندووشن. بۆیە زوو خەویان لێکەوت.

ئەم وڵاتەی بۆی هاتبوون تەواو بەئاپۆرە بوو، خەڵکەکەی خەمناک و نتم بوون، بەدەگمەن، دەنا گفتوگۆیان لەگەڵ یەکدیدا نەدەکرد.

خەڵکی ئەم دەڤەرە لێراهاتبوون مرۆڤ بخۆن، بەکورتی ئەمانە پیاو خۆر بوون، ئەم کچەشیان بۆیە هێنابوو دایبەستن تاکو قەڵە و دەبێ و پاشان بیخۆن. نەک بۆ ئەو مەبەستەی کە کچە خۆی بۆی دەچوو، گوایە شووی بەکورە لاوێکیان کردووە، بۆیە هەر کاتێ بیانویستایە وەک ژەمێکی چەور و بەلەزەت دەیانخوارد.

شەو، لەو دەمەدا ئەمان دەنووستن، پیاوخۆرەکانی گوند دەخزانە نێو ئەو خانووەوە کە کچەی تێدا دەنووست تاکو بزانن چەند قەڵەو بووە... ئەم ڕووداوە شەوانە دووپات دەبووەوە.

خوشک و برا لە هەمان ژووردا دەنوستن. لەبەرئەوەی کورە ناساغ بوو کەمتر خەوی لێدەکەوت.

شەوێکیان گوێی لە مرۆڤ خۆرەکان بوو، لەسەر ئەوە دەدوان داخۆ کچە بەتەواوی قەڵەو بووە یان هێشتا ماوێتی ئەوان ناتەبا بوون. یەکێکیان دەیوت: «باهەر ئێستا بیخۆین!» ئەوی دیکەیان دەیوت:

«نەخێر!... با جارێ لێی گەڕێین و چاوەڕوان بین تا نەختێ قەڵەوتر دەبێ!»

بەپێچەوانەی ئەمەوە، کچە لەسەر جێگە نەرم و نۆڵەکەی خەوی لێکەوتبوو، ئاگای لە هیچ نەبوو بۆ بەیانی کورە وتی:



«خوشکێ من دەمەوێ ئاگادارت بکەم!... تۆ ئەم خەڵکەی ئێرە دەناسی...» بەڵام کچە بەتووڕەییەوە قسەی پێبڕی:

«ئەدی چۆن... ئەوەن کەمن چاوەڕوانم دەکردن... بۆیە دەمویست تۆ شوێنمان نەکەوی، دەمزانی خراپ باسی خەڵکی ئێرە دەکەی، نابێ یەک قسەی دیکەت لەدەم دەربێ، برۆ بەڕێی خۆتەوە!»

کورە شانی بۆ هەڵتەکاند و ڕۆی... شەوی داهاتوو هەمان ڕوودا و دووبارە بووەوە، بۆ ڕۆژی دواتر کورە بەنیگەرانییەوە بیری دەکردەوە:

«من هەر دەبێ ئەم ڕووداوە لەلای خوشکەکەم باس بکەم!»

کورە چووە دیدەنیی خوشکەکەی و ئەویش ئەمجارەیان گوێی لێگرت. بەڵام دوای ئەوەی حاڵ و مەسەلەی بۆ گێڕایەوە، کچە نەیسەلماند و بڕوای بەیەک وشەی نەکرد، کورە هەر کۆڵی نەدا و وتی:

«داوە دەزوویەکی بەهێز و باریک لە پەنجەی پێت دەبەستم، شەو کاتێ پەیدابوون، لەسەر خۆ دەزوەکە ڕادەکێشم تاکو خەبەرت دەبێتەوە، بەڵام بیکە بەخاتری خودا، هەڵمەسە و ڕامەپەڕە!... تۆ دەبێ تەنیا چاوت بکەیتەوە و باش گوێ بگری، جا ئەوسا بۆت دەردەکەوێ داخۆ بەڕاستە یان نا...!»

دیسان شەو هات و کچە خپ خەوت، بەڵام کورە بێداربوو، چاوەڕوانی مرۆڤ خۆرەکانی دەکرد، ئەوان گەیشتن و گفتوگۆ دەستپێکرد.

هەندێ دەیانویست یەکسەر بیخۆن و ئەوانی دی دەیانوت:

«نەخێر!... باچاوەڕوان بین، هێشتا بەتەواوی قەڵە و نەبووە!»

کورە لەسەر خۆ داوە دەزووەکەی ڕاکێشا و کچە چاوی کردەوە، گوێی لە قسەکانیان گرت، دیتی هەندێکیان ژنن، ئەوان لەدەوری ئاگرێک خۆیان گەرم دەکردەوە، لەنێو تاریکایی شەودا سیمایان سوور دەبریسکانەوە.

هەندێ تەوریان پێبوو، هەندێ زەمبیلەیان پێبوو، گۆشتی تێبکەن. کچە لەوە تێگەیشت کە ئەمانە ئامادەن بیکوژن و پارچە پارچەشی بکەن!... کچە تۆقی. وەک براکەی ئامۆژگاریی کردبوو چرکەی لە خۆی بڕیبوو، مرۆڤ خۆرەکان دیسان لەنێوان خۆیاندا ناکوک بوون و ڕۆیشتن، کە بەتەنیا مانەوە، کچە بەچپە بەبراکەی وت:

«هەق بەتۆیە، جا ئێستا چیبکەم؟!»

کوڕە وتی: «لەمن دەپرسی؟... چاوەڕوانم نەدەکرد داوای یارمەتی لەکەسێ بکەی تووشی ئاوڵە و نەخۆشیی پێست بووبێ!... ئەدی بۆ پرس بەمێردی ئایندەت ناکەی، بەدڵنیاییەوە ئەو یارمەتیت دەدات!»

«ئۆی نەخێر. باوەڕناکەم برای ئازیزم، تۆ دەبێ یارمەتیم بدەی، دەنا من تیاچووم!»

کوڕە دڵنەوایی خوشکەکەی کرد و پەیمانی پێدا چەندی لە توانادابێ فریای بکەوێ... گەرد و گوڵی بەیان کوڕە چوو بۆ کێڵگەکە و هەندێ لاسکە هەرزنی هینا لاسکەکانی چاککرد و قەفەزێکی گەورەی دروست کرد، پاشان قەفەزەی هێنایەوە بۆ گوند، لە نێویدا دانیشت و دەستی بەگۆرانی وتن کرد.

«قەفەز، قەفەز، قەفەز
بمگەیەنەرە ماڵ، بەلەز
بمگەیەنەرە ماڵ ئەی قەفەز.»

لەو دەمەدا کە ئەم گۆرانی دەوت قەفەزەکەش بەلەرە لەر بەرزبۆوە و بەسەرگوندەکەدا فڕی. دوای ئەوەی چەند جارێک بەسەر ماڵەکاندا فڕی ئەمجا لە ناوەڕاستی دێکەدا نیشتەوە. بەم شێوەیە دیتی ئامێرەکەی بەباشی کاردەکات، خەڵکی گوندیش هاتن تاکو بەچاوی خۆیان ببینن چی ڕوودەدات.



ئەو سەبارەت بەئامێرە سەرسوورهێنەرەکە قسەی بۆ کردن، خەڵکی گەشت و فڕینی کردن، بەڵام کەسیان بڕوایان بەقسەکانی نەکرد وتیان:

«گوێ بگرە کوڕە!... ئەم قسە بێ مانایانە چین تۆ دەیانکەی؟»

بەڵام کوڕە لەسەر قسەی خۆی سوور بوو:

«ئەگەر بڕواتان بەڕاستیی قسەکانم نییە، ماوەم بدەنێ بۆتان بسەلمێنم.

ئەگەر دەترسن خۆتان تاقیبکەنەوە، با بزن و ڕەشە وڵاخەکانتان سوار بکەم!»

ئەنجا قایل بوون، سێ بزن و دوو مانگا بێنن. خۆشی لە گەڵیاندا سواربوو.

تێیهەڵکردە گۆرانی:

«قەفەز، قەفەز، قەفەز
بمگەیێنەرە ماڵ بەلەز.
بمگەیێنەرە ماڵ، ئەی قەفەز!»

قەفەز بەرە و تاقی ئاسمان فڕی. خەڵکەکە واقیان وڕما کاتێ دیتییان قەفەزێک بەسەر ماڵەکاندا دەفڕێ... ئیدی بەناچاری ڕاستیی قسەکانی کوڕەلاویان سەلماند... هەندێ لە پیرەمێردەکانی دێ ئامادەیی خۆیان پیشاندا، هەروەها زاواش ئامادەیی خۆی پیشان دا.

کوڕە لەنێوەڕاستدا دانیشت، دەستی بەگۆرانییەکەی کرد، قەفەزی تاین بەرە و ئاسمانی بان گوندەکە هەڵکشایەوە.

ئیدی هەموو حەزیان لە گەشتی ئاسمان بوو، کوڕەش بەڵێنی دانێ ڕۆژی داهاتوو خواستی هەموویان بێنێتە دی.

کوڕە پێی زانی کە مرۆڤ خۆرەکان پیلانیان داڕشتووە سبەی خوشکەکەی بخۆن، بەڵام ئەم وای چاوەڕوان دەکرد، قەفەزی فڕیو بەجۆرێ سەرنجیان

ڕابکێشێ و سەرگەرمیان بکات هەموو شتێکی دیکەیان لەبیر بباتەوە!

تاریک و ڕوون، کوڕە هێنای ژمارەیەک ڕەشە وڵاخ و بزن و باڵندەی کۆکردەوە، هەروەها هەندێ مۆز، گەنمە شامی و هەرزنی هێناو هەموویانی خستە نێو قەفەزەکەیەوە، پاشان بەو خەڵکەشی وت هەموویان لەوێ کۆببنەوە:

«ئەمڕۆ لە دوێنێ بەرزتر دەفڕین، با لە پێشدا گەشتێک بەخوشکەکەم و ئەم گیاندارانە بکەم.»

هەموو لایەک پلانی کوڕەیان بەگەن کرد. کوڕە لەگەڵ خوشکەکەیدا سواری قەفەزەکە بوون و دەستی بەگۆرانی کرد.

قەفەز بەرز بەرە و ئاسمان هەڵکشا، کاتێ بەتەواوی بەرزبوونەوە، کوڕە ئاوڕی لێدانەوە و وتی:

«ئێوە ئەی مرۆڤ خۆرە ترسناکەکان چاک بزانن ئێمە جارێکی دی لێرە نانیشینەوە بەدووعا، سوپاس!»

فڕین تا گەیشتنەوە، گوندەکەی خۆیان، کوڕە وتی:

«وەک بەچاوی خۆت دیت، قسەی من بوو! کەچی تۆ لەبەرئەوەی ناساغ بووم گوێت لێنەگرتم. تەنانەت شەرمت دەکرد من برات بم، بەڵام ئەگەر من یارمەتیم نەدایتایە، ئەوا ئەو بیانییە مرۆڤ خۆرانە دەیانخواردی!»

کچە هەستی بەخەجاڵەتی کرد و تێگەیشت کە مامەڵەیەکی چەوتی لەگەڵدا کردووە، لەو ڕۆژەوە ڕێزی براکەی گرت ئەگەر چی نەخۆشیش بوو.

*گێڕانەوەی: John Wembah- Rashid*



## ماسانینگا

ئەم هەقایەتە بەسەرهاتی کچۆڵەیەک دەگێڕێتەوە، باوک و دایکی لێیان قەدەغە کردبوو یاریی لەگەڵ منداڵانی گونددا بکات. بۆیە ئەویش ناچار بوو بەتەنێ یاری بکات.

هەموو جارێک کە منداڵان بۆ یاری بانگیان دەکرد، ئەو بەنەخێر وەڵامیدەدانەوە، چونکە دەترسا باوک و دایکی سزای بدەن، بۆیە ئەو هەردەم تەنیا بوو. بەتەنیا ئاوی لە ڕووبارەکە دەهێنا، بەتەنیا دەچووە چیلکەچنێ تاکو دایکی ئاگری پێبکاتەوە و چێشتی پێ لێبنێ.

لە نێوان گوند و ئەو ڕووبارەدا کە ئاوی لێدەهێنا (دارباوبا) یەکی گەورە هەبوو، شتێکی ئاسایی بوو ئەگەر منداڵان یارییان لەنێو کلۆرەکەیدا بکردایە.

ڕۆژێکیان لەو دەمەدا کچە بەرە و ڕوبارەکە بەڕێوەبوو، گەیشتە ئاستی درەختەکە و دایدایە باران. کچە پێی خۆش نەبوو تەڕببێ، بۆیە چووە نێو کلۆری دارەکەوە.

لەو دەمەدا کچە خەریک بوو بچێتە نێو قووڵایی کلۆری دارەکەوە، دەمی کونەکە هاتەوە یەک، ئیدی کچە لەوێدا قەتیس ماو نەیتوانی بێتەوە دەرێ.

ئەوی ڕاستی بێ کلۆری دارەکە، کارکردی سیحرێک بوو، لەلایەن دێوی

بەدفەڕی زیموی-یەوە (Zimwi)(*) ئەنجامدرابوو. زیموی بەزۆری هۆگری ئەو درەختە گەورەیە بوو. ئەم دێوە دەیتوانی مرۆڤێک بکاتە پاروویەک و قووتی بدات... بۆشی هەبوو ئەو مرۆڤە چەندین ساڵ لە سکی خۆیدا بیهێڵێتەوە، زیموی، دێویک بوو تێرخواردنی نەبوو...

درەنگی کرد و کچە نەگەڕایەوە ماڵ، باوک و دایکی بەنیگەرانییەوە کەوتنە سۆراخی، هەموو جێیەکی بەشوێندا گەڕان، بەڵام کچە سەرو سۆراخی نەبوو.

بۆ سبەی بەیانی دەستیان بەپشکنین کردەوە. هەموو شوێنێ گەڕان.

بیریان لە دارستان، ماڵان و گوێ ڕووبار کردەوە و هەموویان تاقیکردەوە بەڵام کچە دەنگ و ڕەنگی نەبوو.

لەبەرئەوەی کچە دایم و دەرهەم بەتاقی تەنیا بوو، کەس نەیدەزانی لە کوێ گیرساوەتەوە.

هەفتەیەک ڕابورد و کەس هەواڵێکی کچەی نەزانی. کچە بوو بەنان و خورا، بوو بەئاو و خورایەوە.

کچانی دێ بۆ ئاوکێش کردن چوونە سەر ڕووبار، دەفرەکانیان پڕ کرد و گەڕانەوە. لە گەڕانەوەدا لایاندایە کن دارباوبا- کە، تاکو لە وێندەرێ یاری بکەن. ئەوان زۆر سەریان سوورما کاتێ دیتییان کونە گەورەکە نەماوە، دەمەکەی هاتۆتەوە یەک، مابۆوە تەنیا کونێکی گچکە، کە دەستێکی پێدا نەدەچوو. کچێکیان بەمست لە درەختەکەی داو وتی:

(*) Zimwi، زیموی= دێوێکی مرۆڤ خۆرە. قوربانییەکانی قووت دەدات، دەشتوانێ ساڵانێکی زۆر لەسکی خۆیدا بیانپارێزێ بێئەوەی بمرن چونکە زۆر زەبەلاحە. ئەگەر دیارییەکی بدەیتێ یان بەدەرمان بیترسێنی، ئەوا بەزیندوویی قوربانییەکانی هەڵدەهێنێتەوە.



«ئۆی! باوبا، ئەوە بۆ وات لێهاتووە، چ خێرتە؟»

دوای ئەوەی کچە بەمست درەختەکەی کوتا، پێشهاتێکی زۆر سەیر ڕوویدا. هەر جارێک لێیان بدایە گۆرانییەکیان دەهاتە گوێ.

«نگۆ! ئەوە ماسانینگایە.

نگۆ! ئەوە ماسانینگایە.

چووە یاری بکات.

چووە لەنێو دارباوبا- یەکەدا وازی بکات

کاتێ کچگەل گوێیان لەم سترانە بوو وتیان:

«ئۆی !گوێیان لێیە؟ داروباوبا گۆرانی دەڵێ، با ئەمجارەش تاقیبکەینەوە!»

منداڵان زۆر خۆشحاڵ بوون، لە درەختەکەیان دەداوبە دەوریدا سەمایان دەکرد. ئەوان بەم شێوەیە لە درەختەکەیان دەدا، نگۆ! نگۆ! نگۆ!.

ئیدی هەمان گۆرانییان گوێ لێدەبوو.

ڕۆژیان لە بن درەختەکەدا بەسەر برد. رووبارو ئاوکێشانیان بیرچووەو. مانەوەیان لەوێندەرێ هێندە درێژەی کێشا، خەڵکی گوند سەریان لێ سوورما داخۆ کچان کێوە چوون!. تاریک داهات و نەگەڕانەوە ماڵەوە... گەورەکان کەوتنە سۆراخ و هەواڵ پرسینیان، چوونە گوێ ڕووبارەکە چونکە بۆ دواجار، سەرلەبەیانی بەگۆزەی بان سەریانەوە بینرابوون ڕووەو ئەوێ چووبوون.

لە ڕێگەیاندا، بەلای دارباوبا- یەکەدا ڕەتبوون، دیتیان کچگەل لەوێن و بەدەوری درەختەکەداغ سەرگەرمی سەمان و بەدرەختەکەدا دەکێشن تاکو گۆرانییان بۆ بلێ. یەکێ لەو ژنانەی بۆ سۆراخی منداڵەکەی هاتبوو دایکی کچەی ونبوو بوو، کە گوێی لە گۆرانییەکە بوو، یەکسەر دەنگی منداڵەکەی

خۆی ناسییەوە بێگومان کچەکەی ماسانینگای ناوبوو! بۆیە گۆرانییەکەش بەمجۆرە بوو.

«ئەوە ئا ماسانینگایە!

ئەوە ماسانیگایە!

چووە یاری بکات،

چووە لە نێو دارباوبا – یەکەدا وازی بکات،

لێ باوبای تاین دەرگای لەسەر داخست!»

دایکەکە بەحەپەساوییەوە پرسی:

«خۆ ئەوە کچەکەی منە، بەڵام لەکوێیە؟»

ژنە چەند بەدەوری درەختەکەدا سووڕایەوە، منداڵەکەی بۆ نەدۆزرایەوە.

گەورەکان داوایان لە منداڵان کرد یارییەکەیان بوەستێنن، تاکو بتوانن لە کێشەکە بکۆڵنەوە، ئەوان زۆر سەرسام بوون کاتێ زانییان درەختەکە کلۆرییەکەی پڕ بۆتەوە و ماسانینگا ئەوەتا لەنێو درەختەکەدایە.

لەڕاستیدا هیچ کام لە منداڵان ئەو دەنگەیان نەدەناسییەوە. ئەوان نەیاندەزانی ئەوەی گۆرانییەکە دەڵێ کچەی بێسەر و شوێنە.

گەورەکان لە خەمی ئەوەدا بوون کارێ بکەن منداڵەکە ڕزگار بکەن. هەندێکیان پێشنیازیان کرد درەختەکە ببڕنەوە، لەکاتێکدا هەندێکی دی دەیانگوت:

«نەخێر کاری وەها ناکەین، بەم شێوەی منداڵەکە بریندار دەکەین!»

هەندێکیش لەسەر ئەو ڕایەبوون کە تەنیا چارەیەک بۆ ئەوەی زیموی– ئەو دێوە بەدفەڕەی کە مرۆڤ دەخوات– دەستبەرداری نێچیرەکەی بێ ئەوەیە، ئەو شتەی دەرخوارد بدەین کە حەزی لێیەتی. هەندێ دەیانزانی کە خۆشترین خواردن بەلای زیموی– یەوە کوولەکە گەورەکانە یان شووتی،



ئەگەر یەکێ لەو دووانە بخەنە بن درەختەکە، ئەوا بەدڵنیاییەوە، منداڵەکە دەگەڕێتەوە. بەڵام ئەوەیان لەبیر چوو کە کوولەکەی گەورە و شووتی لەو وەرزەدا پەیدا نەدەکران.

ڕێگەچارەیەکی دی ئەوەبوو، هەندێ دەرمانی وەها بەکاربێنن بیترسێنێ.

ژنێکیان وتی، یێک لەباری زیموی خراپترین شت ئەو دووکە لەیە کە لە هەڵکڕووزاندنی یاڵی شێر پەیدا دەبێ، ئیدی بەپەلە لای ڕاوچییەک یاڵی شێریان پەیداکرد و ئاگریان تێبەردا.

هەرکە دووکەڵ بڵند بوو دیتییان کونە بچکۆلەکە بەرە بەرە گەورە دەبێ! لەپڕ ڕەشەبایەکی توند لە درەختەکەوە دەرپەڕی وەک هەورەناڵەی دوای چەخماخە دەنگی دایەوە! هەموو ترسیان لێ نیشت و خۆیان بەزەویدا دا و ڕوخساریان شاردەوە، تا جارێکی دی ئارامیی باڵی کێشا.

لەو دەمەدا، بەسەرسامییەکی زۆرەوە ماسانینگایان دی، بەهەموو هێزییەوە بەرە و دایکی ڕایدەکرد! ئیدی لەو ڕۆژەوە ماسانینگا هەرگیز بەتەنیا وازیی نەکرد.

*گێڕانەوەی: John Wembah -Rashid*

# کانیی هەنگوین

هەبوو نەبوو گوندێک هەبوو، هیچ ئاوێک لە نزیکییەوە نەبوو. بۆیە خەڵکەکەی دەبووایە ڕێگەیەکی دوور ببڕن بۆ ئەوەی ئاوی ئاواسایی پەیدا بکەن.

ڕۆژێکیان ژنان لە بناوانی کۆنە کارێزێکدا، کانیلەیەکیان دۆزییەوە، کە تامی ئاوەکەیان کرد دیتییان وەک هەنگوین وایە!... ئاوێکی شیرینی ڕوونەو لە کانیلەکەوە تافەتاف هەڵدەقوڵێ، بەتاسوخەوە چەندیان توانی لێیان خواردەوە، کە گەڕانەوە ماڵ سەبارەت بەو کانییە هەنگوینەی دۆزیبویانەتەوە قسەیان کرد. بەساڵاچووەکان گومانیان هەبوو، بۆیە بڕیاریاندا خۆیان لە نزیکەوە بچنە بنج و بناوانی... دوای ژنان کەوتن تا گەیشتنە کانیی هەنگوین و بەچاوی خۆیان دیتییان.

پیرەکان بەسەر کانییەکەدا چەمینەوە و چەندیان توانی لێیانخواردەوە.

بۆ ڕۆژی داهاتوو بڕیاریاندا سەری کانیی هەنگوین بدەنەوە.

چەندیان بۆ هەڵگیرا لەشەربەو دەفر، لەگەڵ خۆیاندا بردیان، بەو نیازەی بڕێکی زۆر هەنگویناو لەگەڵ خۆیان ببەنەوە.

ئەوان چەندیان توانی خواردیانەوە، دوای ئەوەی تەواو سکیان هەڵتۆقی ئەمجا دەفرەکانیشیان لێوان لێو کرد و گەڕانەوە.

لەگەڕانەوەدا، پیرەمێردەکان گوێیان بەدەنگێک زرنگایەوە، گۆرانیی دەچڕی:



«لابکەرەوە، لابکەرەوە!
ئەگەر لاقێکت هەیە، لابکەرەوە.
ئەگەر چاوێکت هەیە، لابکەرەوە.
ئەگەر زارێکت هەیە، لابکەرەوە.
لابکەرەوە، لابکەرەوە!»

ئەوانیش بەحەپەساوییەوە لایانکردەوە تاکو بزانن کێیە ئەم گۆرانییە دەچڕێ! بەڵام ئەوەندە بەخێرایی لایانکردەوە هەموو هەنگوێنە خۆشەکەیان ڕژاند... دووبارە دەفرەکانیان پڕکردەوە. بەڵام هەموو جارێک کەپشت پێیان هەڵدەکرد، گوێیان بەهەمان گۆرانی دەزرنگایەوە، دیسانەوە دەفرەکانیان لەدەست بەردەبوونەوە و هەنگویناویان لێدەڕژا.

جارەهای جار ئەم کردەوەیەیان پاتەکردەوە، دواجار بڕیاریاندا بەدەستی بەتاڵ بگەڕێنەوە. لە گوند ئەم پێشهاتە سەیر و سەمەرەیەیان بۆ هەر کەسێک دەگێڕایەوە بڕوای پێنەدەکردن، بەڵکو پێشیان پێدەکەنین، چۆن دەبێ مرۆڤ بچێتە سەر کانیی هەنگوین و بەدەستی بەتاڵ بگەڕێتەوە!

چۆن دەبێ مرۆڤ ئەو هەنگویناوە نایابە بڕێژێ هەر لەبەرئەوەی گوێی لەگۆرانی بووە!

ڕۆژی داهاتوو دەستەیەکی نوێ چوونە سەر کانیی هەنگوین و هەمان تاقیکردنەوەی ڕۆژی پێشووی پیرەمێردەکانیان لێ دووبارە بووەوە، لە ئاوەکەیان خواردەوە، پاشان دەفرەکانیان پڕ کرد، بەڵام ئەو دەنگەی گۆرانییەکەی چڕی هەموو هەنگویناوەکەی پێڕشتن!

بۆ سبەی دەستەیەکی دی بەرە و هەمان شوێن کشان، ئەوانیش سەرکەوتنیان بەدەست نەهێنا.

دوای ئەوەی هەر هەوڵێک گەورەکان دایان بێئەنجام بوو، کۆبوونەوەیەکی فراوانیان گرێدا و لە کۆتاییدا هاتنە سەر ئەو ڕایەی، چاکتر وایە دەست

لەکێش کردنی هەنگوینا و هەڵگرن، لەو کۆبوونەوەیەدا دەستەیەکیش منداڵ دانیشتبوون. ئەوان سەریان لەدوا بڕیاری گەورەکان سووڕما.

ئەوان لەنێوان خۆیاندا لە سەر گەشتێک بۆ نێو دارستان ڕێککەوتبوون.

ئەگەرچی گەورەکان هیچ حسابێکیان بۆ توانای ئەمان نەدەکرد. بەڵام ئەو کوڕیژگانە سەردانی کانیی هەنگوینیان بەلاوەپەسەند بوو. بۆیە پرسیان بەدایک و باوکیان کرد تا بەدوایاندا نەگەڕێن و لەخەمی گەڕانەوەیاندا نەبن.

پیرەمێردەکان بەسەر منداڵداندا هاتن و سەرکۆنەیان کردن. پێیان وتن، هەبێ و نەبێ شیت بووون، ئەگەر بەخەیاڵتاندا هاتبێ بچنە ژێر بارێک گەورەکان پێیان بارنەکراوە. بەڵام کوڕیژگەکان پێیان لەسەر ئەوە داگرت، مۆڵەتی هەوڵ و تاقیکردنەوەیان بدەنێ و داواشیان لێکردن بەسەرهاتی خۆیان و کانیی هەنگوینیان وەک خۆی بەبێ کەم و زیاد بۆ بگێڕنەوە، چی ڕوویداو چۆن؟ دوای ئەوەی گوێیان لە هەموو بەسەرهاتەکە بوو وتیان:

«چاوەڕوان بن و ببینن. ئێمە هەنگویناو لەگەڵ خۆماندا دێنینەوە!»

پیرەکانیش بەگومانەوە سەیریان دەکردن. ئەوان گوندیان جێهێشت و لە ڕێگا گفتوگۆیان لەسەر ئەوە کرد چۆن چۆنی دەستبەکاربن و بەدەفری پڕەوە بگەڕێنەوە.

گەشتەکە لەلایەن منداڵێکی حەوت ساڵانەوە ڕابەریی دەکرا، ئەو پێشنیازی وابوو، هەر کە گەیشتنە سەرکانییەکە، چەندیان توانی بخۆنەوە، پاشان دەفرەکانیان پڕ بکەن تەواو وەک چۆن پیرەکان کردیان، بەڵام کە دەنگەکەیان بیست نابێ بەنیازی بینینی خاوەنەکەی ئاوڕبدەنەوە. بەڵکو دەبێ ئەوانیش هەمان گۆرانی بڵێنەوە، دەبێ بەردەوام بن و بەهیچی دیکەوە سەرقاڵ نەبن، نابێ واقیان وڕمێنێ و سەرنجیان بەلای ئەوەدا بچێ داخۆ دەنگەکە لە کوێوە دێ.



لە کۆتاییدا لەسەر ئەوە ڕێککەوتن، هەر کەسێ پەیڕەوی ئەم بڕیارانە نەبێ ئەوا دەکوژرێ.

ئەنجام، گەیشتنە کانییەکە و چۆنیان بڕیاردابوو ئاوایان کرد... چەندیان توانی خواردیانەوە، گۆزەکانیان پڕکرد و ڕووەو ماڵ جوولاَن. بەدەم ڕێوە، وەک لە گەشتێکی تەواو ئاساییدا بن، بەدەنگی بەرز قسەیان دەکرد و دەیانقیراند، لەپڕ دەنگی پیرەمێردەکە هاتە گوێیان. ئەو منداڵەی سەرکردایەتی گرووپەکەی دەکرد خێرا فەرمانی پێدان، هەموویان بەئاوازەوە گۆرانییەکەی لەگەڵ بڵێنەوە:

«تۆ دەڵێی لابکەرەوە، لابکەرەوە.
لە پای چی ئێمە لابکەینەوە؟
لە پای چی ئەوەی لاقێکی هەیە لابکاتەوە؟
لە پای چی ئەوەی چاوێکی هەیە لابکاتەوە؟
لە پای چی ئەوەی زارێکی هەیە لابکاتەوە؟
لابکەرەوە، لابکەرەوە، ئێمە لاناکەینەوە!»

وەک لەسەری ڕێککەوتبوون منداڵەکانی دی لەگەڵیدا وتیانەوە. بەدەم گۆرانییەکەوە دەڕۆیشتن بێئەوەی ئاوڕبدەنەوە.

پیرەمێرد هەر گۆرانیی وت و وتییەوە، بەڵام بەهیچ جۆرێک کاری لە منداڵەکان نەکرد، ئەمجا هەوڵیدا بەهۆی سیحرەوە بیانوەستێنێ، ئەوەشیان فریای نەکەوت و بێسوود بوو. ئەوان گوێیان بەهیچ نەدا، ڕۆیشتن، هەر ڕۆیشتن. تا بەدەفری پڕ لە هەنگویناوەوە گەیشتنەوە ماڵ.

هەموو خەڵکی دایان لەهاڕەی چەپڵەڕێزان و ئافەرینیان کردن، بۆخۆیان و زیرەکییان. ئەو منداڵەی سەرکردایەتیی دەستەکەی دەکرد، بەپادشای ئایندە هەڵبژێراو هەموو خەڵکەکەش ڕێزیان لێنا.

*Edwardi Ntemi* :*گێڕانەوەی*

# سەرگورشتەیەکی دی سەبارەت سونگورا

ڕۆژێکیان سونگورا بەتەوقەسەری چیاوە بوو، بەدوای شتێکدا دەگەڕا بیخوات. لە بەختی کەچی، لەو دەمەدا، دایدایە لاسامەیەک سەر بەکلاوە، بیری کردەوە دەبێ بەدوای پەنایەک، داڵدەیەکی وشکدا، یان کوڵێتێکدا بگەڕێ باران نەیگرێتەوە، کاتێ بەچوار دەوریدا دەیڕوانی، چاوی بەدووکەڵێک کەوت، لە ئەشکەوتێکی چیاکەوە بەرز دەبۆوە، بەپەلە بەرە و ئەشکەوتەکە داگەڕا، بەڵام دیسانەوە لەبەختی ڕەشی دیتی ڕەوەیەک کەمتیار لە دەوری ئاگری نێو ئەشکەوتەکە هەڵکورماون.

ئیدی فریای ئەوە نەکەوت هەڵێ و لەو دەوروناوە دوور بکەوێتەوە، تازە کەمتیارەکان دیتییان و خولکیان کرد بێتە ژوورەوە.

لەو دەمەدا، کە ئەم چاوی بەدەوروبەردا دەگێڕا، گوێی لێیان بوو بەچپە دەیانگوت، لە خوا بەزیاد بێ، شێوی ئەمشەومان بەپێی خۆی هات!

سونگورا زیرەک و فێڵزان بوو. ئەوەی ئەوان وتیان ئەم نەیبردە سەر خۆی، کاتی ئەوەش بەسەر چووبوو بابداتەوە و بۆی دەرچێ، بۆیە سڵاوی لێکردن:

«مامەکانم بەکەیفن!... حاڵ و ئەحواڵتان چۆنە؟»

کەمتیارەکان لەم ژەمە چەور و بەلەزەتە خۆبەخشە سەریان سووڕما، بەتایبەتی لەم وەرزی تەڕو تووشییەدا و بەم بارانە! سونگورا پرسی، داخۆ بۆی هەیە لە ئاگرکە نزیک ببێتەوە، هەموو وتیان:



«فەرمووا!... بەخێر بێی!»

بەڵام بەو حەز و ئارەزووەی لە چاوانیاندا دەخوێنرایەوە دیاربوو مرخیان لێخۆش کردووە و هەر ئێستا دەیخۆن، لەو دەمەدا خەریک بوو سونگور وشک دەبۆوە، گوێی لێبوو کەمتیارەکان دەیانگوت:

«هیوادارین زوو کزرببێتەوە تاکو ئێمەش دەست بەکاری خۆمان بکەین.»

سونگورا وتی: «ببوورن گەورەکانم، هێشتا سکم وشک نەبۆتەوە!»

هەر هەناسەیەک دوای ئەم قسانە بازێکی قایمیدا، بنمیچی ئەشکەوتەکە لەڕیبیەوە، ئەم وای پیشاندا کە ئەشکەوتەکە خەریکە بەسەریاندا بتەپێ:

«هۆو!... وا بنمیچەکە هەرەس دێنێ!. خێراکەن هەر ئێستا هەموو دەست بەکار بن!»

سونگورا ئاوای وت و ئەمجا لەسەری ڕۆیی:

«بچنەدەرەوە هەندێ کۆڵەکە پەیدا بکەن!»

ڕوویکردە زلترین کەمتیاریان و وتی:

«مامە!... پێدەچێ تۆ زۆر بەهێز بێ، دەست بدە تەورێک و برۆ کۆڵەکەیەک ببڕە و بیهێنە، با ئەوانی دی بنمیچەکە ڕاگرن، ئێوە پێویستە هێز و تواناتان بخەنەکار، دەنا دەبێ هەموومان ببین بەستوون!» ئیدی هەموو کەمتیارەکان هەڵسانەوە سەر پاشوو، لەسەر جووت لاقیان وەستان و دەستەکانیان دایە بەر بنمیچەکە تاکو نەڕمێ.

کاتێ کەمتیارە زلەکەیان بەستوونێکەوە گەڕایەوە ئەشکەوتەکە، سونگورا پێی وت:

«توند ستوونەکە بگرە و تەورەکەتم بدەرێ، چاک خۆت لەسەر پاشووەکانت ڕابگرە!»

ئەمجا سونگورا بەپەلە بەتەورێکەوە لەو ناوە دوورکەوتەوە و کەمتیارە

گەمژەکانی لەوێ جێهێشت. ئەوان بێپسانەوە سەرگەرمی ئەوە بوون بنمیچی ئەشکەوتەکە ڕابگرن نەبادا ها ئێستا تاوێکی دی بەسەریاندا بتەپێ، تاکو لە ئەنجامدا شەکەت بوون، هەندێکیان ئەوەندە ماندوو ببوون، لەهۆش خۆیان چوون، سونگوراش تێیتەقاند و بۆی دەرچوو، جارێکی دی چاوی بەچارەیان نەکەوتەوە.

*گێڕانەوەی: Joachim M. Ngoko*



## شاوری یاکۆ

## باڤیانە پەیمان شکێنەکە

کات دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمێکی دێرین و شوێن شانشینی (بۆهینگۆ)یە، سالآنێ بوو لەو شانشینە زەمین تینووی باران بوو، وشکە سالّی هەم مرۆڤ و هەم ئاژەڵی ئەو هەرێمەی هێنابووە لێواری مەرگ، لەنێوان ئەو گیاندارانەدا کە حاڵیان شڕ بوو باڤیان و(*) مەیموون هەبوون.

بەر لە قات و قڕییەکە ژیانی ئەم گیاندارانە لەسەر جۆرەها میوەجات، ڕەگی و ڕەخت و ئەو خواردەمەنییانە بوو کە پەیدایان دەکرد... بەڵام کاتێ وشکە سالّی پەیدابوو، ئیدی باڤیانەکان لەبەر کەم خۆراکی، ژیانیان کەوتە مەترسییەوە.

ئەگەرچی بەشی هەرەزۆری شانشینەکە بەسەختی دووچاری ئەم کارەساتە سرووشتییە بووبوو، بەڵام تا ئەوکاتەش دۆڵێک هەبوو بەسەوزی مابۆوە و ژیانی تیادا مابوو. شامباکانی گەنمەشامی و هەرزن و پەتاتە و مۆز و ئەم بابەتانە هێشتا هەر سەوز و بەبەر بوون.

ئەو دۆڵە تەنیا شوێنێک بوو خەڵک بتوانن بژێویی خۆیانی لێپەیدا بکەن، بۆیە بەروبوومی ئەو کێڵگانە دوا دەرەتان بوو بۆ باڤیانەکان بۆ ئەوەی بتوانن پارێزگاریی خۆیان بکەن و بەزیندوویی بمێننەوە.

(*) باڤیان= جۆرە مەیموونێکی گەورەی کلک درێژە.

بەڵام هەر وەک چاوەڕوان دەکرا خـەڵکێکی زۆر بۆ بەرگـری لەم دۆڵە پاسەوان بوون.

ژمارەیەکی زۆر باڤـیـانی سەرگەردان لە کـاتی سۆراخ و دزینی نەختێ خۆراکدا لەو کێڵگانە لە نێوچوون، ئەوان بێویژدانانە، بەڕم و تیر و گوللە و ژەهر و تەڵە کوژران.

لەگەڵ چوونە پێشەوەی ڕۆژگاردا ژیان و گوزەران لەبەردەم باڤیانەکاندا سەختتر دەبوو.

لە ئەنجامی گەشتی درێژ و دژواریاندا بەدوای خواردندا نیوەیان زیاتر بریندار بوون و ژمارەیەکی زۆریشیان بەپانگا یان بەهۆی تەڵەوە کلکیان پەڕی.

تا ڕۆژێکیان بەتەمەنترینی هەموو باڤیانەکان، هاو توخمەکانی بۆ کۆبوونەوەیەکی گشتی بانگ کرد، وتارێکی درێژی دا:

«هاوڕێ بەڕێزەکان؛ ناچارم پێتان ڕابگەیێنم، کات بەبەریبیوە نەماوە، ڕۆژانی ژیانمان ڕوو لە کۆتان و دەتوانین بیانژمێرین، ئەگەر خەڵکەکە بەو ڕادەیە لە گەڵمان دڵڕەق بن، ئیدی ئێمە لە هەل و مەرجێکی وەهادا خۆری بەختمان ڕوو لە ئاوابوونە و مانگێکی دیکە نابات دایەرمان لێدەبڕن!»

باڤیانە پیر هەر بەردەوام بوو:

«ئەمەش مانای وایە ڕەگەزی باڤیان قڕی تێدەکەوێ، ئەم کارەساتە بەسەر خزمە مەیموونەکانیشماندا دێ، ئێمە هەموومان بەبرسێتی تا مردن سزا دراوین!»

پیرە باڤیان پشوویەکی کورتی دا... بیری پەرش و بڵاوی کۆ کردەوە و ئەمجا وتی:

«وەنەبێ مەبەستم خۆم بێ، من گەیشتوومەتە تەمەنێک ئیدی باکم لە



مردن نییە، من خەمی منداڵەکانمە و خەمی ئەوانەمە تازە جووت بوون و خێزانیان پێکهێناوە!... بەڵێ، وابزانم لە مەبەستم تێدەگەن!»

لەم کاتەدا پیرەباڤیان کە وتاربێژێکی چاک بوو، سەرنجی هەموو ئامادەبووانی کۆبوونەوەکەی ڕاکێشا. هەندێ ڕوخساریان گرژ کرد و هەندێ دەگریان.

پیرە هەر بەردەوام بوو:

«دەرهەق زەمانە من بیرۆکەیەکم هەیە، پێم باشە بەر لەوەی ژیان لە دەست بدەین تاقیبکەینەوە، ئەمەش دوا چارەسەرە کە دۆزیومەتەوە، با ئێمە باڤیانێکی قۆز و بەتوانا بدۆزینەوە، بەتیغێکی تایبەتی دەلاکی، هەموو تووکەکەی بۆ بتاشین، تا وای لێبێ شێوەی لە مرۆڤ بچێ، ئەمجا دەینێرنە گوندەکە تاکو تێکەڵ بەخەڵک ببێ و جل و بەرگی بپۆشێ و وەک مرۆڤ هەڵسوکەوت بکات!»

سەرپاکی ئامادەبووانی کۆبوونەوەکە هیوایان پەیدا کرد و بەوردی گوێیان بۆ فەرمایشتەکانی سەرکردە داناکەیان شل کرد. پیرە باڤیان پێشنیازی کرد، دەبێ باڤیانە بێ مووەکە لەنێو بەرەی مرۆڤدا نیشتەجێ ببێت و بەشداریی لە ئەرک و کاروباری گوندەکەدا بکات.

هەروەک دەبی لەوەش بگات، گەرەکە لە پاسەوانی دژ بەباڤیانەکان کە لە شامباکاندا بەڕێوەدەچێ کارامەیی بنوێنێ. لەو ڕۆژەدا کە ئەو دەبێتە پاسەوان، گەرەکە بوار بەباڤیانەکان بدات، چەندیان لە توانادا هەیە خواردن بدزن... دەبێ چەند لە توانادا بێ ئەم فێڵە پاتەبکرێتەوە، بەمەرجێک نهێنی کارەکە پارێزراو بێ.

باڤیانە مرۆڤ، دەبێ ئاگاداریان بکاتەوە، کام ڕۆژ دەبێتە پاسەوان، تاکو پێش وەخت بزانن و خۆیانی بۆ ئامادە بکەن.

پلانەکە لەلایەن هەموو ئامادەبووانەوە پەسەندکرا، ئەوان باڤیانێکی شۆخ

و شەنگ و کەتەیان هەڵبژارد کە تازەکی لە میانەی گەشتێکی درێژدا کلکی بەپانگایەک پەڕیبوو.

هێنایان باڤیانیان پاک پاک تاشی، دیمەنێکی نوێ و لەباری هەبوو.

پاشان دەستێک جلکی پۆشی، کە لەکاتی سەردانی کێڵگەیەکدا دۆزیبوویەوە.

بەر لەوەی دابەزێتە نێو گوندەوە، جوابی نارد، بەنیازە بگەڕێتەوە تاکو فێری بکەن چۆن بتوانێ ناوە ناوە، تراش بکات، چونکە ئەگەر مووەکانی درێژبوون، ئەوا خەڵکەکە گومانی لێدەکەن. پێی دەڵێن خوات لەگەڵ، هیوادارین بەخت یار و یاوەرت بێ!

کاتێ باڤیانەکە گەیشتە گوندەکە، وەک ڕێبوارێکی نوێ بێت و لە گوندێکی دیکەوە هاتبێ و بیەوێ لەو دۆڵەدا نیشتەجێ ببێ، پێشوازیی لێکرا.

باڤیانەکەش زوو لەسەر چێشت خواردن و خواردنەوەی ئەلکهولیش ڕاهات، وەک گوندنشینێکیش ناوی خرایە لیستی ئەو پیاوانەوە کە دەبێ پاسەوانی کێڵگەکان بکەن.

ڕۆژێک بەر لەوەی بۆ یەکەمین جار بیێتە پاسەوان، گەڕایەوە بۆ نێو دارستان و لیستی ئەو ڕۆژانەی دا بەهاوڕێکانی کە تیایاندا دەبێتە پاسەوان.

لە یەکەم ڕۆژی نۆبەتداریدا هەموو باڤیانەکان هاتن، چەندیان بۆ هەڵگیرا خواردەمەنییان لەگەڵ خۆیاندا برد، ئەوان بۆیان ڕەخسا تا ئەو دەمەی زەنگ لێدەدرێ، میوەیەکی زۆر بدزن.

ئەمە ڕۆژێکی مەزن بوو لە مێژووی کۆمەڵگەی باڤیاندا، هەموو لایەک پیرۆزباییان لە پیرە باڤیان کرد بۆ خۆی و تەگبیری کردی.

پیرە باڤیان وتی:



«کاتێ کەسێک دەچێتە ساڵەوە، ئەوەندە ئەزموون و وریایی پەیدا دەکات، بتوانێ وەک چەک بەکاری بهێنێ... گەنجان خاوەنی توانان.

دەرفەتی زۆریشیان لەبەر دەستدایە. بەڵام هەوڵەکانیان بەزۆری بەزیانی خۆیان دەشکێتەوە، لەم مەسەلەیەدا زیاتر مەبەستم فێڵ و مانۆڕە لە بەرامبەر مرۆڤدا... ئێمە ئێستا لەنێو کۆمەڵگەی مرۆڤدا نوێنەری نهێنیی خۆمان هەیە، ئێستا ئەو مشوورمان دەخوات و ناهێڵێ ببینە قوربانی وشکە ساڵی و قاتوقڕی!»

لەم ماوەیەدا باڤیانە مرۆڤ سەرقاڵی ئەوە بوو خۆی ڕابێنێ تەواو وەک مرۆڤ هەڵسوکەوت بکات.

لە ماوەیەکی کورت دا شارەزای هەموو ئەو کارانە بوو کە مرۆڤ دەیانکات، وەک جگەرەکێشان، سواربوونی دووچەرخە و سەما، بەتایبەتی ئەم دووانەی دواییانی بەباشتر دەزانی بۆ بەسەربردنی کاتی بێکاری.

ئەو لە کێڵێکی ڕازاوەدا دەژیا، ئەوەشی بیر نەدەچوو، لەکاتی خۆیدا سەری دارستان بدات و خۆی تەراش بکات و ماوە بەباڤیانەکان بدات لە نۆرە پاسەوانیی ئەودا بێنە نێو مەزراکانەوە و فریای خۆیان بکەن و مشووری خۆیان بخۆن.

زۆری نەبرد لەنێو گوندەکەدا بوو بەکەسێکی دیار و بەناوی شاوری یاکۆ-وە (Shauri Yako) ناسراو شۆڕەتی پەیدا کرد.

دوای ماوەیەک، شاوری یاکۆ دڵی بەکیژی کوێخای دێکەدا چوو، زۆری نەخایاند کچەی گواستەوە بوو بەجێگەی ڕێزی خەڵکی گوند.

کەس نەبوو گومانی لەمرۆڤ بوونی ئەو هەبێ، بەڵکو لەو بڕوایەدا بوون ئەمیش مرۆڤێکە وەک خۆیان.

لەو دەمەدا گۆڕانکارییەکی ئاشکرا لە هەڵویستی شاوری یاکۆدا بەرامبەر باڤیانەکانی هاوڕێی ڕوویدا، وەک ئەوەی وەهای بۆ بچێ، چیدی

ئەم سەربەوان نییە، پاش ئەوەی چێژی لە ژیانی مرۆڤانەی خۆی بینی، بەوە دەستی پێکرد، لە دە خولەک پتر بواری بەباڤیانەکان نەدەدا دزی بکەن، ئاگاداریشی کردنەوە، نابێ چیدی خۆیان بەکێڵگە تایبەتییەکەی خۆیدا بکەن، ئەگەر چی زۆریشی تێدابوو بۆ خواردن بشێ!

باڤیانەکان لەم گۆڕانە خراپەی لەپڕ بەسەر شاوری یاکۆدا هات حەپەسان،

کار گەیشتە ئاستێک بەهیچ جۆرێک بوار بەباڤیانەکان نەدات ئازووخە بۆ خۆیان دابین بکەن. پاساویشی ئەوە بوو، ئەگەر بێت و بێنە نێو کێڵگەکانەوە مەترسی ئەوەش لە ئارادایە بەروبوومی شامبا تایبەتییەکەی خۆیشی بدزرێ.

هۆیەکی دی لە پشتی ئەم ئاکارەوە بوو ئەوە بوو، دەیویست بۆ خەزووری (کە سەرکردەی گوندەکە بوو) بسەلمێنێ، ئەو شیاوترین کەسە بتوانێ کێڵگەکان لە وەزەنی ئاژەڵە زیانیدەکان بپارێزێ.

ڕۆژێکیان خۆی و ژنەکەی نۆرە پاسەوانییان بوو، هەر ئەمان گەیشتنە کێڵگەکان و دەستەیەک باڤیان بەغاردان هاتن و دەستیان بەکۆکردنەوەی ئازووخە کرد، بۆ ئەوەی بۆ ژنەکەی بسەلمێنێ ئەم پاسەوانێکی کردەیە هاوڕێکانی خۆی دایە بەر ڕێژنەی تیری ژەهراوی، دووانی لێکوشتن و ژمارەیەکی زۆریشی لێبریندار کردن. جۆرەها مەیموون و گیانداری زیانەخرۆی دیکەی لە نۆرە پاسەوانیی خۆیدا کوشت، ژنەکەشی شانازیی پێوە دەکرد و خۆی پێوە هەڵدەکێشا!

لە کۆمەڵگەی باڤیاندا بڕوایان بەم دەنگ و باسە خراپانە نەبوو!

«چۆن دەبێ نوێنەرەکەمان بەم شێوەیە ناپاک بێ؟!» ئەوان سەریان لێسووڕمابوو. یەکەم جار هەموو لەو بڕوایەدابوون، تاوانی ئەو کۆمەڵ کوژییە لە ئەستۆی کەسێکی دیکەدایە، بەڵام زۆری نەخایاند بۆیان ڕوون بووەوە کە شاوری یاکۆ کوشتوونی.



ئەوەی بەڵگەی کۆتایی و حاشا هەڵنەگری بەدەستەوەدا، ئەو باڤیانە بوو کە شاوری یاکۆی تەراش دەکرد. ئەو لەو دەمەدا لە شاوری یاکۆ نزیک بووە و یەکدیشیان ناسیوەتەوە.

باڤیانەکان بۆ کۆبوونەوەیەکی بەپەلە بانگ کران، کە لەلایەن پیرە خاوەن تەگبیرەکەوە سەرکردایەتی دەکرا، تاکو بزانن چ هەڵوێستیک بەرامبەر بەو ناپاکە خیانەتکارە بنوێنن.

پیرە باڤیان خەم و نائومێدی بەرامبەر بەشاوری یاکۆ پیشان دا و دەستی بەقسان کرد:

«هاوڕێکانم، ئەمجارەیان زیرەکییەکەم دەستخەڕۆی کردم و فریام نەکەوت، بەڵکو بەپێچەوانە شکایەوە. بەڵام ئێمە ئەو ناپاکە دەکەینە پەند و دەرس!»

لە کۆبوونەوەکەدا بڕیاریان دا هیچ نەکەن و تەنیا چاوەڕوان بن، چونکە هەموو لایەک دەیانزانی شاوری یاکۆ ناتوانێ تاسەر لەلای ئەو خەڵکە بمێنێتەوە، چونکە مووی لەشی درێژ دەبێت و ئاشکرای دەکات، خەڵک پێی دەزانن کە ئەو باڤیانێک بووە و خۆی لێ گۆڕیبون!

هەر وەهاش دەرچوو! لەماوەی کەمتر لە هەفتەیەکدا مووی لەشی هێند درێژ بوو، ناچارما بەپەلە پڕووزێ خۆی بەنێو دارستاندا بکات تاکو لەوێ بۆی بتاشن.

ئیدی بەپەلە ئابلووقەیان دا، دۆزیبیانەوە و سزایان دا...! ئەو چەقۆ دەلاکییە تایبەتییەشیان شکاند کە تا ئەو کاتە ئەویان پێ تەراش دەکرد.

ئیدی کۆتایی بەخۆش گوزەرانیی شاوری یاکۆ هات! ئەو نەیتوانی جارێکی دی بەرگەی ژیانی سەختی نێو دارستان بگرێ، زۆری نەخایاند بەنائومێدی سوێی بووەوە و مرد.

*گێڕانەوەی: Zepherini Nkamba*

## دەرمانی عیشق

جارێکیان پیاوێک هەبوو ئەوەندە نێوانی لەگەڵ ژنەکەیدا خراپ بوو بڕیاری دا ژنی بەسەر بێنێ.

ئیدی بەژنی نوێوە سەرقاڵ بوو، ژنی یەکەمیانی بیرچووەوە، هەمیشە ژنی نوێی دەلاواند و پەسەندی دەدا، بۆیە ژنی یەکەم کێچ کەوتە کەوڵی، هەر دەبوو شتێک بکات، ئەوە بوو بەنیازی پەیداکردنی دەرمانی عیشق لەماڵ دەرچوو، تاکو بەهۆیەوە بتوانێ جارێکی دی پیاوەکەی بهێنێتەوە بۆ لای خۆی، مەیل بەم بدات و لەژنە تازەکەی بتەکێتەوە!

ژنە بڕیاری دا چوار دەرمانی جیاواز بەکاربێنێ، یەکەمیان جۆرە هەتوانێک بوو، دەبوایە جوان و بەتەمیز پێستی پێ چەور بکات.

دووەم دەرمانیان دەبوایە تێکەڵ بەئاوی گەرماوی بکات، ئەو ئاوەی کە خۆی پێدەشوات.

سێیەم دەرمان دەبوایە تێکەڵ بەخواردنی مێردەکەی بکات. چوارەمیشیان دەبوایە لە ئاگری چێشتخانەکەیدا بیسووتێنێ، لەو دەمەدا کە خجلێ چێشت لێنانە.

دوای ماوەیەک هەرچییەکی ویستبوو پەیدای کرد، گەڕایەوە ماڵ و دەستی بە بەکارهێنانی دەرمانەکان کرد... بەڵام بۆی دەرکەوت، مێردەکەی و هەوێکەی هێشتا هەر یەکیان خۆشدەوێ و بگرە زیاتر خەریکی یەکدین،

ژنە دووچاری نیگەرانییەکی قورس بوو.



بەو نیازەی هەوڵ بدات دەرمانێکی دیکەی کاریگەر بدۆزێتەوە، دیسان لەماڵ دەرچووا... لەڕێگا چاوی بەپیرەژنێک کەوت و بڕوای پێکرد دەتوانێ یارمەتی بدات، پیرەژن نەختێک لێی وردبۆوە، ئەمجا ئامۆژگاریی کرد کە دەبێ کەمتیارێک بکوژێ، چونکە پیرەژن دەتوانێ لە مۆخی کەمتیار باشترین دەرمان بگرێتەوە!

ژنە گەڕایەوە ماڵ و بیری لەوە کردەوە چۆن بتوانێ ئەم کارە بەئەنجام بگەیێنێ و کەمتیارێک ڕاو بکات، لەپڕ بیرۆکەیەکی بۆ هات!

یەکەم جار هەندێ گۆشتی کڕی، کاتێ تاریک داهات گۆشتەکەی بردە ئەو جێیەی دەیزانی کەمتیار ڕووی تێدەکەن، بۆ بەیانی داهاتوو دیتی گۆشتەکە نەماوە و کەمتیارەکان خواردوویانە.

ژنە دیسانەوە چوو بۆ بازاڕ و بڕێکی زۆر گۆشتی دیکەی کڕی، وەهای دانا، کەمتیارەکان شوێنی پارچە گۆشتەکان دەکەون تا لە ئەنجامدا دەگەنە دوا پارچە گۆشت کە لە ماڵی ژنەکەدا دانراوە.

وەک ژنە پێشبینی کردبوو، کەمیتار پەیدا بوون. ئەوان ڕێ و ڕێ بەدوای پارچە گۆشتەکاندا هاتبوون، کاتێ یەکەمین کەمتیار خۆی بەماڵەکەدا کرد، ژنەکە خۆی بۆ ئامادە کردبوو بەپانگایەک کوشتی، ئەمجا مۆخەکەی لە کەللەی کەمتیارە کوژراوەکە دەرهێنا.

بۆ ڕۆژی داهاتوو چوو بۆلای پیرەژن تاکو مۆخەکەی بداتێ،

پیرەژن لێی پرسی:

«کچی شیرینم، ئەو شتەی داوام لێ کردی هێناوتە؟»

ژنە بەدڵێکی خۆشەوە هاتە وەڵام:

«بەڵێ دایکی بەڕێز! بەڵام بەڕاستی پێتبڵێم، دوای دەردیسەرییەکی زۆر ئەوجا پەیدام کرد!»

پیرەژن مۆخی کەمتیارەکەی لێ وەرگرت. قەدەرێک بێدەنگ بوو، ئەمجا وتی:

«من لەکاری تۆ سەرم سووڕماوە کچی شیرینم، ئەگەرچی کوشتنی کەمتیار لە خۆیدا کارێکی سەختە و لە دەست هەموو کەس نایەت، کەچی تۆ کوشتووتە، ئەو هەموو توانا و زیرەکییەی بۆ کوشتنی ئەو کەمتیارە خستووتەکار، دەکرا بۆ ئەوە بیخەیتە کار، مێردەکەتی پێ قایل بکەی بگەڕێتەوە بۆ لات، هەر ئێستا بچۆرەوە ماڵ بۆ لای مێردەکەت، میهرەبان و چاپوک بە، خواردنی باشی بۆ لێ بنێ، خۆت خاوێن و جوان ڕابگرە، بەرگی ئاڵ و واڵا بپۆشە. هەردەم هەوڵ بدە دڵخۆشی بکەیت، ئەگەر تۆ دوای ئەم ئامۆژگارییانە بکەوی، ئەوا ئەویش خۆشی دەوێیت و تا سەر لەگەڵ تۆدا ژیان بەسەر دەبات.

ژنە گەڕایەوە، پیرەژن چی وتبوو وەهای کرد، بەرە بەرە، جارێکی دی سەرنجی مێردەکەی بۆ لای خۆی ڕاکێشایەوە، تا وایلێهات لە کۆتاییدا لەژنی دووەمی جیابێتەوە. ئیدی لەگەڵ ئەمدا پێکەوە پیر و خەرۆ بوون و تاسەر ژیانێکی خۆشیان بەسەر برد.

*گێڕانەوەی:* *Marko Masalu*



## برابچووکی ئازا
## یان
## خزمە ئازاکە

هەبوو نەبوو چوارمنداڵی بێباوک و دایک هەبوون، ناویان نگالا، گوبی و مانگۆگۆ بوو، لەگەڵ خوشکەکەیان کە واندە-ی ناوبوو، پێکەوە لە گوندێکی بچووکدا گوزەرانیان دەکرد- لەو گوندەدا خەڵکێکی کەم دەژیا، چونکە ژمارەیەکی زۆر دێوی سیشینگ وە(Shishingwe) گەڕیان لێ ئاڵاندبوو... ئەم دێوانە پیاو خۆرەکانیشیان پێدەوتن!

منداڵەکان سەربەخۆ دەژیان و ڕەشەوڵاخێکی زۆریان هەبوو، بۆیە هەردەم شیشینگ وە- یەک لەو دەورە، بۆ خۆیان گاوگۆتاڵیان لە بۆسەدا بوو.

بەیانییان دوای دۆشینیان، سێ براکە گاگەلەکەیان بەرەو لەوەڕگەکان دەدایەوە پێش، خوشکەکەیان لە ماڵ دەمایەوە بۆ ئەوەی چێشتیان بۆ لێبنێ. ئەو لێ ڕاهاتبوو هەمیشە دوای ئەوەی براکانی ماڵیان جێدەهێشت، بۆ ژەمی شێوان دەستاڕی دەکرد و هەرزنی دەهاڕی، بەدەم دەستاڕکردن و هاڕینەوە گۆرانیشی دەچڕی:

«ئۆ! لێمگەڕی با دەستاڕ بۆ نگالاو گوبی و مانگۆگۆ بکەم هەرچی نگالایە لەماڵ نییە، گاوانە، دەرچووە گاگەلەکەی بلەوەڕێنێ شان بەشانی گوبی و مانگۆگۆ.

لێمگەڕێ با دەستارِ بۆ نگالا، گوبی و مانگۆگۆ بکەم!»

ڕۆژێکیان دوای ئەوەی گۆرانییەکەی وت، گوێی لە گرمەگرم و بۆرەبۆرێکی قایم بوو دەیوت:

واندە، واندە، گاووگۆتاڵەکە هێشتا لێرە ماون؟

واندە، واندە، گاووگۆتاڵەکە هێشتا لێرە ماون؟

خۆی بوو، یەکسەر شینگ وینگ وە لەوێ ئامادە بوو، واندەی بانگ کرد لێی پرسی، چی لێناوە، واندە وەڵامیدایەوە، فوولی سودانیی لێناوە.

«هەندێکم بەش بدە!»

واندە خێرا هەندێکی دا بەشینگ وینگ وە، ئەویش خواردی و ئەمجا وتی:

«زیاترم بەش بدە!»

واندە بەپەلە هەندێکی دیکەی بۆ برژاند، لەو دەمەدا کە خەریک بوو دەیخوارد، فەرمانی پێدا زیاتر بێتەپێشەوە، وتی:

«وەرە ئەم زامە هەوکردووەم بۆ پاک بکەرەوە!»

کچە ناچار بوو، زامەکەی بۆ خاوێن بکاتەوە، ئیدی دوای ئەوە دێوەکە ئەوناوەی چۆڵ کرد.

دوای نیوەڕۆیەکی درەنگ براکانی گەڕانەوە ماڵ... ئەمیش ئەوەی ڕوویدابوو بۆی گێڕانەوە.

«ئۆی، لەو دەمەدا کە ئێوە لێرە نەبوون دێوێکم لێ پەیدابوو، سەرەتا داوای فوولی سودانیی لێ کردم دوای ئەوەی خواردی داوای زیاتری کرد،

ئەمجا داوای لێ کردم زامە هەوکردووەکەی بۆ پاک بکەمەوە، منیش ناچاربووم بۆی بکەم!»



کاتێ براکان گوێیان لەم بەسەرهاتە بوو، زۆریان پێناخۆش بوو، چونکە بەشێوەیەکی خراپ و ناڕەوا مامەڵە لەگەڵ خوشکەکەیاندا کرابوو.

لەسەر ئەوە ڕێککەوتن لە مەودوا ڕۆژانە یەکێکیان لە ماڵ بمێنێتەوەو

ئاگای لە خوشکەکەیان بێ، تاکو لەمە زیاتر لە لایەن شینگ وینگ وە- وە دووچاری ئەشکەنجە و سووکایەتی پێکردن نەبێ.

یەکەمجار نگالای براگەورە لەماڵ مایەوە، ئیدی بۆ سبەی دوای دۆشینی مانگاکان، گوبی و مانگۆگۆ گاگەلەکەیان بۆ لەوەڕ برد، خوشکەکەشیان دەستی بەکار و فرمانی خۆی کرد، دوای ئەوەی هەرزنەکەی پاک کرد کچە بەدەم هاڕینییەوە تێیهەڵکردە گۆرانی:

«ئۆ! لێم گەڕێ با دەستارِ بۆ نگالاو گوبی و مانگۆگۆ بکەم!»

دوای گۆرانییەکە، گوێی لە گرمەگرمی دێوەکە بوو، بەدەم گۆرانی وتنەوە پەیدا بوو.

واندە، واندە، داخۆ هێشتا گاگەلەکە لێرەیە؟

واندە، واندە، داخۆ هێشتا گاگەلەکە لێرەیە؟

دێو بەردەوام بوو:

«واندە! ئەوە خەریکی چیت؟»

واندەش وەڵامیدایەوە: «فوولی سوودانی.»

نگالا وەهای بەباش زانی لەکونی دیوارەکەوە سەیری دێوەکە بکات، بەڵام هەیهوو!. خێرا بەوەی زانی کە لە عۆدەی نایەت، دەبێ وریا و لەسەر خۆ بێت و یەک وشەی لەدەم دەرنەیەت! بۆیە داوای لە خوشکەکەی کرد، دێوەکە هەرچییەکی ویست، بەپەلە و بەگوێرەی توانا بەقسەی بکات!

شینگ وینگ وە داوای فوولی سودانیی لەواندە کرد، خێرا لێی وەرگرت و خواردی، ئەمجا قیڕاندی: «زیاترم دەوێ!»

وانده زیاتری دایه ئەویش بەپارووپەک هەمووی خوارد.

«وانده، ئێستاش وەرە برینەکەم بۆ خاوێن بکەرەوە!»

دێوی چەتەوڵ داوای لێ کرد و واندەی بێچارەش بێئەوەی هیچ کاردانەوەیەکی پێچەوانەی هەبێ، بەقسەی کرد.

دوای ئەوەی هەموو داواکانی جێبەجێ کرد، دووبارە ئەو ناوەی چۆڵکردەوە.

دوای نیوەڕۆ، گوبی و مانگۆگۆ بەگاگەلەکەوە گەڕانەوە، سەبارەت بەدێوەکە پرسییان. نگالاش وتی:

«براکانم ئەو دێوە بەشێوەیەکی خەیاڵی زەبەلاح و ترسناکە. گوێبگرن با پێتان بڵێم، ئێوە هەرگیز پرکێشی ئەوە ناکەن بەچاوی خۆتان بیبینن!»

کاتێ گوبی و مانگۆگۆ گوێیان لە بەسەرهاتی وانده و نگالا بوو، براکەیان بەترسنۆک دایە قەڵەم، گوبی بەتووڕەییەوە وتی:

«دێوە زەبەلاحەکە واندەی تۆقاندووە، ناچاری کردووە برینە پیس و دڵ تێکدەرەکەی بۆ پاک بکاتەوە، کەچی تۆ یەک سانتیمەتر نەجووڵاوی تاکو یارمەتی بدەی!. باشتر وایە سبەی لەگەڵ مانگۆگۆدا بڕۆی من لێرە لەلای خوشکەکەمان دەمێنمەوە!»

سبەی، دوای دۆشینی مانگاکان، نگالاو مانگۆگۆ گاوگۆلیان دایە پێش و گوبی بەنیازی یارمەتی واندە لە ماڵ مایەوە، کچە دەستووری ڕۆژانی پێشوو بەدەم گۆرانییەوە دەستی بەهاڕینی هەرزن کرد:

«ئۆ! لێم گەڕێ با دەستاڕ بۆ نگالاو گوبی و مانگۆگۆ بکەم!»

هەر کە ئەم بێدەنگ بوو دێوەش بەگرمە گرم پەیدا بوو: هڕ ڕ ڕ ڕ ڕ ڕ ڕ ئەمجا تێیهەڵکردە گۆرانی:

«وانده، وانده... ئایا ڕەشەوڵاخەکان نەگەڕاونەتەوە؟»



«وانده، وانده... ئایا ڕەشەوڵاخەکان نەگەڕاونەتەوە؟»

دوای ئەوەی گوێی لە گرمە و بۆڵە و گۆرانیی دیوەکە بوو، گوبی دەیویست چاویشی پێیبکەوێ. بەڵام بەدیتنی، لە نگالا زیاتر زەندەقی لێی چوو. چپاندی:

«هیچ لەگەڵ ئەم دێوە زلحۆرتەدا ناکرێ!»

شینگ وینگ وە، وەک ڕۆژانی پێشووی کرد. لە واندەی پرسی خەریکی چییە، ئەمجا زۆری لێکرد فوولی سودانیی بەش بدات و بۆی ببرژێنێ.

گوبی وتی:

«دوای هەر چیت لێدەکات، بەپەلە بۆی جێبەجێ بکە، خوشکێ!»

ئەمجا شینگ وینگ وە داوای لێ کرد برینەکەی بۆ پاک بکاتەوە. کە داواکارییەکان جێبەجێ بوون، وەک جاران وازی هێناو لێیدا ڕۆیی.

دوای نیوەڕۆ نگالاو مانگۆگۆ بەگاگەلەکەیانەوە گەڕانەوە. خێرا پرسییان چی ڕوویداوە، گوبی بەبێ دوودڵی وتی:

«ئەو دێوە زلحۆرتە شتێک نییە کەس بتوانێ لە هەقێ بێ، هێجگار بەزەبر و زەنگ و کوشندەیە!»

مانگۆگۆ بەم قسانە زۆر پەست بوو، بەبراکانی وت:

«ئێوە ترسنۆکن و دەربەستی خوشکەکانتان نین! سبەی هەردووکتان لەگەڵ گاگەلەکە بچن و من لێرە دەمێنمەوە، بەڵکو ئەو دڵڕەقەی ڕێگرە ببینم!»

سبەی گوبی نگالا، دوای دۆشینی مانگاکان گاگەلیان دایە پێش و مانگۆگۆ لەلای خوشکەکەی مایەوە.

دوای ئەوەی واندە لە گۆرانییەکەی بووەوە، شینگ وینگ وە بەدەم نەڕە نەڕێکی زۆر بەهێزەوە پەیدابوو: هڕ ڕ ڕ ڕ ڕ ڕ... ئەمجا تێیهەڵکردە

گۆرانی «وانده، وانده، خەریکی چیت؟

وانده، وانده، خەریکی چیت؟»

ئەویش وەڵامیدایەوە: «فوولی سودانیی...»

دێوەکە داوای لێ کرد: «خێراکە هەندێکم بۆ بێنە!»

مانگۆگۆ نەڕاندی: «نەخێر شتی وانییە. بڕۆ واز بێنە!»

شینگ وینگ وە گرماندی: «دەبێ فوولی سودانیم بۆ ببرژێنی!»

مانگۆگۆ دووبارە نەڕاندی: «وتم بڕۆ واز بێنە!»

شینگ و ینگ وە گرماندی: « وەرە برینەکەم بۆ خاوێن بکەوە!»

مانگۆگۆ نەڕاندی: «مەچۆ بەلایەوە!»

وانده بەشینگ وینگ وەی وت: «نەخێر من زامی تۆ پاک ناکەمەوە!»

شینگ و ینگ وە پرسی: «ئەوە کێیە پێتدەڵێ بەقسەی مەکە؟»

مانگۆگۆ بەتووڕەبییەوە وەڵامیدایەوە: «ئەوە منم!»

شینگ وینگ وە پرسی: «تۆ کێی؟»

دەنگێک لە ماڵەکەدا زرنگایەوە: «مانگۆگۆ!»

دێوە زلحۆرتەکە هەڵیکێشایە وتی:

«تۆ ئەی مانگۆگۆ، گوایە نەتزانیوە. من مرۆڤ خۆرم؟ دەتوانم بەئاسانی بتکوژم و بەژەمێک بتخۆم! من ژمارەیەکی زۆر مرۆڤ، ڕەشە وڵاخ، بزن ، مەڕ و هەموو شتێکم خواردووە!»

مانگۆگۆ وەڵامیدایەوە:

«بەڵام کاری وەها لەگەڵ مندا ناکرێ!»

شینگ وینگ وە بەدەم هەڕەشە و گەفەوە وتی:

«کەواتە دەرکەوە بۆم، بابتبینم!»



مانگۆگۆ هاتە پێشەوە:

«ئەگەر تۆ پیاوێکی ئەوەندە بەهێزی، وەرە با ئێمە بەشەڕ بێین!.

لە ماوەی دوو ڕۆژدا خۆت ئامادە بکە!»

دێوەکە گرماندی:

«تۆ دەتوانی چی چەک و جبەخانەت هەیە لەگەڵ خۆتا بیانهێنی، بۆ ئەوەی فریای دوا جەنگت بکەوی!»

مانگۆگۆ وەڵامیدایەوە:

«ئەگەر تۆ جورئەتت تێدابێ ئەوا من ئامادەی بەرەنگاربوونەوەم!»

شینگ و ینگ وە بەتووڕەبییەوە ئەو ناوەی چۆڵ کرد.

دوای نیوەڕۆ براکانی گەڕانەوە، ئەوەی ڕوویدابوو مانگۆگۆ بۆی گێڕانەوە.

«ئێمە لە سەر ئەوە ڕێککەوتووین، دوو سبەی لە شەڕگەکە تامردن بجەنگین!»

ڕۆژی دیاری کراو، مانگۆگۆ داوای لە واندەی خوشکی کرد ئوگالییەکی زۆری بۆ لێ بنێ، تێری لێ خوارد و هەندێ لە هەریسەکەی کردە ناو سەفەر تاسییەکەوە و لەگەڵ خۆیدا بردی. هەروەها چەقۆ، گوزر، ڕم و تیروکەوانی هەڵگرت و بەرە و شەڕگەکە کشا و خۆی بۆ حەوت جۆرە هێرشی جیاواز ئامادە کرد.

شینگ و ینگ وە لە لە پڕێکدا پەیدابوو، دیتی وا مانگۆگۆ تەیار و ئامادەی جەنگە، نەڕاندی بەسەریا و داوای لێ کرد لە پێشدا ئەو دەست بەکاربێ.

مانگۆگۆ هیچ ماتڵ نەبوو، دەستی دایە کەوانەکەی و تیرێکی ئاوقەی پشتی دێوەکە کرد، شینگ و ینگ وە نەختێ لەرزی و بۆڵاندی:

«دڵنیام مێشی تسی تسی بوو پێوەی دام!»

مانگۆگۆ دوو تیری دیکەی هەواڵەی دێوەکە کرد، هەموو جارێک دێوە دەیوت، ئاگادارە کەمێشی تسی تسی پێوەی داوە!

«ئەمجا خۆت بگرە نۆرەی منە!»

شینگ و ینگ وە وەهای وت و بەردێکی تێگرت، ئەوەندە گەورەبوو هیندەی تاشە بەردێک! ئەو دیویست بەجارێک مانگۆگۆ هەپروون بەهەپروون بکات. بەڵام مانگۆگۆ بازی دایە لاوە و خۆی دانەواند، تاشە بەرد کەوتە زەوی و پەراش پەراش بوو، بێئەوەی بەر ئەم بکەوێ.

دێوەکە لە شاڵاو بردن بەردەوام بو، شەش بەردی هاویشت و ئیدی چەک و چۆڵی ئەو تەواو بوو، ئەگەرچی بەردەکانی دێو هەموو شەڕگەکەی بۆردومان کردبوو، بەڵام مانگۆگۆ هیچی بەرنەکەوت.

دوای ئەوەی شینگ وینگ وە لەبەردەفڕکێی خۆی بووەوە، بەمانگۆگۆی وت:

«ئۆها! تۆ شەڕکەرێکی زۆر ئازای! ئێستاش جەنگ کۆتایی هات و فەرموو بڕۆ!»

مانگۆگۆ هێشتا هەر تووڕە بوو، تیرێکی دیکەی هاویشت، بەڵام دێوەکە دیسانەوە ڕایگەیاند کە ئیدی جەنگ هاتە کۆتا و هاواری کرد:

«وەرە ئەمبەر بۆ لای من، تۆ بردتەوە!»

مانگۆگۆ چوو بۆ لای، دێوەکەش دەستی بەستایشی کوڕەکە کرد:

«تۆ پیاوێکی زۆر بەجەرگی، لەبەرئەوە مافی ئەوەت هەیە ئەم پەنجە تووتەیەم ببڕی!»

مانگۆگۆ پانگا تیژەکەی هەڵکێشاو پەنجەتووتەی دێوی بڕییەوە، فووووم!... بەلێشاو خەڵک، گاو گۆتاڵ، مەرو بزن و گەلێ شتی دیکە، کە



شینگ وینگ وە قووتی دابوون، لە پەنجەیەوە فڕکەیان کرد و هاتنەوە دەر.

دێوەکە مرد و ئێوە خۆش بن، لە هەمان کاتدا هەرچی خەڵک لەوێ بوون کەوتنە سەما و بەشان و باڵی مانگۆگۆدا هەڵیاندەدا، چونکە لەو دەعبا ترسناکە، لە شینگ وینگ وە ڕزگاری کردن.

لە کۆتاییدا گەورە و بچووکی گوندەکە ئاهەنگێکی گەورەیان سازدا. لەو ئاهەنگەدا. مانگۆگۆیان کرد بەپادشای خۆیان و ناویان نا (ندوگو جاباری – Ndugu Jabari) واتە خزمە ئازاکە.

*گێڕانەوەی: Daniel Yohana*

سەرچاوە:

Hadithi

Faber og eventyr Fra Tanzania

Samlet og redigeret af Birthe Kirknos

Folaget Per Kofod 1988 Danmark

ISBN 81- 89007-34-4



# پێرست

سەرەتایەک بۆ بیست و دوو ئەفسانە و حیکایەت ........ 5
پێشەکی ........ 8
بەسەرهاتی سابیتا و واندێما ........ 11
فیل و کەروێشک ........ 17
ژنێکی بەیچەڵ ........ 22
بۆچی شێر لە چەکدار دەترسێ؟ ........ 26
بەچاوی سووک مەڕوانە ئەو خەڵکە، لەبەرئەوەی جیاوازن ........ 29
گرنگ دراوسێی چاکە ........ 35
دیوانگۆڕ ........ 39
دۆوا یووپە ........ 47
پادشای دەوڵەمەند و پادشای هەژار ........ 55
شێر و ڕاوچی ........ 64
تیکا-ی هەمیشە گوێڕایەڵ ........ 68
کەروێشک و بیر ........ 79
تاقیکردنەوە ........ 84
کاتوپە ........ 88
هۆندۆ هۆندۆ ........ 93
قەفەزی فڕیو ........ 96
مامانینگا ........ 103
کانیی هەنگوین ........ 107
شاوری یاکۆ- باڤیانە پەیمانشکێنەکە ........ 111
سەرگورشتەیەکی دی سەبارەت سونگورا ........ 114
دەرمانی عیشق ........ 121
برا بچووکی ئازا، یان خزمە ئازاکە ........ 124